حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سۆران

فاکەڵتیی ئاداب

بەشی زمانی کوردی

# دیسلێکسیا لای قوتابیانی کورد

# (قوتابیانی زانکۆ وەکو نموونە)

تێزێکە

پێشکەشی ئەنجومەنی فاکەڵتیی ئاداب کراوە لە زانکۆی سۆران وەکو بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرای فەلسەفە لە زمانەوانیی دەروونیدا

لەلایەن

کاروان کاکەبرا کاکەمد

بەکالۆریۆس لە دەروونزانی- زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٩

ماستەر لە دەروونزانی-پرۆگرام و ڕێگاکانی وانەگوتنەوە-SIUC ئەمەریکا، ٢٠١٣

بە سەرپەرشتی:

پ. ی. د. دلێر صادق کانبی

٢٠٢٠ز

## بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم ئەم تێزی دکتۆرایە کە ناونیشانەکەی بریتییە لە (دیسلێکسیا لای قوتابیانی کورد (قوتابیانی زانکۆ وەکو نموونە) توێژینەوەیەکی مەیدانییە لای قوتابیانی دیسلێکسی زانکۆکانی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠). هەمووی کاری ڕەسەنی تاکەکەسی خۆمە، جگە لەو جێگایانەی کە بەئاشکرا ئاماژەم پێکردوون، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە بۆ ئەوەی بڕوانامەی پێوەربگرم. بەڵێن دەدەم لەهەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بەسەرچاوەکەی کردووە.

کاروان کاکەبرا کاکەمد

ڕێکەوت / / ٢٠٢٠

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم تێزە بەچاودێری من لە بەشی زمانی کوردی فاکەڵتیی ئاداب لە زانکۆی سۆران ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە زمانەوانیی دەروونیدا.

سەرپەرشتیار

پ. ی. د. دلێر صادق کانبی

٢٠٢٠/ /

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێکراون، هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار، ئەم تێزە دەنێرم بۆ گفتوگۆ.

## بڕیاری سەرۆک بەش

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێکراون، بۆیە ڕازیم کە ئەم تێزە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ.

پ. ی. د. سیروان جبار امین زەند

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

٢٠٢٠/ /

م.ی. سعید قادر فقێ ابراهیم

بەرپرسی خوێندنی باڵای فاکەلتیی

٢٠٢٠/ /

## بڕیاری لیژنەی تاووتوێکردن

ئێمە ئەندامانی لیژنەی تاووتوێ و هەڵسەنگاندن، ئەم تێزەمان بە ناونیشانی (دیسلێکسیا لای قوتابیانی کورد (قوتابیانی زانکۆ وەکو نموونە) بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) خوێندەوە و لەگەڵ قوتابییەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی توێژینەوەکە کرد و بڕیارماندا کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (          ) بڕوانامەی دکتۆرای لە زمانەوانیی دەروونیدا پێبدرێت.

پ. د. قیس کاکل تۆفیق
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت / / ٢٠٢٠

پ. ی. د. بێستون حسن احمد
ئەندام
ڕێکەوت / / ٢٠٢٠

پ. ی. د. ئاڤێستا کەمال مەحموود
ئەندام
ڕێکەوت / / ٢٠٢٠

پ. ی. د. شێرزاد سعید صدیق
ئەندام
ڕێکەوت / / ٢٠٢٠

پ. ی. د. ئاراز حکیم ڕەزا
ئەندام
ڕێکەوت / / ٢٠٢٠

پ. ی. د. دلێر صادق کانبی
ئەندام و سەرپەرشت
ڕێکەوت / / ٢٠٢٠

لەلایەن ئەنجومەنی فاکەڵتیی ئاداب پەسند کرا.

د. کارمەند عبدالله حمد
ڕاگری فاکەڵتیی ئاداب
ڕێکەوت / / ٢٠٢٠

# پێشکەشە

ئەم هەوڵە زانستییە پێشکەشە بە:

- دایک و باوک و براکانم و خوشکەکەم.
- هاوسەرەکەم (سابات) و کچەکەم (کارین) و هەردوو کوڕەکەم (کارا و کاڤان)
- سەرپەرشتیاری توێژینەوەکە و سەرجەم مامۆستا و فێرخوازەکانم.
- بە هەموو ئەو کەسانەی کە گرفتی زمانیان هەیە.

# سوپاس و پێزانین


نووسینی ئەم تێزە بەشێک بوو لە گەشتێکی سەرنج ڕاکێش و پڕ لە ئاڵنگاری. گرنگە ڕۆڵی ئەو کەسانەمان بیر نەچێت کە لەم گەشتەدا هاوکار و یارمەتیدەرمان بوون، کە بەبێ یارمەتی ئەوان نووسینی ئەم تێزە مەحاڵ دەبوو.

سەرەتا سوپاسی خوای گەورە دەکەم کە تەمەنی پێ بەخشیم بۆ تەواوکردنی دکتۆراکەم لە زمانەوانیی دەروونیدا. هەروەها سوپاسی دایک و باوکم دەکەم کە منیان گەیاند بەم ڕۆژە، سوپاسی هاوسەرەکەم دەکەم کە لە ماوەی نووسینی تێزەکەم یارمەتیدەر و هاوکارم بووە. بە پێویستی دەزانم سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانەش بکەم کە لە پڕۆسەی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە یارمەتییان دام بە تایبەتی:-

- زۆر سوپاسگوزارم کە بەڕێز (پ.ی.د. دلێر صادق کانبی)ئەركی سەرپەرشتیکردنی توێژینەوەکەمی لە ئەستۆگرت بە کۆمەڵێک زانیاری و تێبینی بەبەها بۆ دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکەم یارمەتیدام.
- سوپاسی تایبەتیم بۆ بەڕێز (پ.د. قیس کاكل تۆفیق) کە بەردەوام هەوڵیدەدا کە پسپۆڕییەکی هاوبەش لە نێوان بەشی کوردی و دەروونزانیدا دروست بکرێت، هەروەها زۆر سوپاسی دەکەم کە ئەم کورسییەی دکتۆرای پێشنیاز کرد و دەرفەتم هەبوو لەم بوارەدا درێژە بە خوێندنی دکتۆرا بدەم.
- زۆر سوپاسی بەڕێز (پ.ی.د. شێرزاد سعید صدیق) دەکەم بۆ سەرنج و تێبینیەکانی لە کاتی نووسینی ئەم تێزە.
- سوپاسی تایبەتیم بۆ سەرۆکایەتی و لیژنەی زانستیی بەشی کوردی لە بەرانبەر پێدانی ئەم دەرفەتە بۆ خوێندنی دکتۆرا.
- سوپاسی تایبەتیم بۆ سەرۆکی بەشی دەروونزانی پێشوو بەڕێز (م. کامران مجید علی)، کە بەردەوام پاڵپشتمبووە لە کاتی خوێندنەکەمدا.

- سوپاسی بێ پایانم بۆ سەرجەم ئەو دکتۆرە بەڕێزانەی کە وەکو شارەزا و پسپۆڕ لە هەڵسەنگاندنی پرسیارەکانی توێژینەوەکە یارمەتیدەربوون، تێبینییەکانیان تێزەکەی دەوڵەمەند تر کردوە
- زۆر سوپاسی (پ.ی.د ئاراز حکیم، د. سعید بیبانی و م. زانا حسن) دەکەم بۆ تێبینییە ئامارییەکانیان.
- زۆر سوپاسی (م. هاوکار عمر و م. فاروق عزیز ) دەکەم بۆ سەرنج و تێبینییەکان و هەڵ چنینەکانیان.
- زۆر سوپاسی ئەو قوتابییە بەڕێزانە دەکەم کە کاتی خۆیان بەخشی بە پڕکردنەوەی پرسیارنامەی ئەم تێزە.

# پوختە

ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتیبوو لە زانینی ئاستی دیسلێکسیا بەپێی بواری (تێگەیشتن، خوێندنەوە، نووسین، قسەکردن و زانینی)، هەروەها زانینی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی ڕەگەز، شێوازی نووسین، زەبری مێشک لە سەر ئاستی بوارەکانی (تێگەیشتن، خوێندنەوە، نووسین، قسەکردن و زانینیی)ی دیسلێکسیا و دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان بوارەکانی دیسلێکسیا. لە دوای جێبەجێکردنی هەنگاوە زانستییەکانی پرسیارنامە، کە بریتین لە ڕاستگۆیی ڕواڵەتی، گەڕانی شیکاری هۆکارەکان، جێگریی یەکگرتوویی ناوەکی و جێگری بە ڕێگای پێوانەکردنەوە، پرسیارنامەیەکی (٨٠) بڕگەیی پێنج بواری بونیادنرا. بۆ نموونەی توێژینەوەکە (٤١٤) قوتابی دیسلێکسی زانکۆ بە ڕێگای ناهەڕەمەکیی مەبەستدار هەڵبژێردران. لە دوای بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییەکان دەرکەوت، کە ئاستی هەر پێنج بوارەکەی دیسلێکسیا لەلای نموونەی توێژینەوەکە زۆر بەرزە. لە هەمان کاتدا لەم توێژینەوەیەدا ئەوە دەرکەوت، کە ڕەگەزی نێر زیاتر لە ڕەگەزی مێ دەکەوێتە ژێر کاریگەریی دیسلێکسیاوە، هەروەها ئەو کەسانەی زەبر بەرمێشکیان و بەتایبەتتر زەبر بەر لای چەپی مێشکیان کەوتووە زیاتر دووچاری دیسلێکسیا دەبنەوە بە بەراورد لەگەڵ ئەو کەسانەی کە هیچ زەبرێک بەر مێشکیان نەکەوتووە، لەلایەکی ترەوە شێوازی نووسینی ڕاستە و چەپلەر کاریگەریی لەسەر دووچاربوونی تاک بە دیسلێکسیا نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیان دەرخست کە پەیوەندییەکی ئەرێنی لە نێوان بوارەکانی دیسلێکسیادا هەیە. لە کۆتاییدا توێژەر چەند ڕاسپاردە و پێشنیازێکی بۆ لایەنی پەیوەندیدار و توێژەران خستەڕوو.

## لیستی زاراوەکان

| English | کوردی |
|---|---|
| Phonological Awareness | ئاگایی فۆنۆلۆژی |
| Automatic | ئۆتۆماتیکی |
| Estrogen | ئیسترۆجین |
| Apraxia | ئەپراکسیا |
| Agraphia | ئەگرافیا |
| Aphasia | ئەفازیا |
| Motor Aphasia | ئەفازیای داینەمۆیی |
| Broca's aphasia | ئەفازیای برۆکا |
| Wernicke's aphasia | ئەفازیای ڤێرنیکا |
| Global aphasia | ئەفازیای گشتگیر |
| Sensory Aphasia | ئەفازیای هەستی |
| Alphabet | ئەلفوبێ |
| Allophone | ئەلوفۆن |
| Alexia | ئەلێکسیا |
| Organism | ئەندامی |
| Broca | برۆکا |
| Inherit | بۆماوە |
| Encoding | بەکۆدکردن |
| orthographic coding | بەکۆدکردنی ڕێنووسی |

| | |
|---|---|
| Significant | بەڵگەدار |
| Connection | پەیوەندییکردن |
| Vision | پرۆسەی بینین |
| Auditory | پرۆسەی بیستن |
| Parvocellular | پارڤۆسێلیەر |
| Multi-Sensory Program | پرۆگرامی فرەهەستەوەری |
| Perisylvian | پێرەسلڤیان |
| Psychometric | پێوانەکردنی دەروونی |
| Leaning Disability | پەککەوتنی فێربوون |
| Specific Learning Disability | پەککەوتنی فێربوونی دیاریکراو |
| intelligence quotient | تاقیکردنەوەی زیرەکی |
| Subcortical | توێکڵی مێشک |
| Reliability | جێگری |
| Internal Reliability | جێگریی یەکگرتوویی ناوەکی |
| Test-Re Test Reliability | جێگیریی پێوانەکردنەوە |
| Basal Ganglia | خانە دەمارییەکان |
| Reading Aloud | خوێندنەوە بەدەنگی بەرز |
| Left Handed | چەپان |
| Perception | درککردن |
| Visual perception | دککردنی بینینی |
| Dyspraxia | دیسپەراکسیا |

| | |
|---|---|
| Dyslexia | دیسلێکسیا |
| Dysphasia | دیسفازیا |
| Surface Dyslexia | دیسلێکسیا ڕوکەش |
| Visual Dyslexia | دیسلێکسیای بینین |
| Mixed Dyslexia | دیسلێکسیای تێکەڵ |
| Phonological Dyslexia | دیسلێکسیای فۆنۆلۆژی |
| Deep Dyslexia | دیسلێکسیای قووڵ |
| Developmental Dyslexia | دیسلێکسیای گەشەسەندوو |
| Acquired Dyslexia | دیسلێکسیای وەرگیراو |
| Articulation | دەربڕین |
| Right handed | ڕاستان |
| Validity | ڕاستگۆیی |
| Face Validity | ڕاستگۆیی ڕواڵەتی |
| Behavior | ڕەفتار |
| Articulation Accuracy | ڕەوانی دەربڕین |
| Immune System | سیستەمی بەرگریکردن |
| auditory system | سیستەمی بیستن |
| Vision System | سیستەمی بینین |
| nervous system | سیستەمی دەماری |
| Semantic System | سیستەمی سیمانتیکی |
| Phonological System | سیستەمی فۆنۆلۆژی |

| | |
|---|---|
| Attention | سەرنجدان |
| Syndrome | سیندرۆم |
| Disconnection syndrome | سیندرۆمی پەیوەندی پچڕان |
| Disorder | شڵەژان |
| Hearing Disorder | شڵەژانی بیستن |
| Vision Disorder | شڵەژانی بینین |
| Auditory Hearing Disorder | شڵەژانی پرۆسەی بیستن |
| Motor Disorder | شڵەژانی داینەمۆیی |
| Language Disorder | شڵەژانی زمان |
| Phonological Disorder | شڵەژانی فۆنۆلۆژی |
| Learning Disorder | شڵەژانی فێربوون |
| Script | شێوەی نووسین |
| Multi-Sensory | فرەهەستەوەری |
| Frequency | فریکوێنسی |
| Mental Lexicon | فەرهەنگی زەینی |
| Phoneme | فۆنیم |
| Wernicke | ڤێرنیکا |
| Skill | کارامەیی |
| Character | کارەکتەر |
| Chromosome | کرۆمۆسۆم |
| Word blindness | کوێری وشەکان |

| | |
|---|---|
| Storage | کۆگاکردن |
| Logic Problem | کێشەی لۆجیکی |
| Graphonomics | گرافۆنۆمیک |
| Holism | گشتگەراکان |
| Retrieval | گەڕاندنەوە |
| Frontal lobe | ناوچەوانە پل |
| Irregular | لەیاسا بەدەرەکان |
| semantic dementia | لەناوچوونی یادگای سیمانتیکی |
| Magno | ماگنۆ |
| Magnocellular | ماگنۆسیێلیەر |
| Cerebellum | مێشکۆڵە |
| Localism | جێکەوتەگەرا |
| Non-dominant | ناوچەی بەزیوو |
| Non-Word | ناوشە |
| Rapid automatized naming | ناوهێنانی ئۆتۆماتیکی خێرا |
| Abnormal | نائاسایی |
| Snow-Ball Sampling | نموونەی تۆپەڵە بەفر |
| Non-Random Purposive Sampling | نموونەی ناهەڕەمەکیی مەبەستدار |
| Agraphia | نەبوونی توانای نووسین |
| Grapheme Mapping | نەخشەی گرافیم |
| Parallel | تەریب |

| | |
|---|---|
| Balance | هاوسەنگی |
| Cognation | زانین |
| Biological factors | هۆکارە بایۆلۆژییەکان |
| Brain Trauma | هێدمەی مێشک |
| Sensation | هەستکردن |
| Function Words | وشە ئەرکیەکان |
| Working Memory | یادگای کارکەر |
| Long Term Memory | یادگای کورتخایەن |
| Short Term Memory | یادگای درێژخایەن |
| Regular | یاسابەند |

## لیستی هێماکان

| لێکدانەوە | هێما |
|---|---|
| کۆمەڵەی سایکایەتری ئەمەریکی | APA |
| فرەجووڵەیی و کەم ئاگایی | ADHD |
| کا$^{٢}$ | $X^2$ |
| ژمارەی ئازاد | DF |
| ئاستی گوزارشت | Sig |
| هاوکۆلکەی پەیوەستی پێرسۆن | *r* |
| بەهای بەڵگەداری | P |
| تاقیکردنەوەی تائی | T. Test |
| شیکاری جیاوازییەکان | ANOVA |
| بێتا | β |

## پێرستی بابەتەکان

**١ .بەشی یەکەم: پێشەکی/ سەرەتا........................................................................1**

١.١ سەرەتا........................................................................................................1

٢.١ کێشەی توێژینەوە...........................................................................................1

٣.١ گرنگی توێژینەوە...........................................................................................5

٤.١ ئامانجەکانی توێژینەوە....................................................................................6

٥.١ سنووری توێژینەوە........................................................................................6

٦.١ پێشبینییەکان و کەموکورتییەکان.........................................................................7

١.٦.١ پێشبینییەکانی توێژینەوە...............................................................................7

٢.٦.١ کەموکورتییەکان........................................................................................7

**٢. بەشی دووەم: زانیارییە بەراییەکان لەسەر دیسلێکسیا ...........................................9**

١.٢ پێشەکی.......................................................................................................9

٢.٢ پێناسەی دیسلێکسیا.........................................................................................9

٣.٢ تێڕوانینە مێژووییەکان دەربارەی دیسلێکسیا......................................................16

١.٣.٢ بەر لە ساڵی ١٩٠٠ز....................................................................................17

٢.٣.٢ لە ساڵانی١٩٠٠ز هەتا ١٩٥٠ز..........................................................................22

٣.٣.٢ لە ساڵانی ١٩٥٠ز بۆ سەرەوە..........................................................................24

٤.٢ تیۆرەکانی دیسلێکسیا.....................................................................................27

١.٤.٢ تیۆری کەموکوڕیی بینایی.............................................................................27

٢.٤.٢ تیۆری کەموکوڕیی بیستن........................................29

٣.٤.٢ تیۆری کەموکوڕیی فۆنۆلۆژی........................................32

٤.٤.٢ تیۆری کەموکوڕیی ئەلۆفۆنی........................................35

٥.٤.٢ تیۆری کەموکوڕیی ماگنۆسێلیەر........................................36

٦.٤.٢ تیۆری کەم وکوڕیی مێشکۆڵە........................................38

٧.٤.٢ تیۆری کەموکوڕیی سەرنجدان........................................40

٥.٢ بنەماکانی دەستنیشانکردنی دیسلێکسیا........................................41

١.٥.٢ بنەمای جینی و بایۆلۆژی دیسلێکسیا........................................42

٢.٥.٢ بنەمای زانینی دیسلێکسیا........................................46

٣.٥.٢ بنەمای ژینگەی دیسلێکسیا........................................49

٦.٢ جۆرەکانی دیسلێکسیا........................................51

١.٦.٢ دیسلێکسیای فۆنۆلۆژییانە........................................52

٢.٦.٢ دیسلێکسیای ڕووکەش........................................56

٣.٦.٢ دیسلێکسیای بینین........................................58

٤.٦.٢ دیسلێکسیای قووڵ........................................60

٥.٦.٢ دیسلێکسیا تێکەڵ........................................62

٧.٢ نیشانەکانی دیسلێکسیا لای قوتابیانی کۆلێژ........................................64

١.٧.٢ گرفتی خوێندنەوە........................................64

٢.٧.٢ گرفتی نووسین........................................64

٣.٧.٢ گرفتی قسەکردن......................................................................................... 65

٤.٧.٢ گرفتی تێگەیشتن........................................................................................... 65

٥.٧.٢ گرفتی زانینی................................................................................................. 66

٨.٢ ڕۆڵی جیاوازیی ڕەگەزی لە دیسلێکسیادا.................................................................... 66

٩.٢ دیسلێکسیا و تاقیکردنەوەی زیرەکی.......................................................................... 69

١٠.٢ پەیوەندی دیسلێکسیا بە شێوانە زمانییەکانی تر............................................................ 72

١.١٠.٢ دیسلێکسیا و دیسپراکسیا.................................................................................. 72

٢.١٠.٢ دیسلێکسیا و ئەلێکسیا...................................................................................... 74

٣.١٠.٢ دیسلێکسیا و فرەجووڵەیی و کەم ئاگایی (ADHD)...................................................... 75

٤.١٠.٢ دیسلێکسیا و ئەفازیا......................................................................................... 78

١.٤.١٠.٢ ئەفازیایی جیهانی.......................................................................................... 80

٢.٤.١٠.٢ ئەفازیای بڕۆکا............................................................................................. 80

٣.٤.١٠.٢ ئەفازیای ڤێرنیکا........................................................................................... 81

٥.١٠.٢ دیسلێکسیا و گەشەنەسەندنی تایبەتی زمان............................................................... 82

١١.٢ یاساکانی تایبەت بە دیسلێکسیا لە وڵاتانی جیهان.......................................................... 85

١٢.٢ زاڵبوون بەسەر دیسلێکسیادا................................................................................... 89

١.١٢.٢ پڕۆگرامی بارتۆن............................................................................................ 90

٢.١٢.٢ سیستەمی خوێندنەوەی ویڵسۆن........................................................................... 91

٣.١٢.٢ پڕۆگرامی دەیڤس............................................................................................ 92

٤.١٢.٢ هەندێک ڕێگایتر بۆ زاڵبوون بەسەر دیسلێکسیادا........................................94

٥.١٢.٢ چەند ڕێنماییەکی خودی بۆ دیسلێکس.......................................................96

١٣.٢ توێژینەوەکانی پێشوو سەبارەت بە دیسلکێسیا لە زمانی کوردیدا....................98

**٣. بەشی سێیەم.........................................................................................100**

١.٣ دیزانی توێژینەوە.................................................................................100

٢.٣ بونیادنانی پرسیارنامەی دیسلێکسیا..........................................................100

١.٢.٣ ئامانجی یەکەم.................................................................................100

٣.٣ ڕاستگۆیی..........................................................................................103

٤.٣ کۆمەڵگای توێژینەوەکە...........................................................................111

٥.٣ نموونەی توێژینەوە...............................................................................112

٦.٣ گەڕانی شیکاری هۆکارەکان.....................................................................114

٧.٣ جێگیری بەڕێگای یەکگرتوویی ناوەکی.........................................................119

٨.٣ جێگیری پێوانەکردنەوە............................................................................122

٩.٣ جێبەجێکردنی توێژینەوە..........................................................................126

١٠.٣ ئامرازە ئامارییەکان...............................................................................129

**٤. بەشی چوارەم: خستنەڕووی ئەنجام و گفتوگۆکردن.........................................131**

١.٤ ئامانجی دووەم......................................................................................131

٢.٤ ئامانجی سێیەم.................... 139
٣.٤ ئامانجی چوارەم.................... 143
٤.٤ ئامانجی پێنجەم.................... 147
٥.٤ ئامانجی شەشەم.................... 158
٦.٤ ئامانجی حەوتەم.................... 162
٧.٤ ئەنجامەکان.................... 173
٨.٤ ڕاسپاردەکان.................... 175
٩.٤ پێشنیازەکان.................... 176
سەرچاوەکان.................... 177
پاشکۆکان.................... 211
پاشکۆی (١)فۆڕمی شارەزایان.................... 211
پاشکۆی (٢)شارەزایان.................... 217
پاشکۆی (٣)پرسیارنامەی کۆمەڵەی دیسلێکسیای نێودەوڵەتی.................... 218
پاشکۆی (٤)ڕەزامەندی بەشداربوون.................... 219
پاشکۆی (٥)پرسیارنامەی کۆتایی.................... 220
ملخص البحث.................... 227
Abstract.................... 228

## پێرستی شێوە، وێنە و خشتەکان

شێوەی(١) پەیوەندی لە نێوان دیسلێکسیا و گەشەنەسەندنی تایبەتی زمان..............85

وێنەی (١) بەشەکانی مێشک...............................................................................39

وێنەی (٢) ناوچەی برۆکا و ناوچەی ڤێرنیکا............................................................82

خشتەی (١)بوارەکانی دیسلێکسیا و ژمارەی برگەکان.............................................103

خشتەی (٢)دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بە ڕێژەی سەدی و بەهای ( Chi-Squared)
بۆ سەرجەم برگەکانی بواری تێگەیشتنی دیسلێکسیا..............................................105

خشتەی (٣)دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بە ڕێژەی سەدی و بەهای ( Chi-Squared)
بۆ سەرجەم برگەکانی بواری خوێندنەوەی دیسلێکسیا.............................................106

خشتەی (٤)دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بە ڕێژەی سەدی و بەهای ( Chi-Squared)
بۆ سەرجەم برگەکانی بواری نووسین...................................................................108

خشتەی (٥)دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بە ڕێژەی سەدی و بەهای ( Chi-Squared)
بۆ سەرجەم برگەکانی بواری قسەکردن..................................................................109

خشتەی (٦)دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بە ڕێژەی سەدی و بەهای ( Chi-Squared)
بۆ سەرجەم برگەکانی بواری زانینی......................................................................110

خشتەی (٧) بوار و ژماری برگەکانی پێوەرەکە لە دوای بەکارهێنانی ($X^2$)............111

خشتەی (٨) گونجاوی نموونەکە بۆ شیتەڵکاری فاکتەرەکان.......................................115

خشتەی (٩)گەڕانی شیکاری هۆکارەکان................................................................115

خشتەی (١٠) بوار و ژماری برگەکان لە دوای گەڕانی شیتەڵکاری پێکهاتەکان.........119

خشتەی (١١)دەرهێنانی بەهای جێگیری یەکگرتوویی ناوەکی بواری تێگەیشتن.......120

خشتەی (١٢)دەرهێنانی بەهای جێگیری یەکگرتوویی ناوەکی بواری خوێندنەوە......121

خشتەی (١٣)دەرهێنانی بەهای جێگیری یەکگرتوویی ناوەکی بواری نووسین..........121

خشتەی (١٤)دەرهێنانی بەهای جێگیری یەکگرتوویی ناوەکی بواری قسەکردن........121

خشتەی (١٥)دەرهێنانی بەهای جێگیری یەکگرتوویی ناوەکی بواری زانینی.............122

خشتەی (١٦)دەرهێنانی بەهای جێگیری پێوانەکردنەوە بۆ بواری تێگەیشتن.............124

خشتەی (١٧)دەرهێنانی بەهای جێگیری پێوانەکردنەوە بۆ بواری خوێندنەوە...........124

خشتەی (١٨)دەرهێنانی بەهای جێگیری پێوانەکردنەوە بۆ بواری نووسین...............125

خشتەی (١٩)دەرهێنانی بەهای جێگیری پێوانەکردنەوە بۆ بواری قسەکردن.............125

خشتەی (٢٠)دەرهێنانی بەهای جێگیری پێوانەکردنەوە بۆ بواری زانینی..................126

خشتەی(٢١) گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان، ڕەگەز، شێوازی نووسین و زەبری مێشک....127

خشتەی (٢٢) ناوی زانکۆ و ژماری بەشداربووان........................................................128

خشتەی (٢٣) زانینی ئاستی بواری تێگەیشتن.............................................................133

خشتەی (٢٤) زانینی ئاستی بواری خوێندنەوە...........................................................134

خشتەی (٢٥) زانینی ئاستی بواری نووسین................................................................136

خشتەی (٢٦) زانینی ئاستی بواری قسەکردن............................................................137

خشتەی (٢٧) زانینی ئاستی بواری زانینی.................................................................138

خشتەی (٢٨) زانینی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی ڕەگەزی نێر و مێ لەسەر بوارەکانی (تێگەیشتن، خوێندنەوە، نووسین، قسەکردن و زانینی) دیسلێکسیا...........143

خشتەی (٢٩) زانینی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی شێوازی نووسین لە سەر ئاستی بوارەکانی (تێگەیشتن، خوێندنەوە، نووسین، قسەکردن و زانینی) دیسلێکسیا..........146

خشتەی (٣٠) زانینی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی زەبری مێشک لە سەر ئاستی بوارەکانی (تێگەیشتن، خوێندنەوە، نووسین، قسەکردن و زانینی) دیسلێکسیا...........155

خشتەی (٣١) زانینی پەیوەندی لە نێوان بوارەکانی دیسلێکسیا.................................161

خشتەی (٣٢) Regression لە نێوان ڕەگەز و بواری تێگەیشتن............................163

خشتەی (٣٣) Regression لە نێوان ڕەگەز و بواری خوێندنەوە.........................163

خشتەی (٣٤) Regression لە نێوان ڕەگەز و بواری نووسین.............................164

خشتەی (٣٥) Regression لە نێوان ڕەگەز و بواری قسەکردن..........................165

خشتەی (٣٦) Regression لە نێوان ڕەگەز و بواری زانینی................................165

خشتەی (٣٧) Regression لە نێوان شێوازی نووسین و بواری تێگەیشتن.........166

خشتەی (٣٨) Regression لە نێوان شێوازی نووسین و بواری خوێندنەوە........167

خشتەی (٣٩) Regression لە نێوان شێوازی نووسین و بواری نووسین...........167

خشتەی (٤٠) Regression لە نێوان شێوازی نووسین و بواری قسەکردن.........168

خشتەی (٤١) Regression لە نێوان شێوازی نووسین و بواری زانینی...............169

خشتەی (٤٢) Regression لە نێوان زەبری مێشک و بواری تێگەیشتن...............169

خشتەی (٤٣) Regression لە نێوان زەبری مێشک و بواری خوێندنەوە.............170

خشتەی (٤٤) Regression لە نێوان زەبری مێشک و بواری نووسین................171

خشتەی (٤٥) Regression لە نێوان زەبری مێشک و بواری قسەکردن..............172

خشتەی (٤٦) Regression لە نێوان زەبری مێشک و بواری زانینی..................172

## ١. بەشی یەکەم: پێشەکی

### ١.١ سەرەتا

خوێندنەوە وەک پرۆسەیەکی عەقڵی و میکانیکی بە یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی وەرگرتنی زانیاری دادەنرێت. هاوتا لەگەڵ نووسیندا زۆرترین ڕێژەی بەشدارییان لە وەرگرتنی زانست و زانیاریدا هەیە و کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ژیانی تاک و کۆمەڵگە هەیە. هەروەها خوێندنەوە و نووسین بە دوو هۆکاری گرنگ دادەنرێن بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە و بەردەوامی گواستنەوەی زانست و زانیاری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، بەو واتایە کارامەییەکانی خوێندنەوە و نووسین دوو پێداویستیی گرنگن لە ژیانی تاکدا بە جۆرێک گرنگییەکەیان لە سەرەتای تەمەنی مرۆڤەوە تا کۆتایی ژیان بەردەوامی هەیە.

دووچاربوونی قوتابیان بە هەر ئاستەنگێک لە ئاستەنگەکانی خوێندنەوە یان هەر کێشەیەکی پەیوەندیدار بە خوێندنەوە و نووسین، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئاستی کۆزانیاری لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن و ئاینده و داهاتووی قوتابییەکان دەبێت، لەوانەش دووچاربوونی قوتابیان بە دیسلێکسیا لە زۆر لایەنەوە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر قوتابیان و ژیانی ئەکادیمییان هەیە، بۆ نموونە هەندێکجار ئەو قوتابیانەی دیسلێکسن لە خوێندن دوادەکەن، یاخود نمرەکانیان بە بەراورد لەگەڵ قوتابیانی تر نزمتر دەبێت، یان هەندێکجار لەناو قوتابیاندا هەست بە کەمی دەکەن، یا دەرناچن و واز لە خوێندن دەهێنن.

### ٢.١ کێشەی توێژینەوە

لە سەرجەم وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان و تەنانەت لە هەندێک وڵاتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش منداڵان، کە دەگەنە پۆلی دووەمی سەرەتایی، واتە تەمەنی

حەوت بۆ هەشت ساڵی هەڵسەنگاندنی زمانییان بۆ دەکرێت بۆ ئەوەی دەستنیشانی کێشە و گرفتە زمانییەکانیان بۆ بکرێت. ئەمەش بۆ ئەوەیە لە کاتی بوونی هەر گرفتێکی زمانی لە تەمەنێکی زوودا بتوانرێت یارمەتییان بدرێت و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە، چونکە ڕێگری لەبەردەم ژیانی ئەکادیمی و خوێندن و تەنانەت ژیانی ڕۆژانەشیاندا دروستدەکات.

لەلایەکی ترەوە لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی خاوەنی سیستەمێکی پەروەردە و فێرکردنی ناتەواو و لاوازن، گرنگییان بەو لایەنە گرنگ و هەستیارە نەداوە کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەکانی کۆمەڵ و ئایندەی کۆمەڵگاوە هەیە، لەوانەش هەرێمی کوردستان، هیچ جۆرە ئاماژەیەکی بایەخدان بەم بوارە نابینرێت، تا ئێستا وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە کردەوە میکانیزمی ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتە زمانیەکانیان جێبەجێ نەکردوە. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی زۆرێک لە قوتابیەکان لە ئەنجامی بوونی کەموکوڕیی زمانی هەر لە تەمەنی منداڵییەوە بەهۆی شکاندنەوە و قسە پێگوتنیان و بەراوردکردنیان بە منداڵانی دیکە، هەست بە کەمی بکەن و بەرانبەر بە قوتابخانە ڕق ئەستوور بن و لێی دووربکەونەوە، ئەمەش لە ئەنجامدا هەندێکجار بە وازهێنان لە خوێندن کۆتایی پێدێت. لە لایەکی ترەوە چەندین دەستەواژەی نەشیاوی وەک (تەمەڵ، گێل، گێژ، ئاست نزم) لە لایەن مامۆستا و دایک و باوک و ئەندامانی خێزان بۆ منداڵانی دووچاربوو بە دیسلێکسیا و گرفتە زمانییەکانی تر بەکاردەهێنرێن، لە زۆربەی کاتەکاندا ئەو منداڵانە بە دەبەنگ و دواکەوتوو و بێتوانا ناودەبرێن، لە جیاتی چارەسەرکردنی گرفتەکەیان پشتگوێ دەخرێن، ئەم پشتگوێخستنەش هەروەکو باسمان کرد لە زۆربەی کاتەکاندا بە وازهێنانی منداڵ و دوورکەوتنەوەیان لە قوتابخانە کۆتایی دێت.

سەبارەت بە زانکۆ و ئاستی فێرخوازەکانی لە زانکۆدا لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو و تەنانەت لە ئێستاشدا زۆربەی مامۆستایانی زانکۆ تێبینی دابەزینی ئاستی زانستیی قوتابیانیان بە ڕادەیەکی زۆر کردووە، تەنانەت ئاستی خوێندنەوە و نووسینی هەندێک قوتابی دوای هاتنیان بۆ زانکۆ لاوازییەکی زۆری پێوە دیارە. هەندێ لە قوتابیان ئاستی خوێندنەوەی گشتییان بە بەراورد لەگەڵ ئاستی تەمەنیان زۆر لاوازە، جگە لەوەش هەندێک لە قوتابیان کێشەی ڕێنووسیشیان هەیە، ئەمەش هەندێکجار ئاستەنگییەکی زۆر بۆ مامۆستا دروستدەکات و مامۆستایان ناتوانن دەست و خەتی قوتابیان بە باشی بخوێننەوە. ڕەنگە لە ڕابردوودا بە هۆی کەمیی ژمارەی قوتابیانەوە کەمتر هەست بە بوونی ئەو گرفتانە کرابێت، بەڵام لە ئێستادا جێگەی هەڵوێستە لەسەر کردنە پێشبینی ئەوە بکرێت کە دیسلێکسیا لای قوتابیانی زانکۆ بوونی هەبێت، هەربۆیە پێشبینی دەکرێت هەندێک لە قوتابیان کاتێک دێن بۆ زانکۆ دیسلێکس بن بەبێ ئاگاداری گرفتەکەیان.

دیسلێکسیا یەکێکە لە گرفتەکانی بەردەم فێربوون، بە شێوەیەکە کەسی تووشبوو گرفتی لە خوێندنەوە و ناسینەوەی وشە و پیتەکان و چۆنیەتیی دەربڕینی وشە و نووسین هەیە، هەروەها دیسلێکسەکان کێشەیان لە تێگەیشتن و جێبەجێکردنی پرۆسە زمانییەکان هەیە، لەگەڵ ئەوەی ئاستی زیرەکی، هەڵچوونی و بینینیان ئاساییە، بەڵام بەردەوام گرفتیان لە خوێندنەوە و نووسین هەیە.

وەک ئاشکرایە قوتابیان لەگەڵ هاتنیان بۆ زانکۆ لە لایەن مامۆستایانەوە چەندین ئەرکی جۆراوجۆریان پێ دەسپێردرێت، کە پێویستی بە خوێندنەوەیەکی چڕی کتێب و توێژینەوە و گۆڤاری زانستی هەیە، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەمانەوە ئاستی زانیارییان بەرز ببێتەوە، هەروەها وەک پێویستییەکیش بۆ نووسین و ئامادەکردنی ئەرکە زانکۆییەکانیان کەڵکیان لێوەربگرن، بۆ نموونە زۆرێک لە هەڵسەنگاندنەکانی قوتابی پێویستی بە نووسینی ڕاپۆرت و تاقیکردنەوەی ڕۆژانە و تاقیکردنەوە هەیە، یان لە کاتی گوێگرتن لە وانەکاندا

پێویستی بە  تێبینی نووسین  لەسەر بابەتەکان هەیە. بێگومان هەموو ئەو ئەرکانەش بە لایەنی کەم پێویستیان بە ئاستێکی مامناوەندی کارامەیی خوێندنەوە و نووسین هەیە، لە بارودۆخێکی ئاوادا قوتابیان لە نووسین و خوێندنەوەدا ناکارامەن و دیسلێکسن یان هەر گرفتێکی دیکەی پەیوەست بە پرۆسە زمانییەکانیان هەیە لە چەند ڕوویەکەوە دووچاری گرفتی جۆراوجۆر دەبنەوە، بۆ نموونە هەندێک لەو قوتابیانە توانستی خوێندنەوەیان لاوازە و ناتوانن بە بەردوامی یان بۆ ماوەیەکی درێژ بخوێننەوە، هەندێکی تریان کێشەی تێگەیشتنیان لە وانە و بابەتی وانەکان بۆ دێتە پێش، دووچاری گرفتی تێگەیشتن لەو شتانەی خوێندوویانەتەوە دەبنەوە، هەندێ جار قوتابیان ناتوانن لەبەردەمی هاوڕێکانیان بابەتێک بەبێ هەڵە پێشکەشبکەن و لە هونەری خستنەڕووی بابەتدا زۆر لاوازن. هەندێ جاری تریش قوتابیان ترسیان لە بەشداریکردن هەیە، نایانەوێت مامۆستا بەشداریان پێبکات بە تایبەت لەو بابەتانەی پێویستی بە نووسین لەسەر تەختە هەیە، یاخود هەندێ جار قوتابیان کێشەی بیرنەهاتنەوەیان بۆ دروستدەبێت و ئەو زانیارییانەیان نایەتەوە یاد کە مامۆستا لە ناو پۆلدا باسیکردون. ئەمانە و چەندین گرفتیتر کە لە ئەنجامی ناکارامەیی لە نووسین و خوێندنەوە یان دووچار بوون دیسلێکسیا دێنە پێش بەشێک لە قوتابیانی زانکۆ.

لە سۆنگەی هەستکردن بە ئەگەری بوونی ئەو گرفتانە و لە ناویاندا دیسلێکسیا، هەروەها گرنگی پێنەدانێکی ئەوتۆ بە دیسلێکسیا لەلایەن توێژەرانی کوردەوە بەو ئاخێوەرانەی دیسلێکسن و بە تایبەتیش قوتابیانی دیسلێکسی زانکۆ،  توێژەر ئەم کێشەیەی بە هەند وەرگرت و گریمانەی ئەوە دەکات، دەشێت هەندێک لە قوتابیانی زانکۆ دیسلێکس بن و خۆیان هەستی پێ نەکەن، هەروەها توێژەر گریمانەی ئەوە دەکات، ئەم کێشە زۆر لە قوتابیانی زانکۆی تووشی گرفت کردووە و بگرە هەندێکجار بەهۆی

دیسلێکسیاوە دووچاری دواکەوتن و سەرنەکەوتن دەبن لە ژیانی ئەکادیمییاندا، یان ئەو کێشەیە بەردەوام دەبێت و کار لەسەر کارکردنیان دوای خوێندنی زانکۆیی دەکات.

### ٣.١ گرنگی توێژینەوە

هەر توێژینەوەیەکی زانستی بەپێی سروشتی خۆی و بابەتی توێژینەوەکەی گرنگی تایبەت بەخۆی هەیە، بە واتایەکی تر ئەنجامدانی توێژینەوە لە هەر بوارێکدا و لە هەر کات و ساتێکدا لە ئەنجامی هەستکردنە بە بۆشاییەک لەم بوارەدا. توێژەر لە ڕێگای توێژینەوەوە هەوڵدەدات کێشە و ئاریشەکان بناسێنێت و بەدوای ئاست، هۆکار و چارەسەرەکانی ئەم کێشانەدا بگەڕێت.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە دوولایەندا دەبینێتەوە:

**١ – گرنگی توێژینەوەکە لە ڕووی تیۆرییەوە:** لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵێک پێناسە، بۆچوون، تیۆر، تاقیکردنەوە و توێژینەوە خراونەتەڕوو، دەشێت بۆ تێگەیشتن لە دیسلێکسیا سوودێکی زۆریان هەبێت و یارمەتیدەر بن بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە دیسکلێسیا و کارکردن لە پێناو دیاریکردن و دۆزینەوەی چەند تەکنیکێکی گونجاو بۆ یارمەتیدانی کەسانی دیسکلێسیک. گرنگی تایبەتی ئەم توێژینەوەیەش لەوەدایە کە لە زمانی کوردیدا زۆر بە کەمی لەو بابەتە کۆڵدراوەتەوە و توێژینەوەی لە بارەوە کراوە.

**٢- گرنگی توێژینەوەکە لە ڕووی کردارییەوە:** لەبەرئەوەی لەم توێژینەوەیەدا پرسیارنامە بەکارهاتووە، دەشێت توێژەر بە ئەنجامێک بگات و بتوانێت لە ڕێگای ئەنجامەکانی پرسیارنامەکە، ئاست و بوارەکانی دیسلێکسیا لای قوتابیانی زانکۆ دیارییبکات، دواتر بتوانێت هەندێک لەو قوتابیانەی دیسلێکسن لە باری خۆیان ئاگاداربکاتەوە و چەند ڕێنماییەکیان پێشکەش بکات و لە داهاتوودا هاوکاریان بێت. بۆیە دەشێت بگوترێت ئەم توێژینەوەیە لە داهاتوودا سوودێکی زۆر بە کەسانی تووشبوو بە دیسلێکسیا بە تایبەتی

قوتابیانی زانکۆ لە کۆمەڵگای کوردیدا دەگەیەنێت. هەروەها گرنگە لە داهاتوودا کار لەسەر ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بکرێت.

### ٤.١ ئامانجەکانی توێژینەوەکە

١ – بونیادنانی پێوەری دیسلێکسیا بە زمانی کوردی.

٢ – زانینی ئاستی دیسلێکسیا لای نموونەی توێژینەوەکە بەپێی بوارەکانی (تێگەیشتن، خوێندنەوە، نووسین، قسەکردن و زانینی).

٣- زانینی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی ڕەگەز لە سەر ئاستی بوارەکانی (تێگەیشتن، خوێندنەوە، نووسین، قسەکردن و زانینی) دیسلێکسیا.

٤- زانینی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی شێوازی نووسین لە سەر ئاستی بوارەکانی (تێگەیشتن، خوێندنەوە، نووسین، قسەکردن و زانینی) دیسلێکسیا.

٥- زانینی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی زەبری مێشک لە سەر ئاستی بوارەکانی (تێگەیشتن، خوێندنەوە، نووسین، قسەکردن و زانینی) دیسلێکسیا.

٦- زانینی پەیوەندی لە نێوان بوارەکانی دیسلێکسیا بەپێی بوارەکانی (تێگەیشتن، خوێندنەوە، نووسین، قسەکردن و زانینی).

٧- زانینی سروشتی پەیوەندی لە نێوان گۆڕاوە سەربەخۆکانی (ڕەگەز، شێوازی نووسین و زەبری مێشک) بە بوارەکانی (تێگەیشتن، خوێندنەوە، نووسین، قسەکردن و زانینی).

### ٥.١ سنووری توێژینەوەکە

سنووری ئەم توێژینەوە بریتییە لە قوتابیانی زانکۆ حکومییەکانی کوردستان، کە خوێندنیان بە شێوەزاری سۆرانییە و دیسلێکسن، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠).

### ٦.١ پێشبینییەکان و کەموکورپییەکانی

#### ١.٦.١ پێشبینییەکانی توێژینەوە

١ – پێشبینی ئەوە دەکرێت، کە سەرجەم بەشداربووان وەڵامەکانیان بە ڕاست و دروستی دابێتەوە.

٢- پێشبینی ئەوە دەکرێت، کە سەرجەم بەشداربووان کاتی تەواویان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان هەبووبێت.

#### ٢.٦.١ کەموکورپییەکان

١- نەبوونی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، چونکە هەتا ئێستا لە هەرێمی کوردستان ڕێژە و ژمارەی دیسلێکسەکان دیارنییە. هەروەها زۆربەی دیسلێکسەکان نازانن ئەم ئاستەنگیەیان هەیە یان نا.

٢- یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیبوو لە زانینی کاریگەریی گۆڕاوی گرفتە زمانییەکانی باوان لە سەر ئاستی دیسلێکسیا بۆ بوارەکانی (تێگەیشتن، خوێندنەوە، نووسین، قسەکردن و زانینی)، بەڵام لەبەرئەوەی هیچ بەشداربوویەک ئاماژەی بە بوونی گرفتی زمانی لەلای باوان نەکردبوو، ئەو ئامانجە لە لیستی ئامانجەکانی توێژینەوەکە لابرا.

٣- ئێمە ناتوانین گشتاندن بە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بکەین لەبەرئەوەی هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکە بە شێوازی ناهەڕەمەکی مەبەستدار دەبێت و ژمارەی بەشداربووەکان لەبەر نەبوونی داتای پێشوەخت لەوە دەچێت کەم بێت، بۆیە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە گوزارشت لە سەرجەم قوتابیانی دیسلێکسی زانکۆ ناکات، بەڵکو تەنها تایبەتە بە نموونەی توێژینەوەکە.

لەم بەشەدا باس لە پێشەکی و کێشەی توێژینەوەکە کرا، جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە، کە بۆچی توێژینەوە لەسەر بابەتی دیسلێکسیا لەلای قوتابیانی زانکۆ پێویستییەکی گرنگە و نابێت ئەم بابەتە فەرامۆشبکرێت، هەروەها باس لە گرنگی توێژینەوەکە لە ڕووی تیۆری و پراکتیکییەوە کرا و پاشان کەموکوڕییەکانی توێژینەوەکە لە چەند خاڵێکدا خرانەڕوو. هەوڵ دەدرێت لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەدا جەخت لەسەر پێشینەی توێژینەوەکە بکرێت و پێداچوونەوەیەک بە ئەدەبیاتی ئەو تیۆر و و توێژینەوانە بکرێت، کە لە ڕابردوودا کاریان لەسەر دیسلێکسیا کردوە.

## ٢. بەشی دووەم: زانیارییە بەراییەکان لەسەر دیسلێکسیا:

### ٢.١ پێشەکی

لە دەستپێکی ئەم توێژینەوەیەدا جەخت لەسەر پێناسەی دیسلێکسیا دەکرێتەوە، پاشان باس لە مێژووی تێڕوانینەکان لەبارەی دیسلێکسیاوە دەکرێت و تیۆرەکانی دیسلێکسیا ڕوون دەکرێتەوە کە خۆی لە چەند تیۆرێکی جیاوازدا دەبینێتەوە. هەروەها بنەماکانی دیسلێکسیا و ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی ئەوەی کە تاک دووچار دیسلێکسیا بێتەوە، دەخرێنەڕوو. نیشانەکانی دیسلێکسیا بە جۆرەکانییەوە دەخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و پەیوەندیی دیسلێکسیا بە نەخۆشییەکانی تری زمان باس دەکرێت. پاشان چەند چارەسەرێکی دیسلێکسیا بۆ گەوران دەخرێنەڕوو، لە کۆتایی ئەم بەشەدا پێداچوونەوەیەک بە توێژینەوەکانی پێشوو بە زمانی کوردی لەم بوارەدا دەکرێت.

### ٢.٢ پێناسەی دیسلێکسیا

دیسلێکسیا چەند پێناسەیەکی جیاواز و لەیەکچووی لەلایەن زانا و نووسەر و کۆمەڵە و دەزگاکانی تایبەت بە نەخۆشییەکانی زمان بۆ کراوە، هەندێک لە ناساندنەکان تاڕادەیەکی زۆر لێکنزیکن. لێرەدا دەتوانین چەند پێناسەیەک لە چەند ڕوانگەیەکی جیاوازەوە بۆ ئەم گرفتە زمانییە بخەینەڕوو. لە کۆندا دیسلێکسیا بەوە ناسرابوو کە شڵەژانی خوێندنەوەیە (Reading Disorder) کەسی تووشبوو بەم شڵەژانە ئاستی خوێندنەوەی لە خوار ئاستی زیرەکی گشتیەوەیە ( DSM-IV, American Psychiatric Association, 1994, p. 48; Rutter & Yule, 1975, p. 181). بە تێپەڕبوونی کات بیر و بۆچوونەکان سەبارەت بە پێناسەی دیسلێکسیا گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە، بە تایبەتی لەبارەی پەیوەندیی پێچەوانە لە نێوان بە دەستهێنانی خوێندنەوە و زیرەکیدا، بەو واتایەی هیچ پەیوەندییەکی پێچەوانە لە نێوان ئاستی زیرەکی و دیسلێکسیادا نییە، واتە نزمی ڕێژەی زیرەکی نابێتە هۆی دیسلێکسیا. بۆیە یەکێک لە

پێناسە نوێیەکان بۆ دیسلێکسیا بریتییە لە ڕەتکردنەوەی ئەو بۆچوونەی، کە نزمیی ئاستی خوێندنەوەی کەسی تووشبوو بەهۆی نزمیی ئاستی زیرەکیی گشتییەوە بێت، لە پێناسە نوێیەکاندا جەخت لەسەر زیاتر لە لایەنێک دەکرێتەوە، کە پەیوەندی بە پرۆسە فۆنۆلۆژییەکانەوە هەیە و دەبێتە کرۆکی تووشبوونی تاک بە دیسلێکسیا ( Snowling & Hulme ,2011,p. 1). لە هەمان کاتدا، هەندێکجار ئاستی خوێندنەوەی کەسی تووشبوو دوو ساڵ لە دواترە لە ئاستی کەسانی ئاسایی و کەسی تووشبوو بە دیسلێکسیا ئاستی زیرەکییەکەی ئاساییە و کێشەی هەستەوەرەکانی نییە (Eisenberg, 1966, p. 354). لەم پێناسەیەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە تووشبوون بە دیسلێکسیا پەیوەندیی بە تێکچوون لە هەستەوەرەکانی بیستن و بینینەوە نییە، واتە تەنانەت ئەگەر کەسێک هەستەکانی بینین و بیستنیشی تەواو بێت، ئەگەری تووشبوون بە دیسلێکسیای هەیە.

لە پێناسەیەکی تردا کە لەلایەن (Lyon, et al,. 2003, p. 2) بۆ دیسلێکسیا کراوە، دەڵێن دیسلێکسیا بریتییە لە تێکچوون یان پەککەوتنێکی فێربوونی دیاریکراو کە بنەمایەکی بایۆلۆژی و دەماری هەیە و پەیوەندیی بە لایەنی دەربڕین و خوێندنەوە و نووسینەوە هەیە. ئەم پێناسەیە زۆر نزیکە لەو پێناسیەی کۆمەڵەی دیسلێکسیای نێودەوڵەتی کە بۆ دیسلێکسیای کردووە.

لێرەوە ئەوە دەردەکەوێت بابەتی دیسلێکسیا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ گفتوگۆی لەسەر کراوە (Snowling, et al, 2011, p.2). بەڵام بەپێی ئەو پێناسەیەی لەلایەن کۆمەڵەی دیسلێکسیای نێودەوڵەتی ( The International Dyslexia Association,2014, p.2) خراوەتەڕوو و زۆرێک لە توێژینەوە زانستییەکان پشتیان پێبەستووە، دیسلێکسیا بریتییە لە تێکچوون یان پەککەوتنی فێربوونی دیاریکراو، کە بنەمای ئەم تێکچوونە پەیوەندیی بە سیستەمی دەمارییەوە هەیە و نیشانەکانی بەوە دەناسرێتەوە، کەسی تووشبوو دووچاری گرانی دەبێتەوە لە خوێندنەوە، نووسین،

ناسینەوە، دەربڕینی وشەکان بە شێوازێکی ورد و ڕەوان، زۆربەی کات ئەم گرانی و گرفتانە لە ئەنجامی کەموکورتی پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان لە زمانێکدا، یاخود بەهۆی هەندێک هۆکاری نەخوازراوەوە کە پەیوەندییان بە لایەنی توانا هۆشەکییەکانەوە (زانینییەکانەوە) هەیە دووچاری تاک دەبێتەوە. ئەم کێشە و گرفتانە کەسی تووشبوو دووچاری هەندێک ئاکام دەکاتەوە لەوانەش کێشەی خوێندنەوە و تێگەیشتن لەوەی خوێندراوەتەوە، کەمکردنەوەی ئەزموونی خوێندنەوە کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی وشەی فەرهەنگ و لایەنی زانیاریی کەسی تووشبوو. هەروەها لە پێناسەکەیاندا ئەوەیان ڕوون کردۆتەوە، دیسلێکسیا بریتییە لە پەککەوتنی فێربوون و هۆکاری ئەمەش بۆ لایەنی کارکردنی مێشک دەگەڕێتەوە و زۆربەی کات دیسلێکسیا لە باوانەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئەندامانی خێزان.

لەم پێناسەیەدا چەند کلیلێکمان بۆ بەرجەستە دەبێت. یەکەم، ئەوە ڕوونکراوەتەوە دیسلێکسیا پەیوەندیی بە لایەنی سیستەمی دەمارییەوە هەیە و بەهۆی تێکچوونی سیستەمی دەماری تاک دووچاری ئەم شێوانە دەبێتەوە. هەروەها ئەم پێناسەیە ئەوە ڕوون دەکاتەوە، هۆکارەکانی تووشبوون بە دیسلێکسیا نابێت تەنیا بە هۆکارە ژینگەییەکانەوە ببەسترێتەوە لەوانەش، فێرکردن تاک بە شێوازێکی هەڵە و لاواز کە بەهۆی ژینگەیەکی نەگونجاوەوە لە ڕووی زمانەوە دووچاری دەبێتەوە. دووەم، دیسلێکسیا پەیوەندیی بە کۆمەڵە کێشەیەکی وەکو بە کۆدکردنی وشەیەک یان چەند وشەیەکەوە هەیە، نەک ئەوەی دیسلێکسیا تەنها تاک تووشی کێشەی ئەوە بکات کە نەزانێت ئەو شتانەی دەیخوێنێتەوە چین. لە کۆتاییدا ئەوە ڕوونە زۆربەی کات تووشبوونی تاک بە دیسلێکسیا لە ڕێگای بۆماوەوە دەگوازرێتەوە.

بە بۆچوونی (Hoecker ,2017 ) دیسلێکسیا چەند گیروگرفتێکی فێربوون بە دوای خۆیدا دێنێت لەوانەش، تاک دووچاری ئاستەنگی لە خوێندنەوە دەبێتەوە، ئەمەش بەهۆی کێشەی ناسینەوەی دەنگی وشەکان و فێربوونی چۆنیەتی دروستکردنی وشە لە

پیتەکان و بە کۆدکردنیانەوە دێتە ئاراوە. هەروەها لە هەندێک کاتدا دیسلێکسیا بە لاوازی خوێندنەوە ناودەنرێت لەبەرئەوەی کاریگەری لەسەر بەشە جیاوازەکانی مێشک دروستدەکات لە پرۆسەی زماندا. لەلایەکی ترەوە (William & Shiel, 2018) پێناسەی دیسلێکسیا دەکەن بەوەی بریتییە لە بەردەوامی تێکچوونی پرۆسە زانینییەکان، ئەمەش کاریگەری لەسەر مێشک دروستدەکات لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتە نووسراوەکاندا. لەبەرئەوەی دیسلێکسیا بەهۆی تێکچوونی پرۆسەی بەکۆدکردنی فۆنیمەکانەوە دروست دەبێت، ئەمەش بەهۆی گۆڕینی فۆنیمەکان بۆ گرافیمەکان دێتە ئاراوە. هەر بۆیە دیسلێکسیا بە پەککەوتنی فێربوون دادەنرێت و ئەم تێکچوونەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، بە شێوەیەکی گشتی ئەمە ئەوە دەردەخات ئاستی خوێندنەوەی دیسلێکسەکان نزمترە لە ئاستی خوێندنەوەی کەسانی ئاسایی لە هەمان تەمەندا.

لەلایەی ترەوە، دیسلێکسیا لە هەندێک شوێنی تردا بە شڵەژانی خوێندنەوە ناودەبرێت، هەروەکو کۆمەڵەی سایکایەتریکی ئەمەریکی( American Psychiatric Association) لە ساڵی (٢٠١٤) بەم شێوەیە پێناسەی دەکات، نیشانەکانی دیسلێکسیا بە بەدەستهێنانی خوێندنەوە دەپێورێت بۆ نموونە، خوێندنەوە بە شێوازێکی ڕوون، خێرا خوێندنەوە و تێگەیشتن لەوەی چی خوێندراوەتەوە، هەروەها زۆربەی کات ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە بە تاقیکردنەوە ستاندارەکان بەراورد دەکرێت، لە هەمان کاتدا توانای خوێندنەوە، خێرا خوێندنەوە و تێگەیشتن لە خوێندنەوە پێوانە دەکرێت بۆ ئەوەی بزانرێت، ئایا ئاستی خوێندنەوەی تاک لە خوار ئاستی ستانداردە، پاشان پەیوەندی دەدۆزرێتەوە لە نێوان پێوانەی زیرەکی و خوێندنەوەی گونجاو بۆ تەمەنی ژیری و کاتی تاک، بەڵام دوای چەند ساڵێک ڤێرژنێکی نوێی (DSM) هات و تاڕادەیەک گۆڕانکاری هەم لە ناو و هەم لە ناوەڕۆکی ئەم پێناسەیەدا کرد.

بەپێی کۆمەڵەی سایکایەتریکی ئەمەریکی ( American Psychiatric Association, 2013, p.66) (DSM-5) دیسلێکسیا بە پەککەوتنی فێربوونی دیاریکراو (Specific Learning Disability) ناونراوە، کە جۆرێکە لە شێوانی گەشەی دەمارییە، تەنگەژە دەخاتە بەردەم توانای فێربوون یاخود هەندێک کارامەیی فێربوونی دیاریکراو، بۆ نموونە (خوێندنەوە، نووسین و ژمارە) ئەمانە بنەمای فێربوونی ئەکادیمین. هەروەها ئەوەیان ڕوون کردۆتەوە دیسلێکسیا ئاستەنگێکی فێربوونی چاوەڕوان نەکراوە، بەو واتایەی ئەم ئاستەنگە پێشبینی نەکراوە. هەر بەپێی هەمان پێناسە نیشانە سەرەتاییەکانی ئەم شڵەژانە لە قۆناغەکانی پێش چوونە قوتابخانەوە بە دیاردەکەون وەکو (بوونی ئاستەنگ لە فێربوونی ناو هێنانی پیتەکانی وشەیەک یاخود ژماردنی تەنەکان و شێوەکان)، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی و دروست دەتوانرێت ئەم شڵەژانە لەدوای دەستپێکردنی خوێندنی فەرمییەوە دەستنیشان بکرێت.

ئەم پێناسەیەی سەرەوە هەر زوو لەلایەن کۆمەڵێک پرۆفیسۆر لە کۆمەڵێک زانکۆی ئەمەریکا بە سەرپەرشتی زانکۆی یەڵ (Yale University) ناڕەزایی لێکەوتەوە، بە تایبەتی گۆڕینی ناوی دیسلێکسیا بە (SLD)، پاشان ئەم کۆمەڵە پرۆفیسۆرە وتارێکی زانستییان لە (٣١) لاپەڕەدا بڵاوکردەوە. ئەوەیان ڕوونکردەوە نابێت وشەی دیسلێکسیا کە ماوەیەکی زۆرە توێژینەوەی لەسەر دەکرێت لە بواری کلینیکی و زانستیدا ڕاستەوخۆ بگۆڕدرێت بۆ(SLD). بۆیە چەند بۆچوون ڕا و پێشنیازێکی زانستییان پێشکەشکرد، گرنگترینیان بریتیبوو لە دابەشکردنی (SLD) بۆ دوو بەش ئەوانیش، یەکەم، دیسلێکسیا، شێوانی خوێندنەوەی دیاریکراو. دووەم، شێوانە فێربوونەییەکان، ئەمانەش پەیوەندییان بەلایەنەکانی تری فێربوونەوە هەیە (Colker et al, 2012, p.2).

بەپێی پێناسەی کۆمەڵەی دیسلێکسیای بەریتانی ( British Dyslexia Association) دیسلێکسیا بریتییە لە ئاستەنگی فێربوون، ئەم ئاستەنگەش بە شێوەیەکی

گشتی کار دەکاتە سەر چەند کارامەییەک لەوانەش خوێندنەوە و نووسین بە شێوازێکی ڕێک و ڕەوان. ئەم شێوانە کاریگەری دەبێت لەسەر ئاگایی فۆنۆلۆژی، یادگەی کورتخایەن و پرۆسەی دەربڕین بە خێرایی، ئەم پرۆسانەش بە واتای کارامەییە زانینییەکانی تاک دێت سەبارەت بەوەی کە پێکهاتەی دەنگەکان چۆنن، هەروەها ئەم پرۆسانە یارمەتی تاک دەدەن لە جیاکردنەوە، بیرهاتنەوە و گۆڕینی دەنگەکان لە ڕستەیەکدا ( Rose, 2009, p.199).

پێناسەیەکی تری دیسلێکسیا لە ساڵی (٢٠١٩) لەلایەن کلینیکی دیسلێکسیای مەیۆ (Mayo Clinic Dyslexia) لە ئەمەریکا کراوە، بەپێی پێناسەی ئەم دەزگایە دیسلێکسیا شێوانی فێربوونە، ئەمەش تاک دووچاری ئاستەنگی خوێندنەوە دەکات. هەروەها ئەم دەزگایە دیسلێکسیا بە پەککەوتنی خوێندنەوەی دیاریکراو دەناسێنێت. لە هەمان کاتدا هەر لە پێناسەکەی ئەم دەزگایە بۆ دیسلێکسیا ئەوە هاتووە کە کەسی تووشبوو بە دیسلێکسیا ئاستی بینین و بیستن و زیرەکی ئاساییە و زۆربەی کات لە تەمەنی منداڵی ناتوانرێت ئەم شێوانە دیاربکرێت، تا ئەو کاتەی کەسی تووشبوو گەورە دەبێت ئینجا نیشانەکانی دیسلێکسیای لەسەر دەردەکەوێت، هەروەها ئەم پێناسەیە ئەوەی ڕوون کردۆتەوە، چارەسەری یەکجارەکی بۆ دیسلێکسیا نییە.

لەلایەکی ترەوە، پەیمانگای نیشتیمانیی بۆ شڵەژانە دەمارییەکان و جەڵتەی مێشک (The National Institute of Neurological Disorders and Stroke) پێناسەی دیسلێکسیا بەوە دەکات بریتییە لە جۆرە پەککەوتنێک کە بنەماکەی بۆ مێشک دەگەڕێتەوە و دەبێتە هۆی تێکچوونی توانای تاک بۆ خوێندنەوە. دیسلێکسەکان ئاستی خوێندنەوەیان نزمترە لەوەی چاوەڕوان دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئاستی زرنگی یاخود زیرەکییان ئاساییە، لەگەڵ ئەوەی دیسلێکسیا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە لە ئاستدا، واتە هەموو دیسلێکسەکان بە یەک ئاست دووچاری دیسلێکسیا

نابن، بەڵام کەسانی تووشبوو بەوە دەناسرێنەوە کە گرفتیان هەیە لە ڕێنووس و پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان، یاخود لەکاتی وەڵامدانەوە بۆ نووسینە بینراوەکان و دەربڕینی خێرا. هەر لە پێناسەکەدا هاتووە، زۆربەی کات دیسلێکسیا لە دوای نەشتەرگەری یاخود تێکچوونی بەشێک لە مێشک دووچاری تاک دەبێتەوە. هەروەها هەندێکجار هۆکاری دووچاربوونی تاک بە دیسلێکسیا زگماکیە و لەڕێگای بۆماوەوە لە خێزانەوە دەگوازرێتەوە. هەروەک لە پێناسەکەدا هاتووە کە بەپێی هەندێک توێژینەوەی نوێ ژمارەیەک جین هەن دەبنە هۆی گەشەکردنی دیسلێکسیا لە لای تاک (Lewis ,2013, p.41).

پێناسەیەکی تری دیسلێکسیا لەلایەن ( National Centre for Learning Disabilities , 2019) کراوە بەوەی دیسلێکسیا بریتییە لە پەککەوتنی فێربوون و ئەم تێکچوونە بە درێژایی ژیانی تاک بەردەوام دەبێت و کەسانی تووشبوو لەکاتی لەدایکبووندا ئەم شێواندنەیان هەیە. کەسی تووشبوو ڕووبەڕووی گرفت دەبێتەوە لە کاتی خوێندنەوە، نووسین، ڕێنووس و تەنانەت هەندێکجار لە کاتی ئاخاوتنیشدا. لە پێناسەکەدا ئەوە هاتووە دیسلێکسیا بە واتای تەمبەڵی و نزمی ئاستی زیرەکی نایەت. هەروەها تاک بەهۆی کزبوونی چاوەکانەوە تووشی دیسلێکسیا نابێت، بەڵکو دیسلێکسیا بەهۆی کێشەی شێوانی دەماریەوە تووشی تاک دەبێت و ئەمەش دەبێتە هۆی تێکچوونی پرۆسە زمانییەکان و شیکردنەوەی ئاسایی زمان. ئەوەی ئەم پێناسەیە جیادەکەتەوە لە زۆرێک لە پێناسەکانی تر ئەوەیە کە لە زۆربەی پێناسەکانی تردا جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە، دیسلێکسیا شێوانێکی دەمارییە و کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر تاک دەبێت لە کاتی خوێندنەوە و نووسین و حونجەکردندا، بەڵام ئەوەی ئەم پێناسەیە جیادەکاتەوە، ئەوەیە ئەگەر هەیە هەندێکجار دیسلێکسیا کاریگەری لەسەر قسەکردنیش هەبێت، واتە کەسێک قسەبکات و هەندێک فۆنیم نەدرکێنێت هۆکارەکەی هیچ کام لە نەخۆشییەکانی

تری زمان و گوتن نەبێت، بەڵکو هۆکارەکەی دیسلێکسیا بێت. لەلایەکی ترەوە دەکرێت کەسێک لە هەمانکاتدا دوو جۆر ئاریشەی زمانی هەبێت.

دەتوانین بڵێین پێناسەیەکی گشتگیر نییە بۆ دیسلێکسیا سەرجەم پسپۆر، زانا و کۆمەڵەکان لەسەری ڕێککەوتبن، بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە پێناسەکان تاڕادەیەکی زۆر لە یەکترەوە نزیکن و هاوبەشیی زۆر لە نێوان پێناسەکاندا هەیە. لە هەمانکاتدا ئەو پێناسەیەی کۆمەڵەی دیسلێکسیای نێودەوڵەتی لە ساڵی (٢٠١٤) کردوویەتی بە گشتگیر تر و فراوانترین پێناسە دادەنرێت، زۆربەی توێژەرەکان لە توێژینەوە و سەرچاوە زانستەییەکان پشتی پێ دەبەستن.

### ٣.٢ تێڕوانینە مێژووییەکان دەربارەی دیسلێکسیا

بوارەکانی دەمارناسی و زمانەوانیی دەروونی گرنگییەکی زۆریان بە مێژووی دیسلێکسیا داوە. ڕەگ و ڕیشەی وشەی دیسلێکسیا بۆ زمانی کۆنی لاتینی و یۆنانی دەگەڕێتەوە. ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا پێکهاتووە لە dys (dis=difficult)+ legere ( to read) یاخود وشەی لاتینی و یۆنانی (dys(difficult) +Greek lexis(speech ی لاتینی بە واتای ئاستەنگ لە خوێندنەوە دێت. لەمەوە ئەوە دەردەکەوێت دیسلێکسیا بە واتای ئاستەنگی خوێندنەوە و قسەکردن دێت. بۆ ماوەی زیاتر لە (١٠٠) ساڵ دەبێت پزیشکەکان بە چڕی سەرقاڵی توێژینەوەن لە سەرجەم بوارەکانی زمان. هەروەها مامۆستایان، فێرکاران، زمانەوانە دەروونییەکان و زمانەوانە کلینیکییەکان لە ماوەی (٢٠) ساڵی ڕابردوودا توێژینەوە لە بوارەکانی زماندا دەکەن. بواری توێژینەوەکانیان لە ماوە (١٠٠) ساڵی ڕابردوودا لە چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکاندا دەبینرێن. کاتێک دیسلێکسیا لە خێزانەوە وەکو ئاستەنگییەکی زمان تەماشا دەکرا، ئەم ئاستەنگییانە لە ژێر چەتری ئەفازیا جێی دەکرایەوە. وشەی ئەفازیا بە واتای لەدەستدانی گوتن دێت. لەلایەکی ترەوە لە چوارچێوەی بوارە پزیشکییەکان مانای ئەفازیا واتایەکی فراوانتری بە خۆیەوە بینی و

لەم چوارچێوەیە دەرچوو، ئەفازیا تەنیا بە واتای لەدەستدانی توانای قسەکردن بێت، بەڵکو ئەفازیا بە واتا فراوانەکەی بۆ لەدەستدانی زمان بە هەموو لایەنەکانی (قسەکردن، خوێندنەوە، نووسین و تێگەیشتن) بەکاردێت. لەم چوارچێوە تیۆرییەدا کە لە ئەفازیاوە دەستپێدەکات، پاشان باس لە گەشەکردنی بواری توێژینەوە لەم بوارەدا کرا و زانیارییەکان لەبارەی دیسلێکسیا ڕووی لە زیاد بوون کرد و لە سەرەتادا بە (کوێری وشەکان) ناوزەند دەکرا (Richardson,1992, p.40).

کاتێک چاوێک بە مێژووی دیسلێکسیادا بگێڕین دەتوانین چەند قۆناغێک بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم شێوانە زمانییە دیار بکەین. یەکەم قۆناغ باس بکرێت بریتییە لە قۆناغی بنچینەیی لە سەرەتادا گرفتەکانی زمان و خوێندنەوە لای ئەو کەسانە هەبوون دووچاری ئەفازیای وەرگیراو ببوون و ئەم بۆچوونانە هەتا سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم بەردەوام بوون. زاناکانی ئەو سەردەمە لەو باوەڕەدابوون گرفتەکانی خوێندنەوە بەهۆی تووشبوونی تاکە بە ئەفازیای وەرگیراو دووچاری تاک دەبێت.

### ١.٣.٢ بەر لە ساڵی ١٩٠٠ز :

ئاشکرایە دیسلێکسیا هەر لە کۆنەوە کاری لەسەر کراوە، زۆربەی پێناسەکان لە ڕوانگەی جیاجیا و لەژێر ناوی جیاوازەوە باسیان لە دیسلێکسیا کردووە. هەروەها توێژەرانی بواری توێژینەوە پزیشکییەکان لە ماوەی (١٠٠) سەد ساڵی ڕابردوودا توێژینەوەی زۆریان لە بارەی زمان و گرفتەکانی زمانەوە ئەنجام داوە، بەڵام توێژینەوەکانی بواری دەروونزانی زمانی و دەروونزانە کۆمەڵایەتییەکان تا ڕادەیەک مێژوویەکی نوێتریان هەیە بە بەراورد لەگەڵ توێژینەوە پزیشکییەکان. لە خوارەوەدا باسی کورتەیەک لە مێژووی توێژینەوە لە دیسلێکسیا دەکەین. سەرەتا توێژینەوەکان لە ماوەی ساڵانی (١٨٦٥ز بۆ ١٩٠٠ز) کاریان لەسەر شیکردنەوەی هۆکارەکان و نیشانەکانی نەخۆشی دیسلێکسیا دەکردەوە. لە دوای ئەوە لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم میتۆدە نوێیەکان و توێژینەوەکانی

بواری دیسلێکسیا دەرگایان بۆ پەروەردەکاران، توێژەران، پزیشکان و کلینیکییەکان کردەوە بۆ کارکردنی زیاتر لە بواری دیسلێکسیادا.

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە، دەمارناسەکان چەند جۆرێکی جیاوازی ئەفازیایان دەستنیشانکردووە و ناوچەی دیاریکراویان لەناو مێشک دیارکردووە، ئەمانەش بە جێکەوتەگەرایی ناسرابوون. (Russell & Espir, 1961) باسیان لە چەند جۆرێک ئەفازیا کردوە. کاتێک ئاستەنگ لە تێگەیشتن لە زمانی قسەکردن دیاردەکرێت، کەسی نەخۆش لە چەند لایەنێکەوە تووشی کێشە دەبێت، ئەوانیش بریتین لە (١) ئەفازیای هەستی (Sensory aphasia) بریتییە لە هەبوونی ئاستنەگی زۆر لە دۆزینەوەی وشەکان و دەربڕینی هەستەکان، (٢) ئەفازیای داینەمۆیی (Motor Aphasia) یان ئاستەنگی لە خوێندنەوە. (٣)  ئەفازیای نووسین (alexia)، (٤) (agraphia) نەبوونی توانا لە نووسین.

بە شێوەیەکی گشتی دیسلێکسیا بە یەکێک لە جۆرەکانی ئەفازیا دەناسێنرا. لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم، ئارگیومێنتێکی گەورە هەبوو لەنێوان ئەو کەسانەی کە باوەڕیان وابوو هەردوو نیوەگۆی مێشک بەیەکەوە کار دەکەن، لایەنگرانی ئەم بۆچوونە بە گشتگەراکان ناسرابوون، ئەوانەی باوەڕیان وابوو بەشەکانی مێشک بە  جیاواز کاردەکەن بە لۆکاڵییەکان ناسرابوون. لە دەوروبەری ساڵانی (١٨١٠)، زانای نیرۆناتۆمیک (فرانز گاڵ) کە بە لایەنگری لۆکاڵییەکان دەناسرێت، توێژینەوەکانی خۆی لەسەر مێشک ئەنجامدا. فرانس جۆزیف گاڵ لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا بەپێی نیشانە دەرەکییەکانی کەللەسەر تیۆرێکی لەبارەی ئەرکی بەرگی مێشک خستەڕوو، گاڵ پێی وابوو هەر بەشێک لە بەرگی مێشک بەرپرسە لە ئەنجامدانی کردەیەک یاخود تایبەتمەندییەکی دەروونی لە مرۆڤدا، ئەو بەشانەشی بە یەکە ئەرکییەکان ناونا. گاڵ لە سەرەتای توێژینەوەکانیدا (٢٧) توانای لای مرۆڤ دیارکرد، ئەو توانایانەش بەندن بە

بنەمای گەشەی بەرگی مێشکەوە، دوای ئەوەی گاڵ توێژینەوەیەکی ئەنجامدا و ئەو تواناییانەی لەسەر چەند کەسێک تاقیکردەوە، لە ئەنجامدا دەرکەوت ئەم توانایانە دوو ناوچەی زمانی دەگرێتەوە دەکەونە ناوچەوانە پلەوە، یەکێکیان بۆ دەربڕینی قسەکردن و ئەوی تریش بۆ وشەکان و یادگە دەگەڕێتەوە. بۆچوونەکانی گاڵ بە لۆکاڵی دادەنرێت (Richardson, 1989, p.4)، بڕوانە وێنەی ژمارە (١). بەڵام پاوڵ برۆکا لە ساڵی (١٨٦١) باوەڕی وابوو کردارەکانی قسەکردن دەکەوێتە لای چەپی مێشک، بۆچوونی برۆکا ئەوە بوو هەندێک کەس ئەرکەکانی قسەکردنیان تێکدەچێت بەهۆی تێکچوونی بەشێک لە مێشک. برۆکا ڕاپۆرتێکی لەسەر نەخۆشێک نووسیوە توانای قسەکردنی لەدەستدابوو، بەڵام دوای توێکاری دەرکەوت ئەم لەدەستدانەی توانای قسەکردنە بەهۆی بەرکەوتن لە لولپێچەکانی بەشی سێیەمی پێشەوەی لای چەپی مێشک دروست بووە، بۆیە ئەم ناوچەیە برۆکا دۆزییەوە بە ئەفازیای برۆکا ناوزەندکرا. هەروەها بۆچوونەکانی برۆکا بە لۆکاڵی ناسرابوو (Dronkers et al,. 2007, p.1432). بەڵام لە ساڵی (١٨٧٤) کارڵ ڤێرنیکا تیۆرێکی پێشکەش کرد، ئەم تیۆرەش لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەی برۆکا داڕێژرا. پاشان گەشەی زیاتری بە تیۆرەکەی دا لەسەر بنەمای دەستنیشانکردنی ناوچەکان و لایەنەکانی مێشک کە پێکهاتوون لە (بەش، پل و جێکەوتە). بە بۆچوونی ڤێرنیکا ئەو نەخۆشانەی کێشەی دەربڕینی زمانیان هەیە هۆکارەکەی بۆ ئەو تێکچوونانە دەگەڕێتەوە دەکەوێتە ناوچەی ڤێرنیکا. ئەم تیۆرە زیاتر مۆدێلێکی بە ناوی پەیوەندگەراکان داهێنا بۆ دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان کردە زمانییەکان و پێکهاتەی مێشک، پێشتر بەم جۆرە باسی ئەم بابەتە نەکرابوو. هەروەها دەرکەوت ئەو ناوچەیەی برۆکا و ڤێرنیکا بەیەک دەگەیەنێت دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی زمان. لە هەمان کاتدا ئەفازیا بەهۆی تێکچوونی پەیوەندیی نێوان برۆکا و ڤێرنیکاوە دروست دەبێت. بۆچوونە تیۆرییەکان لە پشت تیۆرەکەی ڤێرنیکا (ئەفازیای هەستی) ناونراوە بە (ئەفازیای ڤێرنیکا) لە ئەنجامی ئەم تێکچوونە پەیوەندیی نێوان ڕیشاڵەکانی مێشک لەگەڵ بەرگە

جیاوازەکانی مێشک دروست دەبێت. هەر بۆیە ئەم تێکچوونە پەیوەندیی نێوان بینین، بیستن و بەرکەوتن تێکدەدات و ناوچەی بیستن لە ناوچەکانی قسەکردن جیادەکاتەوە. ڤێرنیکا ئەوەی ڕوونکردەوە، کاتێک کەسێک لە شتێک تێناگات، ئەوا لە ئەنجامدا کەسی تووش بوو ئاستەنگی لە قسەکردن و ناولێنانی شتەکان بۆ دروست دەبێت، چونکە کاتێک کەسێک لە شتێک تێناگات، ناتوانێ هەڵەکانی چاک بکاتەوە و لەوە دەچێت کەسی تووشبوو لە ئەنجامدا توانای خوێندنەوە و نووسین لەدەستبدات. بۆیە ئەم تیۆرە بە تیۆری پەیوەندگەراکان ناسرابوو، ئەمەش بەو واتایەی کە هەر تێکچوونێک لە ناوچەکانی مێشک کار دەکاتە سەر ناوچەیەکی تر لە مێشک، ئەمەش بەو واتایەی ڕاستەوخۆ ناوچەکانی مێشک پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە (Richardson, 1989, p.5). بەپێی ئەو زانیارییانەی باس کراوە ئەوە دەردەکەوێت ناوچەی لای چەپی نیوە گۆی مێشک بەشێوەکی سەرەکی کۆنترۆڵی پرۆسە زمانییەکان دەکات. بڕوانە وێنەی ژمارە (٢).

لەلایەکی ترەوە، مێژووی دیسلێکسیای گەشەسەندوو ماوەی زیاتر چەند ساڵێکە لە بەریتانیا سەری هەڵداوە، لەبەرئەوەی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا کەشی زانستی زۆر لەباربوو بەهۆی سەرهەڵدانی کلتورێکی لەباری ئەکادیمی و بەرزبوونەوەی ئاستی ئابووری و حەزکردن بە زانست و زانین. لەپاڵ ئەمانەشدا بەهۆی گەشەسەندنی گۆڤارە زانستییەکانەوە دیداری زانستی زۆر گرنگ لەسەر بابەتە زانستییەکان ئەنجام دەدرا. هەر بۆیە یەکەم جار دیسلێکسیای گەشەسەندوو لە گۆڤارە پزیشکییەکان بەدی کرا، بە تایبەتی لە گۆڤارەکانی تایبەت بە پزیشکی چاو، بۆیە لە سەرەتای توێژینەوەکان شێوانی دیسلێکسیای گەشەسەندوو وەکو دەردێک لە سیستەمی بینیندا باسی لێوە دەکرا (Guardiola,2001, p.9).

لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەکی گشتی جەختکردنەوەی توێژەران بۆ بابەتەکانی تایبەت بە ئاستەنگی خوێندنەوە لە ساڵی (١٨٧٨) لەسەر دەستی دەمارناسی ئەڵمانی

ئەدۆڵف کوسماول (Adolph Kussmaul ) دەستیپێکرد. کوسماول گرنگییەکی زۆری بە کەسە گەورەکان دەدا، کە کێشەی خوێندنەوە و هاوکات تێکچوونی دەماریان هەبوو. کۆسماول ئەوەی دۆزییەوە هەندێک لە نەخۆشەکان بە شێوەیەکی گونجاو توانای خوێندنەوەیان نییە، یان زۆربەی کات وشەکان بە هەڵە ڕیزدەکەن. هەروەها زاراوەی (Word Blindness) کوێری وشەی ناساند بۆ باسکردنی ئەو ئاستەنگییانەی کەسی تووشبوو دووچاریان دەبێتەوە (Hallahan & Mercer, 2002, p.2).

زاراوەی دیسلێکسیا ( Dyslexia) بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٨٨٤) لە لایەن زانای ئەڵمانی رودۆلف بەرلین ( Rudolf Berlin) دانرا بە ناوی "Over dyslexie " لە وشەی لاتینیەوە وەریگرتبوو. هەروەها بەرلین لە ساڵی (١٨٨٧) ئەوەی دۆزیەوە هۆکاری تووشبوونی دیسلێکسیا لەلای ئەو کەسانەی کە ڕاستەوانەن بەهۆی تێکچوونی لای چەپی مێشکیانەوەیە. لە جیاتی بەکارهێنانی کوێریی وشەکان، بەرلین تێبینی شەش نەخۆشی کردوە دووچاری تێکچوونی مێشک بوون و توانای تەواویان هەبوو لە پەیوەندییکردن یاخود قسەکردن بەڵام توانای خوێندنەوەیان لەدەستدابوو( Elliott & Grigorenko, 2014, p.2).

بەڵام دیسلێکسیای گەشەسەندوو(Developmental dyslexia) دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی توانای تاک لە فێربوونی خوێندنەوە بە شێوازێکی ئاسایی و لێهاتوو. یەکەم جار ئەم وشەیە لە ساڵی (١٨٩٦) لەلایەن پرینگل مۆرگن (Pringle Morgan) لە بەریتانیا لە گۆڤاری میدیکاڵی بەریتانی ئاماژەی پێکرا. هەروەها مۆرگن باسی کوێریی زگماکی وشەی (congenital word blindness) کردووە، ڕاپۆرتەکەی مۆرگن لەسەر قوتابییەکی چواردە ساڵان بوو چووبووە قوتابخانەیەکی ئاست بەرز و لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە بووبوو بە قوتابی، بەڵام قوتابییەکە نەیدەتوانی تەنانەت یەک وشەش بە تەواوی بخوێنێتەوە، تەنانەت نەیدەتوانی ئەو کتێبە ئاسانانەش بخوێنێتەوە، کە منداڵانی خوار

تەمەنی خۆی دەیانخوێندەوە. بە بۆچوونی مۆرگن ئەو کوڕە ئاستێکی زیرەکیی ئاسایی هەبووە لەپەیوەندییکردن و قسەکردن، چاوەکان و تەنانەت هەستی بینینیشی بێ کێشەبووە و مەودای بینینیشی تەواو بووە. ئەو مامۆستایانەی بۆ چەند ساڵێک وانەیان بەم کوڕە گوتۆتەوە بۆچوونیان وابوو ئەم کوڕە زیرەکتر دەبێت ئەگەر سەرجەم وانەکان بە شێوازێکی زارەکی بخوێنێت. هەربۆیە مۆرگن بە باوکی دیسلێکسیای گەشەسەندوو دانراوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە مۆرگن یەکەم کەس بوو وشەی دیسلێکسیای گەشەسەندووی(Developmental Dyslexia) بەکارهێناوە پێشتر هیچ کەسێک باسی نەکردبوو (Morgan, 1896, p.1378).

**٢.٣.٢ لە ساڵانی١٩٠٠ز هەتا ١٩٥٠ز:**

توێژینەوەکان لەسەر کوێریی زگماکی وشەییان وەرگیراو لە بەریتانیا و ئەمەریکا و ئەوروپا لەگەشەسەندندابوو. توێژینەوەکان لە بواری کوێریی زگماکی وشەیی لە بەریتانیا لەسەر دەستی جەیمس هینشالوود (James Hinshelwood)، کە دکتۆری نەشتەرگەریی بینین بوو، گەشەی سەند. هینشالوود گەشەی بە کارەکانی بەرلین و مۆرگندا، هەروەها هینشالوود ئەوەی ڕوون کردەوە لەگەڵ ئەوەی کوێریی وەرگیراوی وشەیی بەهۆی کێشەی دەمارییەوە دروست دەبێت و هۆکارەکەی بۆ برینداربوون یان تێکچوونی مێشک دەگەڕێتەوە، لە هەمان کاتیشدا کوێریی زگماکی وشەیی لە ڕێگای بۆماوەوە دەگوازرێتەوە و حاڵەتەکە لە کوڕاندا زۆرترە بە بەراورد لەگەڵ کچان. هینشالوود لە توێژینەوەکانیدا دیسلێکسیای بۆ سێ جۆر پۆلێن کرد، یەکەم: ئەلێکسیا (Alexia) بریتییە لە پەککەوتنی خوێندنەوە بەهۆی دواکەوتنی ژیرییەوەیە؛ دووەم: دیسلێکسیا (Dyslexia) ئەمەش بۆ هەندێک کێشەی باوی وەکو دواکەوتنێکی کەم لە فێربوونی خوێندنەوە، سێیەم: کوێریی وشە (word blindness) پەیوەندیی بە باری

توندەوە هەیە لە ڕەوانی لە خوێندنەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی تووشبوون بە پەککەوتنی خوێندنەوە (Hinshelwood, 1917).

هەروەها یەکێک لەو زانایانەی کە لە کاتی باس کردنی مێژووی سەرهەڵدانی دیسلێکسیا ڕاستەوخۆ ناوی دەهێنرێت، دەمارناس و نەخۆشەوانی دەماری ساموێل تۆری ئۆرتن (Samuel Torrey Orton)ە، لە ساڵی (١٩٢٥) لێکۆڵینەوەی لە بواری دیسلێکسیا ئەنجامداوە. ئۆرتن نزیکەی (٢٣) ساڵ گەشەی بە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا لە بواری دیسلێکسیا. ئۆرتن لەو ماوەیەدا هەلی ئەوەی هەبوو لێکۆڵینەوە لەو کێشە زمانییانە بکات، کە پەیوەندییان بە دواکەوتنی گەشەی ژیرییەوە هەبووە (Orton, 1925, p .602). توێژینەوەکانی ئۆرتن جەختی لەسەر پەکەوتنی زمان دەکردەوە، ئۆرتن لە سەرەتای توێژینەوەکانیدا پەیوەندیی دۆزییەوە لە نێوان دواکەوتنی فێربوونی زمان و دواکەوتنی فێربوونی خوێندنەوە لەگەڵ فاکتەرە جیاوازەکانی وەکو کەسی چەپلەر یان بەکارهێنانی چاوی چەپ، بە واتایەکی تر ئۆرتن ئەوەی دۆزیەوە پەیوەندییەکی ئەرێنی هەیە لە نێوان چەپلەرەکان و دواکەوتنی فێربوونی زمان و دواکەوتنی فێربوونی خوێندنەوە. ئۆرتن ئەوەی نیشاندا ئەم کەموکورتیانەی زمان لە خێزانەوە دەگوازرێنەوە و پێکهاتەی جینەکان هەڵگری ئەم کەموکورتیانەن. هەروەها ئۆرتن باسی لەوە کردووە دیسلێکسەکان کێشەی درکپێکردنی بینینی پیتەکانیان هەیە هۆکارەکەی بۆ شێوان یاخود تێکچوونی بەشەکانی مێشک دەگەڕێتەوە (Ingram, 1969, p.22) .

لە ئەورووپاش توێژینەوەکان لە بواری دیسلێکسیا دەستیپێکرد و هەر ماوەیەکی کەم لە دوای بەریتانیا و ئەمەریکا چەند توێژینەوەیەک لە بواری دیسلێکسیا ئەنجام دران. لەم کاتەدا ماک میکن (MacMeeken) لە ساڵی (١٩٣٩) توێژینەوەیەکی لە سەر منداڵانی سکۆتلەندی ئەنجامدا کە ژمارەیان (393) منداڵی سکۆتلەندی بوو لە (١٩٤) کوڕ و (١٩٩) کچ پێکهاتبوون، تەمەنیان لە نێوان (٧ بۆ ١٠) ساڵ بوو. توێژینەوەکەی ماک میکن لەسەر

توانای خوێندنەوە بوو، توانای خوێندنەوەی دابەشی تەمەنی ژیری کرد و جارانی (١٠٠)ی کرد. ماک میکن ئەوەی دۆزیەوە، منداڵە دیسلێکسەکان ئاستەنگییەکی زۆریان هەیە لە ناسینەوەی وشەکان ( Miles, & Miles, 1999, p.12; Macmeeken,1939, p.67-68).

### ٣.٣.٢ لە ساڵانی ١٩٥٠ز بۆ سەرەوە:

ئەوەی باسکرا ئەوە بوو تا کاتی ئۆرتن دیسلێکسیا زیاتر لەلایەن پزیشەکان و بە تایبەت تر دەمارناسەکان و پزیشکانی پسپۆڕی بینین کاری لەسەر دەکرا. بەڵام لە دوای ساڵی (١٩٥٠)ەوە پسپۆڕانی بواری دەروونزانی، سایکایەتری، کۆمەڵناسی و پەروەردە توێژینەوە و تاقیکردنەوەکانیان لەسەر دیسلێکسیا دەستپێکرد. لەم سەردەمەدا تاڕادەیەک ململانێ هەبوو لە نێوان تیۆرەکانی توێژەران و کلینیکییەکان بۆ دەستنیشانکردنی نیشانەکانی دیلسێکسیا هەر لایەنێک بۆ پشتگیری کردن لە بۆچوونەکانی ئەرگیومێنتی خۆی دەخستەڕوو.

لە ساڵی ١٩٥٧ ماگدلین ڤێرنن (Magdalen Vernon ) پرۆفیسۆری بواری دەروونزانی پشتگیری خۆی بۆ بنەمای هۆکارەکانی تووشبوونی تاک بە دیسلێکسیا دووپاتکردوە، کە بریتین لە هۆکارەکانی (بینین، بیستن، کێشەی لۆژیکی)، ئەمانە کۆمەڵە هۆکارێکن بەهۆیەوە تاک دووچاری دیسلێکسیا دەبێتەوە، هەروەها بۆچوونی وابوو زۆرترین هۆکاری تووشبوون بە دیسلێکسیا دەشێت هۆکاری کلینیکی بێت ( McLeod, 1966, p. 143).

لە ساڵی (١٩٦٣) سامویل کیرک(Samuel Kirk) زاراوەی (پەککەوتنی فێربوونی) (Learning Disability) بەکارهێنا. ئەم زاراوەیە زیاتر پەککەوتنی خوێندنەوە دەگرێتەوە. بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو منداڵانەی ئاستی زرنگییان

ئاساییه، بەڵام بە هۆکارێکی نادیار مێشکیان کاریگەری نەرێنی لەسەر فێربوون دروستدەکات (Robaey, 2013, p.182).

لە ساڵی (١٩٦٥) دەمارناسی ئەمەریکی نۆرمان گەشویند (نۆرمان گەشویند-Geschwind) بە هاوکاری هاوەڵەکانی (هارۆڵد گوودگلاس- Harold Goodglass) و ( ئیدیث کاپلان-Edith Kaplan) لە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئەفازیای بۆستن بە قوتابخانەی بۆستن دەناسرێت سیندرۆمێکیان بە ناوی سەندرۆمی پەیوەندیی پچڕان (Disconnection syndrome) دۆزییەوە. لە لێکۆڵینەوەکانیاندا ئەوەیان دۆزییەوە مۆداڵی ڕێکخستنی زمان دەکەوێتە لای چەپی مێشکەوە. لە دەیەکانی کۆتاییدا تەکنیکی بزواندنی بەرگی مێشک ئەو توانایەی فەراهەم کرد، زاناکان بتوانن کەللەسەر هەڵگرن و هەندێک خاڵ لە مێشک ببزوێنن بۆ ئەوەی زانیاریی زیاتر لە بارەی ئەو ناوچانەی نیوە گۆکانی مێشک دیاری بکەن، کە بەرپرسی چارەسەرکردنی پرۆسەکانی زمانن. هەروەها توانییان ئەو ناوچانەی مێشک دەستنیشان بکەن کە هیچ بەشدارییەکیان نییە یان بەشدارییەکی کەمتریان لە پرۆسە زمانییەکان هەیە (Lorch, 2010, p.10-11 ). بڕوانە وێنەی ژمارە (١).

لە لایەکی ترەوە لە حەفتاکاندا زمانەوانەکان ڕوانینێکی جیاوازیان هەبوو بۆ تووشبوونی تاک بە دیسلێکسیا. لەماوەی ئەو ساڵانەدا گریمانەی کەموکوڕیی لە پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە. هەروەها لێکۆڵینەوەی زیاتر کرا لەسەر هۆکارەکانی گرانی و ئەستەمی لە ناسینەوەی وشە گوتراوەکان لە فۆنیمە جیاوازەکان پێکهاتوون. لە ئەنجامی ئەم تێکچوونانەدا تاک تووشی ئاستەنگی دروستکردنی پەیوەندیی دەبێت لە نێوان دەنگەکان و پیتە بینراوەکان کە تاک لە دوایدا بۆ دروستکردن و گۆکردنی وشە نووسراوەکان بە کاریان دەهێنێت. بۆیە لەم ساڵانەدا زیاتر ئەو تیۆرانە باوبوون باوەڕیان وابوو دیسلێکسیا تێکچوونی بینین نییە، بەڵکو تێکچوونێکە لە زمان. ئەمە زیاتر

ئەوە دەسەلمێنێت دیسلێکسیا تێکچوونێکی فۆنۆلۆژییە ( Castles & Friedmann, 2014, p.270).

لە ساڵی ١٩٧٩ توێژینەوەیەکی کەیسی ستەدی- دۆخی لەلایەن ( Galaburda, & Kemper, 1979, p. 98-99) لەسەر پیاوێک کە تووشی دیسلێکسیای گەشەسەندوو بووبوو ئەنجامدرا. لەم توێژینەوەیەدا توێژەران دۆکیومێنتی سەرجەم نەخۆشییەکان و شێوانەکانی خێزانەکەیان وەرگرت. لە توێژینەوەکەدا ئەوە دەرکەوت ئاستەنگی خوێندنەوە لەلای ئەندامانی ڕەگەزی نێری نزیکی خێزانەکەیان بەرز بووە. هەروەک شیکردنەوە توێکارییەکانی مێشکی پیاوەکە ئەوەی دەرخست زنجیرەیەک خانە لە بەشێکی مێشک تێکچووە. ئەم بەشە بەشێکی فراوانی نیوەگۆی چەپی مێشک دەگرێتەوە، بەمەش پیاوەکە دووچاری حاڵەتی (polymicrogyria) بوو (حاڵەتێکی گەشەی نائاسایی مێشکە لە پێش لەدایکبوون) ڕوودەدات، ئەمەش پەیوەندیی بە توێکڵی مێشکەوە هەیە و ئەم ناوچەیە دەکەوێتە لای چەپی مێشک بە ناوچەی قسەکردن دەستنیشانکراوە، بەپێی ئەم بۆچوونە، ئەم تێکچوونەی پێش لەدایکبوون بەهۆکاری سەرەکی تووشبوونی تاک بە دیسلێکسیا دادەنرێت. بڕوانە وێنەی ژمارە (١).

لە ساڵی ١٩٨٢ گەشویند و بیهن (Geschwind & Behan) تیۆرێکیان ناساند پەیوەندیی بە سیستەمی ئیمیونەوە (سیستەمی بەرگریکردن) هەبوو، ئەوە دەرکەوت، ئەو کەسانەی چەپەوانەن یان چاوی چەپ زیاتر بەکاردێنن زیاتر دووچاری دیسلێکسیا دەبنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەیەکی زۆر تری ڕەگەزی نێر دەکەونە ژێر کاریگەری دیسلێکسیا بە بەراورد لەگەڵ ڕەگەزی مێ. لە ساڵی (١٩٨٤) ئەو تیۆرانەی بواری دیسلێکسیا پەیوەندییان هەبوو بە تێکچوونی یادگە و بینین بەردەوام بوون. لەم کاتەدا تۆمسن (Tomson) لە ساڵی (١٩٨٤) ئەوەی دۆزیەوە دیسلێکسیا بەهۆی تێکچوونی یادگەوە دروست دەبێت، هەروەها وردتر تۆمسن باسی ئەوەی کرد قەبارەی کۆگاکردنی

یادگەی دیسلێکسەکان لە قەبارەی کۆگاکردنی خوێنەرە ئاساییەکان بچووکترە (Haynes,1987, p.94).

### ٤.٢ تیۆرەکانی دیسلێکسیا

هەروەکو بابەت و گرفت و شێوانە زمانییەکانی تر، کۆمەڵێک تیۆر باسی دیسلێکسیا دەکەن. تیۆرەکان جیاوازن و بە شێوازی جیاواز هۆکارەکانی تووشبوونی تاک بە دیسلێکسیا دەخەنەڕوو، بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدرێت تیۆرە باوەکانی دیسلێکسیا ڕوون بکرێتەوە:

#### ١.٤.٢ تیۆری کەموکورتیی بینایی

یەکێک لە کۆنترین گریمانەکان سەبارەت بە تووشبوونی تاک بە دیسلێکسیا دەگەڕێتەوە بۆ تیۆری کەموکورتیی بینایی. هەروەکو لە میژووی دیسلێکسیادا باسکرا، سەرەتای لیکۆڵینەوەکان سەبارەت بە دیسلێکسیا لەلایەن پزیشکەکانەوە و بەتایبەت تر پزیشکانی چاوەوە دەستی پێکرد. لە دیارترین ئەو پزیشکانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر دیسلێکسیا کردبوو بریتیبوون لە (Hinshelwood, Orton , Morgan,). ئەم پزیشکانە زاراوەی کوێریی وشەکانیان (Word blindness) بەکارهێنابوو. بە بۆچوونی لایەنگرانی ئەم تیۆرە، کەسانی دیسلێکس پیتەکان و وشەکان بە شێوازی پێچەوانە دەبینن بۆ نموونە گۆڕینی( P بۆ q، was بۆ saw، ton بۆ not) (Parker1985, p.59). (Hinshelwood) لە ساڵی (1895, p.1569) پێشنیازی ئەوەی کرد هەر تێکچوونێک لە سیستەمی بینین پەیوەندیی بە بینینی پیتەکان و وشەکان هەبێت دەبێتە هۆی تووشبوونی تاک بە کوێریی وشەکان.

(Orton, 1925, p. 605-607) جەختی زۆری کردەوە لەسەر کێشەی جێگۆڕکێکردنی پیتەکان و وشەکان لای دیسلێکسەکان، بە بۆچوونی ئۆرتن هۆکاری ئەم

جێگۆڕکێ کردنە دەگەڕێتەوە بۆ کۆگاکردنی شێوەی پیتەکان لە هەردوو لای نیوەگۆی مێشک، بەڵام ئەو شێوە و پیتانەی دەکەوێتە ناوچەی بەزیو (Non-dominant) لە بەشی ڕاستی مێشک، دەبێتە ئاوێنە یاخود ڕەنگدانەوە بۆ ئەو وێنانەی دەکەونە لای چەپی مێشک. بڕوانە وێنەی ژمارە (١).

یەکێک لە توێژینەوەکان لە بواری درکپێکردنی بینینی ئەنجامدرا پێشنیازی ئەوەی کرد، ئەو کەسانەی دووچاری دیسلێکسیا بوون پرۆسە بینینیەکان لا زۆر لاوازە. ئەم کاریگەری و لاوازییە لە هەندێک باردا دەردەکەوێت بە تایبەتی کاتێک تاک دووچاری خوێندنەوەی ئەو وشانە دەبێتەوە بۆشایی لە نێوان پیتەکانیاندا زۆرە ( Lovegrove & Heddle, 1980, p.529).

لە توێژینەوەیەکی تردا کە لەسەر (١٢) منداڵ ئەنجامدرا لە لایەن (Pavlidis,1981, p. 58-59) بە ناونیشانی ( Do eye movements hold the key to dyslexia)، لەم توێژینەوەدا ئەوە دەرکەوت کەسانی دیسلێکس لە کاتی خوێندنەوەدا کۆمەڵە جووڵەیەکی ناڕێک لە چاویندا ئەنجامدەدەن، هەر ئەم جووڵە ناڕێکانەی چاو دەبێتە هۆی ئەوەی کەسی دیسلێکس دووچاری لاوازی یاخود نزمی ئاستی خوێندنەوە ببێتەوە.

یەکێکی تر لە بۆچوونەکان سەبارەت بە تیۆری کەموکورتیی بینایی بریتییە لە فشار خستنە سەرچاو لە کاتی بینیندا. بەپێی ئەم بۆ چوونە ئەو کەسانەی کەوا فشاری چاویان لە کاتی بینیندا هەیە، بەردەوام گازندەی ئازاری چاو و ماندوبوونی چاوەکانیان دەکەن و دووچاری نائاسودەیی، ناڕەحەتیی و سەر ئێشە دەبن لە کاتی خوێندنەوەدا، یاخود لە کاتی بوونی ڕووناکی زیاد تووشی هەستیاری چاو دەبن و ئەمانەش گرفت بۆ خوێندنەوە لای تاک دروست دەکەن (Kriss & Evans, 2005, p.350).

### ٢.٤.٢ تیۆری کەموکوڕیی بیستن

هەندێک بۆچوونی جیاواز و پێشنیازی جیاواز هەیە سەبارەت بە تیۆری کەموکوڕیی بیستن. بەپێی ئەم تیۆرە، تووشبوونی تاک بە دیسلێکسیا هۆکارەکەی تەنیا بۆ تێکچوونی بینین ناگەڕێتەوە، بەڵکو هەندێکجار زیاتر لە هۆکارێک یان تێکچوونێک لە هەستەوەرەکان دەبێتە هۆی دووچاربوونی تاک بە دیسلێکسیا، بۆیە لێرەدا دەتوانرێت ئەوە بگوترێت یەکێک لەو تێکچوونانە کەموکوڕیی بیستنە.

هەر بەپێی تیۆری کەموکوڕیی بیستن، لە ماوەی گەشەی فۆنۆلۆژی لای تاک هەر کەموکوڕییەک لە کۆئەندامی بیستن و ناوچەی بیستن لە مێشک دەبێتە هۆکارێکی ڕاستەوخۆ بۆ دووچار بوونی تاک بە کێشەی بیستن و ئەمەش دەبێتە هۆی تووشبوونی تاک بە دیسلێکسیا. لە دوا جاردا ئەم کەموکوڕییە دەبێتە هۆی دووچاربوونی تاک بە ئاستەنگییەکانی فێربوونی خوێندنەوە و نووسین. لەگەڵ ئەوەشدا دیسلێکسیا هەندێکجار بەهۆی تێکچوونی ناوچەی بیستنی سەرەکییەوە لە مێشکدا دەبێت، بەپێی داتاکان دیسلێکسەکان توانای جیاکردنەوەی نێوان تۆنەکانی دەنگیان بە شێوازێکی خێرا نییە، هەروەها دیسلێکسەکان توانای جیاکردنەوەی دەنگەکانیان بەشێوازی یەک لە دوای یەکیان نییە (Tallal et al., 1993, p.28). بڕوانە وێنەی ژمارە (١).

بۆچوونێکی تر هەیە لەسەر تیۆری کەموکوڕیی بیستن لای ئەو منداڵانەی دووچاری تێکچوون لە پرۆسەی بیستن بوونەتەوە. بەپێی ئەم بۆچوونە منداڵانی تووشبوو بەم کەموکوڕییە زۆربەی کات لە منداڵانی ئاسایی هێواشترن لە وەرگرتنی سیگناڵە فیزیکییە ڕێکخراوەکانی بیستن. ئەگەر منداڵێکی تووشبوو بەم کەموکوڕییە بە بەراورد لەگەڵ منداڵەکانی تر هێواشتربوو، ئەوا ئەم کەموکوڕییانە لە دوو لایەنەوە کاریگەرییەکەی لەسەر تاک دەردەکەوێت، یەکەم، وەرگرتنی سیگناڵە دەنگییەکان بە شێوازێکی ناڕێک، کە هەندێکیان زۆر لاواز و هەندێکیان خێراتر دەبێت، دووەم، منداڵە

تووشبووەکان زۆر لاواز دەبن لە وەرگرتنی سیگناڵە دەنگییە کورتەکان ( Mody et al.,1997, p.202).

چەند بەڵگەیەک پاڵپشتی لە تیۆری کەموکوڕیی بیستن دەکەن، ئەوانیش بریتین لەوەی کە دیسلێکسەکان توانایەکی لاوازیان هەیە لە جێبەجێکردنی ژمارەیەک ئەرکی بیستن، لەوانە جیاکردنەوەی فریکوێنسییەکان، هەروەها بوونی  هەندێک کێشە لە وەڵامدانەوە فسیۆلۆژییە دەمارییەکان بۆ هەندێک لە وروژاندنە بیستنییەکان. یەکێک لە چالنێجیەکان لەسەر ئەم بۆچوونە ئەوەیە لەم لێکۆڵینەوانەدا توێژەران کاریان لەسەر درککردن بە وروژاندنی ناوشەی دەنگی لەگەڵ ئاستێکی نزمی توانا دەنگییەکان لەلای دیسلێکسەکان کردوە. لە ئەنجامدا ئەوە دەرکەوتووە، دیسلێکسەکان دەناڵێنن بە دەست جیاکردنەوەی فریکوێنسیەکان و بەکۆدکردنەوەی بیستراوەکان،  کە ئەمەش دەکرێت هۆکارەکەی بۆ  تێکچوونی دەماری لای تاک بگەڕێتەوە. لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی ئەم تیۆرە ئەوە دەرکەوتووە لاوازیی ئاستی بیستن لای دیسلێکسەکان بەهۆی کرۆکی دەماغەوە دروست دەبێت (McAnally & Stein, 1996, p.962).

ئەلفرید تۆماتیس (Alfred Tomatis) لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٦٠) پێشنیازی تیۆرێکی تایبەتی بە کەموکوڕیی بیستن کرد. تۆماتیس پێشنیازی ئەوەی کرد دیسلێکسەکان ئاستەنگییان هەیە لە بەکۆدکردنی فۆنیمەکان لەکاتی بیستندا و کردنەوەی هەمان ئەو کۆدانە لە کاتی دەربڕیندا. تۆماتیس زیاتر جەختی لەسەر کێشەی سیستەمی بیستن کردوە نەک کەموکوڕیی زمانی، بەو واتایەی ئەم کێشەیە بۆ کێشەی بیستن و گوێ لێبوون دەگەڕێتەوە نەک کێشەیەک یان کەموکوڕییەک لە زماندا هەبێت. بۆیە تۆماتیس لە تیۆرەکەیدا پێیوایە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کەموکورتیە دەبێت کەسی تووشبوو چارەسەری بیستن وەربگریت بۆ ئەوەی کێشەی پەیوەندیکردنی کەمبێتەوە (Guardiola, 2001, p.25).

هەروەها (Goswami et al., 2010, p.995) پێشنیازی ئاستە سەرەتاییەکانی پرۆسەی درکپێکردنی بیستنی لای دیسلێکسەکان کرد، دیسلێکسەکان لە کاتی خوێندنەوەدا جیاوازی ناکەن لە نێوان مەودای فریکوێنسیە جیاوازەکان لەگەڵ یەکتردا. ئەم جیاوازی نەکردنەش دیسلێکس ئاراستە دەکات بەرەو لاوازی، هێواشی، یان کەمی وردی لە پرۆسەی درککردنی بیستنی، ئەمەش لە کۆتاییدا کاریگەری لەسەر درککردنی زمان دەبێت.

بەپێی (Serniclaes et al., 2001, p.395) تاک سەرکەوتوو نابێت لە پرۆسەی بیستن و چارەسەرکردنی دەنگەکان بە شێوازێکی خێرا لە مێشکدا، ئەمەش زیاتر تایبەتە بە دەنگە کورتەکان. بۆیە  لەم بارەدا کاریگەریی لەسەر پرۆسەی گواستنەوەی دەنگەکان دروست دەبێت و لە کاتی گواستنەی دەنگەکاندا ئاستەنگی زیاتر بۆ تاک دروست دەبێت، بە تایبەتی کاتێک دەنگێکی بیستراو ئاماژە دەکات بە فۆنیمێکی جیاواز، بۆ نموونە گۆڕینی ( /ba/ لەگەڵ /da/). هەروەها چەند بەڵگەیەک هەیە سەبارەت بەوەی دیسلێکسەکان لاوازن لە پۆلێنکردنی درکپێکردنە بیستنیەکان کە بریتین لە (توانای تاک بۆ وەرگرتنی دەنگەکان، ناسینەوەیان، گواستنەوەیان، گۆڕینیان، پۆلێنکردنیان، ناردنیان بۆ بەشەکانی مێشک و شیکردنەوەیان).

بۆیە لەم ڕوانگەیەوە بۆچوونی لایەنگرانی تیۆری کەموکوڕیی بیستن دەبینین، کە هۆکاری تووشبوونی تاک بە دیسلێکسیا ڕاستەوخۆ لە ئەنجامی گەشەسەندنی کەموکوڕییەکان لە پرۆسەکانی بیستن و بەکارهێنانی فۆنیمەکانەوە دێتە ئاراوە، ئەمەش لە ئەنجامدا دیسلێکسەکان تووشی ئاستەنگی خوێندنەوە دەکات. بۆیە دەبینین زۆربەی سەرچاوەکان سەبارەت بە تیۆری کەموکوڕیی بیستن هۆکارەکانی تووشبوونی تاک بە دیسلێکسیا بۆ هۆکارە بایۆلۆژییەکان دەگەڕێننەوە.

### ٣.٤.٢  تیۆری کەموکوڕیی فۆنۆلۆژی

تیۆری کەموکوڕیی فۆنۆلۆژی  گریمانەی ئەوە دەکات کە دیسلێکسیا کار دەکاتە سەر توانای تاک بۆ پێشکەشکردنی بچووکترین دانەی زمان کە بۆ دەربڕین بەکاردێت ئەویش فۆنیمە. هەر بۆیە تیۆرە فۆنۆلۆژییەکان وای بۆدەچن کە دیسلێکسەکان تێکچوون و کەموکوڕییان هەیە لە پێشکەشکردن، کۆگاکردن و گەڕاندنەوەی فۆنیمەکان. هەروەها ئەم تیۆرە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە دیسلێکسەکان دووچاری لاوازی ئاستی خوێندنەوە دەبنەوە بەهۆی ئەو کێشانەی کە ئاماژەی پێکرا. ئەوەی ئاشکرایە فێربوونی سیستەمی ئەلفوبێ پێویستی بە فێربوونی گرافیم و فۆنیمەکان هەیە و یەکگرتنێک یان پێکەوە لکانێک لە نێوان پیتەکان و فۆنیمەکان دروست دەبێت. ئەگەر بێت و لە کاتی فێربوونی گرافیم و فۆنیمەکان ئەم فۆنیمانە بە شێوەیەکی لاواز پێشکەشکران، کۆگاکران یان گەڕێندرانەوە، ئەوا خوێندنەوە و سیستەمی ئەلفوبێ دەکەوێتە ژێر ئەم کاریگەرییەوە و تێکدەچێت، لەئەنجامدا تاک دووچاری تێکچوونی خوێندنەوە دەبێتەوە ( Bradley& Bryant,1978, p.746-747؛ (Peterson, & Pennington2012, p.2001).

کەموکوڕیی لە پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان لای دیسلێکسیەکان لە ئەنجامی تێکچوون و ناڕێکییەکی نادیار لە کاتی دەربڕیندا کە پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان دەشێوێنێت دروست دەبێت. بۆچوونێکی تر لەم تیۆرەدا  باس لە دروستکردنی پەیوەندیی دەکات لە نێوان لاوازیی زمانی، زانینی و ڕەفتاری تاکی دیسلێکس. ئەوەی ئەم تیۆرە پشت ڕاست دەکاتەوە ئەوەیە کە دیسلێکسەکان کارامەییە ئاگاییە فۆنۆلۆژییەکانیان لاوازترە بە بەراورد لەگەڵ خەڵکانی ئاسایی و لە کاتی دەربڕیندا و دەنگەکان دابەش دەکەن یان جێگۆڕکێ بە دەنگەکان دەکەن(Ramus et al., 2003, p.842).

زۆربەی بەڵگەکان ئەوە دەردەخەن، ئەم کەموکورتییە لە ناسینەوەی وشەکان بەهۆی چەند هۆکارێک دێنەئارا، ئەمانەش وەکو یەکێک لە کەموکوڕییە بنچینەییەکانی

کۆدکردنی ئەلفوبێ کاردەکاتە سەر فێربوونی خوێندنەوە. هەروەها باس لەوە دەکرێت، ئەم لاوازییە لە خوێندنەوە هۆکارەکەی بۆ توانا زانینییەکان دەگەڕێتەوە. ئەم توانا زانینیانەش بە شێوازێکی نادیار کاردەکەنە سەر کارامەییەکانی خوێندنەوە و نووسین. زۆربەی بەڵگەکان لەم بوارەدا ئەوە دەردەخەن لە زۆربەی حاڵەتەکاندا کارامەییە فۆنۆلۆژییەکان پەیوەندییان هەیە بە لاوازیی کۆدکردنی فۆنۆلۆژی لای تاک و لە ئەنجامدا ئەم هۆکارانە دەبنە هۆی تێکچوونی خوێندنەوە. هەر بەپێی ئەم بۆچوونە تێکچوون لە بینین، سیمانتیک و سینتاکس نابێتە هۆی تێکچوونی خوێندنەوە، بەڵکو هۆکارەکانی تێکچوونی خوێندنەوە بۆ بەکۆدکردنی پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان دەگەڕێتەوە( Vellutino, et al,. 2004, p.5). لەم بۆچوونەوە ئەوە دەردەکەوێت، بەهەڵە کۆدکردن یان سەرنەکەوتن لە کۆدکردنی وشەکان لە پیتەکان پێکهاتوون، یاخود بوونی هەر کەموکورییەک لە توانا زانینییەکان دەبێتە هۆی دووچاربوونی تاک بە دیسلێکسیا.

هەر بە بۆچوونی لایەنگرانی ئەم تیۆرە، هەر تێکچوونێک لە فێربوونی خوێندنەوە دەبێتە هۆی دووچاربوونی تاک بە دیسلێکسیا لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی هەڵەکردن لە کاتی خوێندنەوەدا یاخود بە هێواشی خوێندنەوە. ئەو کەسانەی تووشی دیسلێکسیا بوون توانای دەروونیی زانینی و ئاگاییە فۆنۆلۆژییەکان بەپێی تەمەنی ئێستایان کەمترە، بۆ نموونە کەسێک تەمەنی (٩-١٠)ساڵە بەڵام توانای زانینی و فۆنۆلۆژیی منداڵێکی (٤-٥) ساڵی هەیە. یەکێک لە خاڵە هەرە گرنگەکان، کە ئەم تیۆرە جەختی لەسەر دەکاتەوە ئەوەیە، زمانە جیاوازەکان فۆنۆلۆژیی جیاوازیان هەیە. لەو زمانانەی پرۆسە فۆنۆلۆجیەکانیان ناوێزەیی تێدەکەوێت (لە یاسا بەدەرەکان) (Irregular) وەکو زمانی ئینگلیزی، دیسلێکسیەکان هەڵەی زیاتر دەکەن و هەروەها خوێندنەوەیان لە ئاستی خوێندنەوەی گشتی و ئاسایی هێواشترە، بەڵام لە زمانە یاسابەند (regular)ەکانی وەکو ئەڵمانی، ئیسپانی، یاخود نەرویجی دیسلێکسەکان لەسەرخۆ دەخوێننەوە، بەڵام تەنیا چەند

هەڵەیەکی کەم دەکەن لە کاتی خوێندنەوەدا، ئاستەکەی کەمترە لەو زمانانەی ناوێزە (Irregular)ی تێدەکەوێت، ئەمەش لەبەرئەوەی بەکارهێنەرانی زمانە یاسابەندەکان (regular) یاسا فۆنۆلۆژییەکانیان ئاسانترە بۆ فێربوون (Guardiola, 2001, P.28).

هەندێکجار هۆکاری دیسلێکسیا و بە تایبەتتر لاوازیی پرۆسەی فۆنۆلۆژی دەگەڕێتەوە بۆ کێشەی گوتن، ئەمەش پەیوەندیی بە یادگەی کورتخایەنەوە هەیە و ئەم حاڵەتە لە کاتی دووبارەکردنەوەی ناوشەکان یاخود فێربوونی فۆنۆلۆژی زمانێکی تایبەتدا ڕوودەدات. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەو منداڵ و گەورانەی دیسلێکسن کێشەی یادگەی کورتخایەنیان هەیە، لە ئەنجامدا ئەم کێشەیەش دەبێتە هۆی لاوازی لە پرۆسەی بەبیرهاتنەوە و دەربڕین. بۆیە دیسلێکسەکان یادگەی کورتخایەنیان کێشەی زیاترە بە بەراورد لەگەڵ ئەو کەسانەی ئەم گرفتەیان نییە. هەر بەپێی ئەم بۆچوونە بە بەڵگە ئەوە سەلمێندراوە، لاوازیی یادگەی کورتخایەن، دەبێتە هۆی لاوازی و هێواشی لە پرۆسەی ناوهێنانی ئۆتۆماتیکی لای دیسلێکسەکان(Snowling, 2000).

لەگەڵ ئەوەی تیۆرەکان بۆچوونیان جیاوازە سەبارەت بە سروشتی کێشە فۆنۆلۆژییەکان، بەڵام بەگشتی تیۆرەکان و لایەنگرانی تیۆرەکان لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون، هۆکاری سەرەکیی تۆشبوونی تاک بە دیسلێکسیا دەگەڕێتەوە بۆ کەموکوڕیی فۆنۆلۆژی. بەپێی بۆچوونی تیۆری فۆنۆلۆژی پەیوەندییەکی زۆر نزیک لە نێوان تێکچوونی پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان و لاوازی پرۆسە هۆشەکییەکان و کێشە ڕەفتارییەکان هەیە. هەروەها هەندێکجار ئاستی پرۆسە دەمارییەکان دەبێتە هۆی دووچاربوونی تاک بە دیسلێکسیا، هەروەها هەر تێکچوونێکی ئەندامی لە گەشەی ناوچەکانی مێشک بە تایبەتی لای چەپی مێشک دەبێتە هۆی تێکچوونی پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان و تاک دووچاری دیسلێکسیا دەکات، چونکە گەشەی ناوچەکانی مێشک و

بەتایبەتتر لای چەپی مێشک پەیوەندیی بە پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان و ڕێنووسەوە هەیە(Ramus et al., 2003, p.842). بڕوانە وێنەی ژمارە (١).

### ٤.٤.٢ تیۆری کەموکوڕیی ئەلۆفۆنی

ئەوەی ڕوونە لەم تیۆرەدا درککردن بە ئەلۆفۆنەکان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە فێربوونی خوێندنەوە لای تاکەوە هەیە. بۆیە هەر تێکچوون یان کەموکوڕییەک لەم درککردنە دەبێتە هۆی تێکچوونی ئاستی خوێندنەوە لای تاک. ئەم تیۆرە لەسەر بنەمای ئەو بەڵگەیە گەشەی کردووە، کە دیسلێکسەکان بەدەست گۆڕانکاری لە درککردن بە قسەکردنەوە دەناڵێنن. واتە هەر تێکچوونێک لە درککردنی ئەلۆفۆنەکان ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر تاک و دەبێتە هۆی دووچاربوونی تاک بە دیسلێکسیا ( Noordenbos & Serniclaes, 2015 ,p.355).

بەپێی تیۆری کەموکوڕیی ئەلۆفۆنیک، دیسلێکسەکان لەکاتی گەشەکردنی درککردنی قسەکردندا ئەلۆفۆنەکان لە فۆنیمەکان جیاناکەنەوە. هەربۆیە لەجیاتی ئەوەی گوتن بە یەکەی ئەلوفۆن وەربگرن، گوتن بە فۆنیم وەردەگرن و ئەمەش بە درککردنی ئەلوفۆنیک دەناسرێت. ئەم سەرنەکەوتنە لە یەکخستن و لێکدانی کارەکتەرەکانی فۆنیمێک نابێتە هۆکاری سەرەکی بۆ تێکچوونی درککردنی بیستن یان ئاگای فۆنۆلۆژی (phonological Awareness)، بەڵکو هۆکاری سەرنەکەوتنی تاک لە جووتکردنی فۆنەتیک لەکاتی گەشەکردنی درککردن بە ئەلۆفۆنەکان دەبێتە هۆی ئەم تێکچوونە (Bogliotti et al., 2008, p.153; Serniclaes, 2011, p. 25).

هەر بۆیە لایەنگرانی ئەم تیۆرە پێیانوایە هەر ناوازەییەک لە درککردنی گوتن دەبێتە هۆکارێکی ڕاستەوخۆ بۆ تووشبوونی تاک بە دیسلێکسیا. هەروەها بەپێی تیۆری ئەلۆفۆنیک چەند هۆکارێک سیستەمی دەنگ و نووسینی ئەلفوبێ لەلای دیسلێکسەکان تێک دەدات، هەر ئەم تێکچوونە دەبێتە هۆی تێکدانی نەخشە ڕێگای گرافیم و فۆنیمەکان

یان تێنەگەیشتن لە بنەماکانی ئەلفوبێ لەلای دیسلێکسەکان ( Serniclaes et al,.2004, p.34). یەکێکی تر لە لایەنگرانی ئەم تیۆرە ناوچەی ئەلۆفۆنیکی لە مێشک دیاری کرد و وای بۆ دەچێت ناوچەی وەرگرتنی ئەلۆفۆنیک دەکەوێتە ناوچەی برۆکاوە (Serniclaes, 2011, p.31). بڕوانە وێنەی ژمارە (٢).

تیۆری ئەلۆفۆنیک ئەوە دەردەخات ئەو کەسانەی کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی دیسلێکسیاوە توانای ڕێکخستنی (IPA) نییە لە کاتی گەشەی درککردن بە گوتن (Serniclaes et al,.2004, p. 21). لەبەر ئەم هۆکارە درککردنی ئەلۆفۆنیک پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە دیسلێکسیاوە هەیە. ئەو منداڵانەی دیسلێکسن زۆربەی جار جیاوازی تەواو ناکەن لە نێوان سنووری ئەلۆفۆنەکان، هەروەها ئەو منداڵە دیسلێکسانە یەکەکانی ئەلۆفۆنیک بە تەواوی بەکارناهێنن ( Messaoud-Galusi et al., 2011, p.1698). هەر بۆیەش وا دەردەکەوێت ئەو کەسانەی دووچاری دیسلێکسیا بوون هەستیارییەکی زیاتر نیشاندەدەن بۆ زنجیرە ئەلۆفۆنیکەکان، ئەمەش لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی هەستیاری بۆ ئەلۆفۆنیک.

### ٥.٤.٢ تیۆری کەموکوڕیی ماگنۆسێلیەر

ئەم تیۆرە بە بەڵگەوە ئەوە دەسەلمێنێت هێواشی یاخود هەر کەموکوڕییەک لە کردارەکانی سیستەمی ماگنۆسێلیەر دەبێتە هۆی لاوازیی خوێندنەوە، چونکە ماگنۆسێلیەر پەیوەندیی بە سیستەمی بینینەوە هەیە ( Livingstone et al., 1991, p.7943). سیستەمی بینین لە دوو بەشی سەرەکیی هاوتەریب پێکهاتووە، ئەوانیش بریتین لە سیستەمی ماگنۆسێلیەر و پارڤۆسێلیەر. سیستەمی پارڤۆسێلیەر بەرپرسە لە بینینی ڕەنگەکان و درککردن بە ماوە و کاتی وردەکارییەکانی بینینەوە. لەکاتێکدا سیستەمی ماگنۆسێلیەر بریتییە لە وەڵامدانەوەی خێرا بۆ وورووژێنەرە بینینییەکان. بەپێی ئەم تیۆرە دیسلێکسیا لە ئەنجامی لاوازی لەناو ماگنۆسێلیەر دووچاری تاک دەبێتەوە، لەبەرئەوەی

ماگنۆسێلیەر بەشێکە لە سیستەمی بینین.  تێکچوونەکانی سیستەمی ماگنۆسێلیەر باس لە وەڵامدانەوەی خێرا و گۆڕاو دەکەن بۆ وروژێنەرەکانی بینین. بۆ نموونە تێکچوونی سیستەمی ماگنۆسێلیەر دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی وروژێنەرەکان. هەر بە بۆچوونی ئەم تیۆرە دیسلێکسیا لە ئەنجامی کەمبوونەوەی هەستیاری لە سیستەمی  ماگنۆسێلیەر دروست دەبێت، کە ئەمەش تاک دووچاری دیسلێکسیا دەکاتەوە ( Skottun, 2000, p.111).

(Stein and Walsh) لە ساڵی (1998, p.78) لەسەر تیۆری کەموکوڕیی ماگنۆسێلیەر ئەوەیان ڕوونکردەوە تێکچوونی کارکردنی ماگنۆسێلیەر تەنیا پەیوەندیی بە ئاستی بینینەوە نییە، بەڵکو گشتگیر ترە و پەیوەندیی بە چەند لایەنیکی تریشەوە هەیە، لەوانەش لایەنەکانی (بینین، بیستن و دەستلێدان). کاتێک مێشکۆڵە کۆمەڵە تێکراوێکی زۆری لە مێشکەوە بۆ دێت، ئەم تێکراوانە بەشێوازی ماگنۆسێلیەری جیاواز و فرەچەشن خۆیان دەردەخەن، ئەمەش لە ئەنجامدا کار دەکاتە سەر تاک و تاک دووچاری دیسلێکسیا دەکات. ئەم تیۆرە هۆکاری دیسلێکسیا بۆ تێکچوونێکی بایۆلۆژی دەگەڕێنێتەوە، ئەم تێکچوونە هۆکارێکە بۆ تێکچوونی بینین، بیستن، دەستلێدان، جووڵەیی، بزوێنەر و فۆنۆلۆژی. هەروەها ئەم تیۆرە گریمانەی ئەوە دەکات، ئەم تێکچوونە بەهۆی کێشەی بۆماوەوە دووچاری کۆرپەلە دەبێتەوە لە ناو ڕەحمی دایک لە کاتی گەشەی مێشکدا، بۆیە هەر بەپێی ئەم بۆچوونە، ئەم تێکچوونە بایۆلۆژی و بۆماوەییانە کاردەکەنە سەر سەرجەم بەشەکانی مێشک.

تیۆری کەموکوڕی سیستەمی ماگنۆسێلیەر وای بۆ دەچێت، سیستەمی ماگنۆسێلیەر سیستەمی پارڤۆسێلەر کپ دەکاتەوە لە کاتی جیاکردنەوەی بەشەکانی خوێندنەوەدا. بەپێی ئەم بۆچوونە ئەم کپکردنەوەیە لە کاتی خوێندنەوەدا کار دەکاتە سەر چالاکییەکانی سیستەمی پارڤۆسێلیەر و ئەمەش دەبێتە هۆی کۆتایی پێهێنان یان

نەهێشتنی چالاکییەکانی ئەم سیستەمە، ئەمەش لە ئەنجامدا کاریگەریی لەسەر پرۆسەی زانینی دەبێت و دیسلێکسەکان درک بە وردەکارییەکان ناکەن و ناتوانن لە پیتێکەوە بچنەر سەر پیتی دواتر و لەکاتی خوێندنەوەدا پیتەکانیان لێ تێکەڵدەبێت (Volkmann, 1986).

### ٦.٤.٢ تیۆری کەموکوڕیی مێشکۆڵە

مێشکۆڵە بەرپرسە لە ڕێکخستنی کات (مەودا)، ئاراستە و بۆشایی لە سیگناڵەکانی ( بینین، بیستن، دەستلێدان، وەرگرتنی هەستی قووڵ و جووڵە)، هەروەها مێشکۆڵە بەرپرسە لەوەی، ئەم زانیارییانە چۆن لەدەرەوە دێنە ناو مێشک و پاشان لە مێشکەوە دەچنە دەرەوە. لەلایەکی ترەوە مێشکۆڵە بەرپرسە لە چۆنیەتیی پەیوەندی کردن لە نێوان سیگناڵەکاندا. ئەم تیۆرە هۆکاری دووچاربوونی تاک بە دیسلێکسیا دەگەڕێنێتەوە بۆ هۆکاری نائاسایی لە مێشکولە ئەم ناوچەیە دەکەوێتە (ناوچەی پشتەوەی مێشک). تێکچوونی ئەم ناوچەیە دەبێتە هۆی پچڕاندن یان تێکچوونی گەشەی ئاسایی، ئەمەش دەبێتە هۆی تێکچوونی کۆنترۆڵکردنی بزوێنەری جووڵەیی، هاوسەنگی، یادگە، سەرنجدان، کارکردنی ئۆتۆماتیکی و خوێندنەوە (Ramus et al., 2003, p. 843). ئەمەش ئەوە دەردەخات کە مێشکۆڵە بەپرسە لە ڕێکخستنەوەی پرۆسەی دەربڕین، بۆیە لە هەندێک کاتدا دەربڕین بەهۆی کەموکوڕیی مێشکۆڵەوە کێشەی تێ دەکەوێت. ئەمەش تاک دووچاری کێشەی پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان دەکات و لە ئەنجامدا دیسلێکسیای لێ دەکەوێتەوە. لەهەمان کاتدا، ئەوەش ڕوونکراوەتەوە کە مێشکۆڵە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پرۆسە ئۆتۆماتیکییەکان بۆ کردارە فێربوونییەکان، لەوانەش فێربوونی پەیوەندی نێوان فۆنیم و گرافیمەکان لە کاتی خوێندنەوەدا(Stoodley, & Stein, 2011, p .110).

هۆکارە بایۆلۆژییەکان بە هۆکاری تێکچوونی مێشکۆڵە دادەنرێن. هەر نارێکی و ناتەواوییەک لە میشکۆڵە دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە بۆ پرۆسە زانینییەکان. ئەم هۆکارانە کاریگەریی لەسەر چەند لایەنێک دروست دەکەن لەوانە، یەکەم، مێشکۆڵە ڕۆڵی

سەرەکی دەبینێت لە کۆنترۆڵی جووڵەی بزوێنەری لە کاتی دەربڕین، هەر کەموکوڕییەک لە دەربڕیندا هەر وەکو باسکرا، سەردەکێشێت بۆ کێشە فۆنۆلۆژییەکان. دووەم، مێشکۆڵە ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە پرۆسەی فێربوونی ئۆتۆماتیکی، ئەم پرۆسەیەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە نووسین و خوێندنەوەوە هەیە. هەر کەموکوڕیی و لاوازییەک لە پرۆسەی ئۆتۆماتیکی کاردەکاتە سەر پرۆسەی فێربوونی فۆنیم و گرافیمەکان. لەلایەکی ترەوە لایەنگرانی تیۆری کەموکوڕیی مێشکۆڵە بە هۆکاری تێکچوونە جووڵەییەکان دادەنێن لە کاتی خوێندنەوەدا(Fawcett et al., 1996, p. 259).

تیۆری لاوازی مێشکۆڵە لە بواری دەمارناسی زیاتر گەشەی کرد بە بەڵگەی ئەوەی مێشکۆڵە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە کردارە زانینییەکان. ڕوونتر بڵێین تێکچوون لە گەشەی دەماری یان تێکچوون لە پێکهاتەی مێشکۆڵە هۆکاری سەرەکییە بۆ دەرکەوتنی نیشانەکانی دیسلێکسیا لە لای تاک(Ito, 1993, p. 450).

وێنەی (١) بەشەکانی مێشک



## ٧.٤.٢ تیۆری کەموکوڕیی سەرنجدان

فێربوونی هەموو شتێک لەلای مرۆڤ پێویستی بە وریابوون یاخود ئاگایی هەیە، واتە بەبێ ئاگایی پرۆسەی فێربوون ڕوونادات، بۆیە هەر لاوازییەک و تێکچوونێک لە پرۆسەی وریابوون ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی دەرکەوتنی نیشانەکانی دیسلێکسیا لای تاک. ئەو منداڵانەی دووچاری کێشەی فرە جووڵەیی و کەم ئاگایی ( Attention Deficit Hyperactivity Disorder (ADHD)) بونەتەوە، ئەگەری ئەوە هەیە دووچاری دیسلێکسیا ببنەوە. هەر بۆیە لە هەر چوار منداڵێکی تووشبوو بە (ADHD) منداڵێکیان دووچاری دیسلێکسیا دەبێتەوە(Vann, 2011).

(ADHD) بە حاڵەتێکی درێژخایەن دادەنرێت، کەسی تووشبوو دووچاری کەمی سەرنجدان دەبێتەوە، هەروەها (ADHD)ەکان ناتوانن سەرنج بدەنە شتە نزیکەکان و ڕێنماییەکان لە دەوروبەر وەربگرن. سەنتەری ( Centers for Disease Control and Prevention CDC) پێیوایە ئەوە منداڵانەی دووچاری (ADHD) بوونەتەوە لەهەمان کاتدا دیسلێکسیایان هەیە. هەروەها بەپێی ( International Dyslexia Association) تووشبوون بە (ADHD) وا لە تاک دەکات کێشەی ناڕەوانی هەبێت لە کاتی خوێندنەوەدا. هەندێکجار (ADHD)ەکان نازانن چییان خوێندوەتەوە، هەست بە ماندوویی دەکەن لە کاتی خوێندنەوەدا، لادانیان زۆر دەبێت لە کاتی خوێندنەوەدا، یان تووشی سەرلێشێوان دەبنەوە لەکاتی خوێندنەوەدا. تووشبووانی (ADHD) کێشەی خوێندنەوەیان هەیە و پاشان توانای تێگەیشتنیان کەمدەبێتەوە لەو شتانەی خوێندویانەتەوە. لەلایەکی ترەوە ئەم تێکچوونە کاریگەری لەسەر لایەنی دەربڕینیش دروستدەکات و توانا دەربڕینییەکانی تاک کەمدەبێتەوە. کەسانی تووشبوو بە (ADHD) کاتێک شتێک دەنووسن، دەست و خەتیان شێواو و تێکەڵە و زۆربەی کات هەڵەی

ڕێنووسییان هەیە، کە ئەمەش جۆرێک ئاریشەی ترە و پێیدەگوترێت (Dysgraphia) .(Legg, 2019)

هەر لەبەر ئەمەیە بە بۆچوونی هەندێک کێشەی سەرنجدان لەگەڵ دیسلێکسیا پەیوەندییەکی ئەرێنییان بەیەکەوە هەیە و زۆربەی کات بەیەکەوە ناویان دەهێنرێت. هەروەها زۆربەی کات لە تێبینیکردنە کلینیکییەکاندا دیسلێکسیا و کێشەی سەرنجدان بەیەکەوە دەردەکەون بە تایبەتی لە کاتی هەندێک هەڵسەنگاندنی وەکو خوێندنەوە و نووسین لەسەر هێڵێکی بەردەوام. زۆربەی کات تووشبووانی هەردوو حاڵەتەکە ناتوانن لە کاتی خوێندنەوە و نووسیندا لەسەر هێڵێک بەردەوام بن یان بە ڕاستی بنووسن، بەڵکو نووسینەکانیان بەرز و نزم دەبێتەوە (Augur, 1985)، وەرگیراوە لە( Moores1999, p.28). هەروەها بەپێی هەندێک لە توێژینەوەکان پەیوەندیی لە نێوان (ADHD) و دیسلێکسیا لە (١٥٪ بۆ ٥٠٪)یە (Biederman et al,.1996, p. 345). لە هەمان کاتدا پەیوەندییەک و لینکێک لە نێوان  توێکاری دەماری کەسانی تووشبوو بە  دیسلێکسیا و (ADHD)دا هەیە (Hynd et al.,1990, p. 920).

### ٥.٢  بنەماکانی دەستنیشانکردنی دیسلێکسیا

دیسلێکسیا بە یەکێک لە کێشەکانی خوێندنەوە و نووسین دادەنرێت، بەهۆی چەند هۆکارێکی جینی، دەماری، زانینی یان ژینگە کارلەسەر خراپتربوونی دەکات. دیسلێکسەکان بەپێی هۆکارە دەماری و جینی و فسیۆلۆژی و ڕەفتارییەکانەوە لێک جیادەکرێنەوە، هەروەها نیشانە و جۆرەکانی دیسلێکسیایان لا دەردەکەوێت. لەهەمان کاتدا دیسلێکسیا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە،  بۆیە لێرەدا باس لە چەند بنەمایەک دەکەین، کە کاردەکاتە سەر دووچاربوونی تاک بە دیسلێکسیا.

## ١.٥.٢ بنەمای جینی و بایۆلۆژیی دیسلێکسیا

دیسلێکسیا بنەمایەکی جیناتیکی هەیە، ئەوەش ڕوون بۆتەوە دیسلێکسیا لە خێزانەوە دەمێنێتەوە، واتە لە ڕێگای بۆماوەوە دەگوازرێتەوە. توێژینەوەکان چەند کرۆمۆسۆمێکیان ناساندووە، دەشێت ئەو کرۆمۆسۆمانە هەڵگری جینی دیسلێکسیا بن. لەگەڵ ئەوەشدا میکانیزمی وردی جینی و چۆنیەتی گواستنەوەی لە ڕێگای بۆماوەوە بە تەواوەتی ڕوون نییە ( Siegel, 2006, p. 583). هەروەها کۆمەڵەی دیسلێکسیای نێودەوڵەتی (International Dyslexia Association) پێشتر بە کۆمەڵەی دیسلێکسیای ئۆرتن ناسرابوو، لە ساڵی (١٩٩٤) لە چەند پێناسەیەکدا جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە دیسلێکسیا بنەمایەکی دەماری و بایۆلۆژی هەیە، زۆربەی کات تێکچوونە دەماری و بایۆلۆژییەکان لە ڕێگای خێزانەوە بۆ نەوەکانیان دەگوازرێنەوە. ئەم گواستنەوەیە کاریگەریی لەسەر وەرگرتنی زمان دەبێت لای تاک. هەر گۆڕانکارییەک و تێکچوونێک لە باری ئاسایی تاک دووچاری گرانی و شێوان دەکات لە وەرگرتنی زمان و دەربڕینی زمان ئەمەش لایەنەکانی پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان، خوێندنەوە، نووسین، ڕێنووس کردن، لەبەر نووسینەوە، دەست و خەت و هەندێکجار زانینی ژمارەکان دەگرێتەوە. هەر لە پێناسەکانیاندا ئەوەیان ڕوون کردۆتەوە دیسلێکسیا بەهۆی لاوازیی پاڵنەر، تێکچوونی هەستەوەرەکان، یاخود لاوازیی هەلی فێربوون و ژینگەی نەگونجاوەوە تووشی تاک نابێت، بەڵکو دیسلێکسیا لەوە دەچێت بە هەموو نیشانەکانیەوە کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا دووچاری تاک ببێتەوە، سەرەڕای ئەوەی ئەم کۆمەڵەیە ئەوەیان ڕوونکردۆتەوە دیسلێکسیا بە درێژایی تەمەن کاریگەرییەکانی لەسەر کەسی دیسلێکس بەردەوام دەبێت ( Reid et al.,2013, p.249).

زۆربەی جۆرەکانی دیسلێکسیا بە شێوەیەکی لاوەکی یان سەرەکی پەیوەندییان بە هۆکارە جێنێتیکییەکانەوە هەیە. تێگەیشتن لە ڕۆڵی جێنێتیک یارمەتی شارەزایان دەدات

لە دیاری کردن و پاڵپشتی کردنی ئەو منداڵانەی لە تەمەنی منداڵی نیشانەکانی دیسلێکسیایان لا دەردەکەوێت. هەروەها زانیاری دەربارەی ئەم بابەتە، هۆشیاری زیاترمان پێ دەدات لەسەر لایەنە دەماری و بایۆلۆژییەکانی تایبەت بە زمان و خوێندنەوە و نووسین. چەند بیر و بۆچوونێکی جیاواز هەیە سەبارەت بە کاریگەریی کرۆمۆسۆمەکان لەسەر تووشبوونی تاک بە دیسلێکسیا. بەپێی (Démonet et al.,2004, p.483) کرۆمۆسۆمەکانی (٦ و ١٨) کاریگەرییەکی زۆر گەورەیان هەیە لەسەر تێکچوونی توانای خوێندنەوە لەلای تاک. ناوچەی جێنۆمەکان لە دەیان و سەدان جینی هەڵبژێردراو پێکهاتوون، بەپێی توێژینەوەکان ئەم ناوچانە بەرپرسی هۆکارە بۆماوەییەکانن بۆ تووشبوونی تاک بە گرفت خوێندنەوە و نووسین.

Wilcke et al., 2012, p. 225

هەندێکجار گرفتی خوێندنەوە و نووسین بە درێژایی تەمەن کار دەکاتە سەر گەورەکان. بەپێی بۆچوونێکی تر کۆرمۆسۆمی (FOXp2) بە سەنتەری جێنێتیکی گەشەکردنی زمان دادەنرێت، بەپێی توێژینەوەیەک، پەیوەندییەکی ئەرێنی دۆزرایەوە لە نێوان تێکچوون لەگەڵ تووشبوونی تاک بە دیسلێکسیا (Wilcke et al., 2012, p. 225). هەروەها کرۆمۆسۆمەکانی 15 (DYX1)، (6p21.3-23) لەگەڵ (DYX2) پەیوەندییان بە تووشبوونی تاک بە دیسلێکسیا هەیە. هەرچەندە جینێکی دیاریکراو نییە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەبێت بە دووچاربوونی تاک بە دسیلێکسیا، بەڵام بەپێ توێژینەوەیەک لەسەر کۆمەڵە خێزانێکی نەرویژی ئەنجام دراوە ئەوە دۆزراوەتەوە جینی کرۆمۆسۆمی 2(DYC3) کۆمەڵە زانیارییەکی زۆرمان پێ دەدات لەسەر ئەو پرۆسانەی لە خوێندنەوە و ڕێنووسکردن بەشداری دەکەن، ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە هەر تێکچوونێک لەم جینانە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر خوێندنەوە و ڕێنووسکردن لای تاک دروستدەکات (Fagerheim et al.,1999, p.664).

بەپێی لێکۆڵینەوەکان، ئاگایی فۆنۆلۆژی، بە کۆدکردنی ڕێنووسی، (orthographic coding) یادگەی کورتخایەنی بیستن و ناوهێنانی خێرا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە هۆکارە بۆماوەییەکانەوە هەیە و لە خێزانەوە بۆ نەوەکانیان دەگوازرێتەوە. هۆکاری بۆماوەی خوێندنەوە (٥٠٪ بۆ ٦٠٪) کاریگەریی لەسەر تاک دەبێت، هەروەها هۆکاری بۆماوەیی ڕێنووسکردن (٥٠٪ بۆ ٧٠٪) کاریگەری لەسەر دەبێت. لە لایەکی ترەوە لەسەر بنەمای شیکردنەوەی پەیوەندیی نێوان جینۆمەکان، دەتوانین (٩) نۆ کاندیی ناوچەی جینەکانی (DYX1-DYX0) بناسێنین دوور یا نزیک پەیوەندییان بە دیسلێکسیاوە هەیە. بەڵام لەم دواییانەدا چوار کاندیدی جینی شیکردنەوەی سیستماتیکییان بۆ کرا، ڕۆڵیان هەیە لە دووچاربوونی تاک بە دیسلێکسیا، ئەو جینانەش بریتین لە (DCDC2, KIAA0319, ROBO1 and DYX1C1). بەپێی سەرچاوەکان سەرجەم ئەو جینانەی باسکران ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە گۆڕینی شوێنی دەماری و لە ئەنجامدا کاندینی جینی بۆ دیسلێکسیا دروست دەبێت ( Schulte-Koerneet al.,2006, p.436).

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە لەلایەن (Castleset al,.1999,p.77) ئەنجام دراوە، ئەوە دۆزراوەتەوە دیسلێکسیای فۆنۆلۆژی زیاتر لە خێزانەوە دەگوازرێتەوە. وێنەی (Functional magnetic resonance imaging) (FMRI) ئەوەیان دەرخستووە جیاوازی هەیە لەنێوان پێکهاتەی مێشکی دیسلێکسەکان و نادیسلێکسەکان. لە توێژینەوەکەیاندا ناتەواوی یان نائاساییان لە لای چەپی مێشکی دیسلێکسەکان دۆزییەوە بەتایبەت لە ناوچەکانی ( extrapyramidal and limbic systems, amygdala, hippocampus, parahippocampal gyrus, putamen and globus pallidus) بەشداری دەکەن لە دووچاربوونی تاک بە دیسلێکسیا ( Siegel, 2006,p. 583). بڕوانە وێنەی ژمارە (١).

زۆربەی بەڵگەکان ئەوە دەردەخەن دیسلێکسیای گەشەسەندوو (Developmental Dyslexia) لە ئەنجامی لاوازیی پرۆسەکردنی زانیارییەکان دووچاری تاک دەبێتەوە، هەروەها بنەمای ئەم لاوازییە بۆ کەموکوڕی و تێکچوونی دەماری دەگەڕێتەوە. لەماوەی سالآنی ڕابردودا، توێژینەوەکان لە بواری بایۆلۆژیای دەماری بۆ بنەماکانی دیسلێکسیا لە سێ بواری سەرەکیدا کاریان کردوە، بواری یەکەم، ئەم بوارە پەیوەندیی هەیە بە هەر نائاساییەکی مۆرفۆلۆژی بەهۆی هۆکارێکی نائاسایی لە ناوچەی (temporal plana)، یاخود هەر جۆرە لادانێک لە مێشکۆڵە دروست دەبێت. بواری دووەم، شیکردنەوەی هەر ناتەواویەک لە چالاکی جووڵەیی لای چەپی مێشک لە بەشی پێشەوە و لاجانە پل لەگەڵ ناوچەی برۆکا، توێژەران لەو باوەڕەدان هەر تێکچوونێک لە شێوازی کارکردنی ئەم ناوچانە کاریگەریی دەبێت لەسەر تێکچوونی فۆنۆلۆژی و لە ئەنجامدا تاک دووچاری دیسلێکسیا دەبێتەوە. بواری سێیەم، ئەم بوارەش دەگەڕێتەوە بۆ تێکچوونی توێکڵی دەماغ، ئەمەش دەکرێت ڕۆڵێکی گەورە بگێڕێت لە دووچاربوونی تاک بە دیسلێکسیا. هەر لادان و تێکچوونێک لە خانە (ماگنۆ-Magno)کان کاریگەری دەبێت لە پرۆسەکردنی زانیارییەکان و لە ئەنجامدا تێکچوونی فۆنیمەکانی بەدوادا دێت (Lenhard et al,2005,p. 403).

وێنەکانی مێشک ئەوە دەردەخەن هەندێکجار چالاکییەکانی مێشک لای کەسی دیسلێکس زۆر زیاترە لەوەی پێویستە. بۆیە هەندێکجار ئەم چالاکییە زیادانە وا لە دیسلێکس دەکات کێشەی پچڕانی هەبێت لە کاتی بینینی وشەکان و خوێندنەوەیان بە شێوازێکی ڕێک و ڕەوان. هەندێک بەڵگەی بایۆلۆژی و دەماری ئەوە دەردەخەن دیسلێکسەکان ناتوانن بە تەواوی پەیوەندیی دروست بکەن لە نێوان هێما دەنگییەکان لە کاتی بەرهەمهێنانیاندا، بۆیە پشت دەبەستن بە لەبەرکردنی وشەکان. یەکێک لە توێژینەوەکانی (FMRI) ئەوەی ڕوون کردۆتەوە سیستەمی دەماری دیسلێکسەکان لە

کاتی خوێندنەوەدا زیاتر پشت بە گەشەکردنی لەبەرکردنی وشەکان دەبەستێت نەک پشت ببەستن بە دروستکردنی سیستەمی پەیوەندیی ئۆتۆماتیکی لە نێوان دەنگ و هێماکان (Shaywitz, & Shaywitz 2003,.p.8).

### ٢.٥.٢ بنەمای زانینیی دیسلێکسیا

هەروەکو ڕوونە لایەنی زانینیی مرۆڤ زۆر بوار لەخۆدەگرێت، لەوانە بواری فێربوون، بواری بیرکردنەوە و بواری یادگە، کە هەر وەکو پێشتر باسکرا ئەم بوارانە پەیوەندییان بە لایەنی بۆماوەوە هەیە، لە هەمان کاتیشدا ئەم بوارانە پەیوەندییەکی توند و تۆڵیان بە توانا زانینییەکانەوە هەیە. توانا زانینییەکان بریتین لە پرۆسەی (بیستن، بینین، یادگەی کورتخایەن، یادگەی درێژخایەن، یادگەی کارکەر، هەڵگرتنی زانیاری و گەڕاندنەوەی، توانای زمانی دەربڕین، توانای بیرکردنەوە و توانای بەڵگەهێنانەوە)، هەر کەموکورتییەک لە توانا زانینییەکان ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر لایەنەکانی فێربوون لای تاک. هەروەها ئەوە ڕوون بۆتەوە کێشەی بە پرۆسەکردنی زانیارییەکان کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر توانای زانینی دەبێت لای دیسلێکسەکان، ئەمەش بە واتای ئەوەی هەر تێکچوونێکی زانینی کاریگەریی لەسەر تووشبوونی تاک بە دیسلێکسیا دەبێت. بۆ نموونە، کاتێک کەسێک وشەیەک دەخوێنێتەوە پێشتر نەیبینوە، دووچاری هێواشی لە گەڕاندنەوەی پیتەکان و دەنگەکان دەبێتەوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات ئەم پرۆسەیە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە یادگەی سیمانتیکی لە یادگەی درێژخایەنەوە هەیە و بە شێوازێکی نەرێنی کاریگەریی لەسەر یادگەی کارکەر دروستدەکات. لەم حاڵەتەدا یادگەی کارکەری گوتن یان دەربڕین توانایەکی سنووورداری دەبێت و پرۆسەی جێبەجێکردنی پیت و دەنگ و وشە زۆر هێواش دەبێتەوە و تاک دووچاری تێکچوونی جێبەجێکردنی پرۆسەی فۆنۆلۆژی دەبێتەوە. لەهەندێک حاڵەتدا چەند گۆڕانکارییەک ڕوودەدات لە سەرەتای دەستپێکی پیتێک یان دەنگێک یان وشەیەک، ئەم گۆڕانکارییانەش لە سەرەتای

گەیشتنی وروژێنەرەکان بە یادگەی کارکەر دروست دەبێت. پاشان ئەم گۆڕانکارییانە جێبەجێکردنی پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان لاواز دەکات. لەلایەکی ترەوە زانیارییە هەڵگیراوەکان و گەڕێندراوەکان پەرش و بڵاو دەبنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی تاک نەتوانێت بە تەواوی نووسینەکان بخوێنێتەوە. کاتێک دیسلێکسێک دەیەوێت شتێک بخوێنێتەوە، ئاستی وشیاری و ئاگایی بە شێوازێکی نەگونجاو دەگۆڕێت بۆ هەندێک زانیاری پەیوەندییان بە بابەتەکەوە نییە، ئەمەش کاردەکاتە سەر یادگەی کارکەر و تێکی دەدات (Hayenga & Loescher, 2009).

ئەم تیۆرە بۆچوونی وایە دیسلێکسەکان توانای بینینی وشەکانیان وەکو خوێنەرانی ئاسایی هەیە و دەتوانن لە ڕێگای بینینەوە لە بابەتە نووسراوەکان تێبگەن، بەڵام دیسلێکسەکان کێشەیەکی گەورەیان هەیە لە بەکۆدکردنی پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان و تێگەیشتن لە واتای فۆنیم و وشە بەکۆدکراوەکان (Jorm,1979, p.29). هەروەها گریمانەی ئەوە کراوە دیسلێکسیای گەشەکردوو دیسلێکسەکان دووچاری گرانی دەکات لە لێکدانەوەی واتایی بۆ بەکۆدکراوەکانی پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان. لە هەمان کاتدا ئەم گرانی و زەحمەتییە لە پرۆسەی دووبارە کۆددانانەوەی پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان لە ڕێگای تێکچوونی یادگەی کورتخایەن زیاتر شی دەکرێتەوە. هەروەها پێشبینی ئەوە کراوە دیسلێکسیای گەشەکردوو بنەمایەکی جینێتیکی و زانینی هەیە بەهۆی تێکچوونی لاجانە پل و تێکچوونی یادگەی کورتخایەن دووچاری تاک دەبێتەوە ( Jorm,1979,p.2).

هەروەکو دیارە فێربوونی ئەلفوبێ پێویستی بە مێشکە، مێشک دەبێت نەخشە ڕێگای مێشکی بۆ پیتەکان دروستبکات و پاشان فۆنیمەکان دروست بکات. تێکچوونی پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان کاریگەری لەسەر پێشکەشکردن و بە بیرهاتنەوەی دەنگەکان دەبێت لای تاک، لە ئەنجامدا ئەم تێکچوونە هەندێکجار بە سڕینەوە، زیادکردن و گۆڕینی هەندێک فۆنیم کۆتایی دێت. لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت بنەمای زانینیی دیسلێکسیا

بە تەواوی بنەمایەکی فۆنۆلۆژییە لەلایەن چەند توێژینەوەیەکەوە ئالانگاری کراوە بەوەی ئەو کەسانەی دووچاری دیسلێکسیا بوون هەندێکجار چەند کێشەیەکی تری وەکو تێکچوونی هەستەوەرەکانیان هەیە. بۆ نموونە، نزمی ئاستی کۆنترۆڵکردنی چەند فەرمانێکی بیستن پێویستی بە درککردن بۆ گوتنی خێرا و دەنگە ناوشەییەکانەوە هەیە. هەروەها ئەو کەسانە تێکچوونیان هەیە لە چەند فەرمانێکی بینینی بە تایبەت ئەوانەی پەیوەندییان بە درککردنەوە هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا بەڵگەکان ئەوە ڕوون دەکەنەوە مێشکی هەندێک لە دیسلێکسەکان ناتەواوی دەماریی بایۆلۆژییان لە سیستەمی بینین و بیستندا هەیە، ئەم ناتەواویەش ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە پرۆسە فۆنۆلۆژییەکانەوە هەیە، ئەمەش بە ڕێڕەوی ماگنۆسێلیەر ناسراوە. هەر بۆیە ئەم تێکچوونە کاردەکاتە سەر تێکچوونی بیستنی دەنگەکان و بینین ئەمەش لەوە دەچێت هەریەکێکیان بە جیا کێشەی خوێندنەوە دروست بکات(Ramus, 2001,p.393). توانا گشتییە زانینییەکان پەیوەندیی بە فەرمانە هەستییەکانەوە هەیە، زۆربەی کات جیاوازی لە پرۆسەی بینین و بیستن کاردەکاتە سەر زیرەکی ناگوتەیی. لەگەڵ ئەوەشدا، کارامەییەکانی گوتن بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە یادگەی کورتخایەنەوە هەیە کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی جێبەجێکردنی پرۆسە دەربڕینییەکان دەبێت (Ramus, 2001,p.394).

بنەمای زانینی دیسلێکسیا لە کاتی قسەکردندا دەردەکەوێت، کاتێک کەسێک دەیەوێت وشەیەک لە فەرهەنگی زەینی بگەڕێنێتەوە بۆ دروستکردنی فۆنیمێکی گونجاو بە مەبەستی دروستکردنی وشەیەک، فۆنیمەکە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ڕێکدەخات، پاشان وشەکە دەردەبرێت بۆ خەڵکی ئاسایی فۆنیمەکان ڕوونن، بەڵام بەهۆی چەند هۆکارێکی نادیارەوە فۆنیمەکان لە لای دیسلێکسەکان ڕوون و ئاشکرا نین، ئەمەش کاریگەرییەکی گەورە لەسەر قسەکردن و خوێندنەوە لای دیسلێکسەکان دروستدەکات. لە کاتی قسەکردندا دیسلێکسەکان هەندێکجار فۆنیمێک لە یادگە دەگێڕننەوە زۆر نزیکە یان

هاوشێوەی ئەو فۆنیمەیە، کە ئاخێوەر مەبەستی دەربڕینی هەیە، لە ئەنجامدا دیسلێکسەکان دەیانەوێت وشە دروستەکە دەرببڕن، بەڵام وشەیەکی نزیک یان هاوشێوەی وشە دروستەکە دەردەبڕن. لەکاتی خوێندنەوەدا، توانای تاک بۆ جیاکردنەوەی دەنگەکانی وشە دەربڕاوەکان و پاشان دروستکردنی پەیوەندیی لە نێوان وشەکان زۆر گرنگە. ڤێلکرۆ بەرپرسە لە دروستکردنی پەیوەندیی لە نێوان پیت و وشەکان. ئەگەر منداڵێک یان گەورەیەکی دیسلێکس نەتوانێت پەراوێزی دەنگەکان بە جیا بکات، ئەوا کەسی تووشبوو ناتوانێت هیچ پەیوەندییەک لە نێوان پیت و فۆنیمەکان دروست بکات (Shaywitz & Shaywitz, 2003, p. 8).

### ٣.٥.٢ بنەمای ژینگەیی دیسلێکسیا

هەروەکو باسمان کرد بنەمای سەرەکی تووشبوونی تاک بە دیسلێکسیا بۆ بۆماوە و تێکچوونی دەماری و تێکچوونی پرۆسە زانینییەکان دەگەڕێتەوە. ئەو بنەمایانەی دیسلێکسیا لەلایەن چەندین توێژینەوە و تاقیکردنەوەیەک پشت ڕاستکراونەتەوە. بەڵام لە هەندێک سەرچاوەی کەم باس لە بنەمای ژینگەیی دیسلێکسیا دەکرێت. هەندێکجار دەگوترێت منداڵ دووچاری لاوازیی خوێندنەوە دەبێتەوە بەهۆی کەمی ئەزموونی خوێندنەوە و نووسینەوە، یاخود بەهۆی فێرکردنی نارێک تاک دووچاری گرفتی خوێندنەوە دەبێتەوە. هەندێک باوەڕیان وایە ئەگەر منداڵ کێشەی بایۆلۆژیشی نەبێت، لەوە دەچێت بەهەڵە فێرکردن لە تەمەنێکی کەمی منداڵییەوە وایلێبکات کە نەتوانێت ئەرکی پرۆسە زمانییەکان وەکو خۆیان جێبەجێ بکات. لێرەدا دەکرێت پرسیارێک بکرێت، ئایا هیچ بەڵگەیەکی زانستی هەیە بە تەواوی ئەوە بسەلمێنێت، دەکرێت ژینگە تاک تووشی دیسلێکسیا بکات؟ وەڵامەکەی لەلایەن (Sandman, 2013) دراوەتەوە دەڵێت نەخێر، هیچ بەڵگەیەکی تەواوی زانستی نییە ئەو بۆچوونە بە تەواوی بسەلمێنێت دیسلێکسیا بنەمایەکی ژینگەیی هەیە. بۆ نموونە، کاریگەریی خواردنەوەی مادە کهولییەکان لە کاتی

سکپڕی منداڵ تووشی دیسلێکسیا بکات. هەروەها لەوە دەچێت ئەگەر منداڵێک لە ژینگەیەکی پەروەردەیی لاواز گەورە بێت دووچاری دیسلێکسیا یان تووشی گرانی لە خوێندنەوە و نووسین ببێتەوە، بەڵام لەگەڵ گۆڕینی ژینگەکەی لە تەمەنی منداڵیدا زۆر بە زوویی ئەم حاڵەتە چارەسەر دەبێت.

دیسلێکسیا بنەمایەکی دەماری بایۆلۆژی هەیە و فاکتەرە ژینگەییەکان کاریگەرییان دەبێت لەوەی لە چ ئاستێک و لە چ بەشێک ئەم شێوانە دەربکەوێت. بارودۆخە دەرەکییەکان بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن، ئایا ئەم تێکچوونە بە شێوان هەژمار دەکرێت یاخود نا؟ ئەگەر بێت و خەڵک پێویستی بە خوێندنەوە و ژماردن نەبێت، دیسلێکسیا بوونی نابێت. هەروەکو سەندرومەکانی تر، دیسلێکسیا بنەمایەکی کلتووری هەیە. ژمارەی دیسلێکسەکان زیاد دەبێت لە ژینگەیەک کە گەشەی سروشتی لاواز بێت و پشتگیری لە پێداویستییەکانی گەشەی تاک نەکرێت. دایک و باوکان تەلەفزیۆن بۆ منداڵەکانیان هەڵدەکەن لە جیاتی ئەوەی شتیان بۆ بخوێننەوە، واتە منداڵەکانیان پشتگوێدەخەن، هەندێکجار هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەندێک لە خێزانەکان هەست بە زەحمەتی خوێندنەوە دەکەن. لە ئەنجامدا ئاستی فەرهەنگی منداڵ و گەشەی بنەما زمانییەکانی منداڵ بە تەواوی گەشە ناکات. ئەم کاریگەرییانە لە کۆتاییدا دەردەکەون ئەگەر قوتابخانەکان نەتوانن ئەم بۆشاییە پڕبکەنەوە ئەوا منداڵ دووچاری سەرنەکەوتن لە پرۆسەی فێربوون دەبێتەوە. هەر بۆیەش زۆربەی کات منداڵەکان دووچاری زەحمەتی دەبن لە ناسینەوەی پیتەکان. ئەمەش هەندێکجار لە داهاتوودا کاریگەری خراپتر دروستدەکات و دەبێتە هۆی تێکچوونی خوێندنەوە هەندێکجار لەوە دەچێت ئەم گرفتانە وا لە منداڵ بکات بە درێژای تەمەنیان ئاستی خوێندنەوەیان زۆر خراپ بێت (Gyarmathy, 2016, p.19).

توێژینەوەیەک لەسەر (١٢٣) قوتابی پێگەیشتووی نێر کراوە بۆ زانینی ئەوەی، ئایا ئاستی بنەمای ژینگەیی کاریگەریی لەسەر کارامەییەکانی خوێندەواری هەیە؟

هەروەها دیاریکردنی کاریگەری ئەو فاکتەرە ژینگەییانەی دەبنە هۆی گرانی لە خوێندنەوەدا. لە توێژنەوەکەدا جەخت لەسەر گۆڕاوەکانی خوێندنەوە بۆ کاتێکی دوورو درێژ، تێگەیشتن، ڕێنووسکردن، خوێندنەوەی وشە و توانای فۆنۆلۆژی کراوەتەوە، ئەمەش بە دروست کردنی پەیوەندیی لەگەڵ فاکتەرەکانی حاڵەتی ماڵەوە، حاڵەتی قوتابخانە، ژینگەی خوێندەواری، دەکرێت بگوترێت ئەمانە سەرجەمیان بنەمای ژینگەیین. لە ئەنجامی توێژینەوەکە ئەوە دەرکەوت بنەمای کلتووری و کۆمەڵایەتی کاریگەری هەیە لەسەر دیاریکردنی تواناکانی خوێندنەوە و دووچاربوونی تاک بە کێشەی خوێندەوە (Samuelsson & Lundberg, 2003,p.201).

کاتێک باسی بنەمای ژینگەیی بۆ دیسلێکسیا دەکەین، ڕاستەوخۆ باسی بنەما کۆمەڵایەتییەکان دەکەین کە ئەمانەش (هەژاری، کێشە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان باوان، نەبوونی هۆکاری فێرکردنەی دروست) دەگرێتەوە، کە بنەمای بایۆلۆژی و دەماری نین، بەڵام لە ڕاستیدا بنەما ژینگەییەکان پەیوەندییان بە بنەما بایۆلۆژی و دەماری و زانینییەکانەوە هەیە. بۆ نموونە کاریگەریی بایۆلۆژیی ژینگەیی بۆ کەموکوڕیی دەگەڕێتەوە بە تایبەت کەمی چەوری و ترشەکان دەگەڕێتەوە لە جەستەدا. لە ڕاستیدا، لە پێناسەکانی دیسلێکسیادا، ئەو بنەما دەرەکییە ژینگەییانەی کاریگەرییان لەسەر دیسلێکسیا هەیە ڕەت کراوتەوە و هەر باس نەکراوە. هەر بۆیە گرنگی نەدان بە لایەنی فێربوونی خوێندنەوە و نووسین لە ژینگەدا لەوەدەچێت تاک دووچاری نیشانەکانی دیسلێکسیا بکاتەوە. بەڵام بە بەڵگەوە ئەوە سەلمێندراوە ژینگەیەکی لەبار و تەندروست لە ماڵەوە و قوتابخانە یارمەتی گەشەی خوێندنەوە لای تاک دەدات (The Open University,2016, p.41).

### ٦.٢ جۆرەکانی دیسلێکسیا

دیسلێکسیا چەند جۆر و شێوازێکی هەیە و هەر جۆرێکی کار لە سەر لایەنێکی دیاریکراو دەکات. سەرەتا باس لە هەر دوو جۆرە سەرەکییەکەی دیسلێکسیا دەکەین و

پاشان دەچینە سەر جۆرەکانی تری دیسلێکسیا بەسەر چەند لقێکدا دابەشدەبن. جۆری یەکەمی دیسلێکسیا بریتییە لە دیسلێکسیای وەرگیراو، ئەم جۆرە بە شێوازێکی گشتی کاتێک دەردەکەوێت کەسێک فێری ئەوە دەبێت چۆن بخوێنێتەوە. دیسلێکسیای وەرگیراو (Acquired Dyslexia ) ئەم جۆرەی دیسلێکسیا زۆربەی کات لە ئەنجامی هێدمە یان زەبری مێشکەوە دروست دەبێت و کاریگەریی لەسەر شێوازی خوێندنەوە دروستدەکات. جۆری دووەمی دیسلێکسیا بە دیسلێکسیای گەشەسەندوو ( Developmental Dyslexia) ناسراوە، ئەم جۆرەی دیسلێکسیا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کێشانەی خوێندنەوە لە کاتی گەشەکردنی کارامەیی خوێندنەوەدا دووچاری تاک دەبێتەوە ( Christo et al.,2009, p.9). دیسلێکسیای گەشەسەندوو بەوە دەناسرێتەوە کەسی تووشبوو دووچاری جۆرە پەککەوتنێکی خوێندنەوە دەبێت لە کاتێکدا هەستەوەرەکان و لایەنی زیرەکی کەسی تووشبوو لە بارێکی ئاسایدان (Démonet et al., 2004, p. 1451). ئەو کەسانەی دووچاری دیسلێکسیای گەشەسەندوو دەبنەوە سەرەڕای ئەوەی زۆر بە باشی فێرکراون، گرانی و زەحمەتییان هەیە لە ناسینەوەی وشەکان، خوێندنەوەی پاراوی وشەکان و ڕێنووسکردنیان (Peterson & Pennington, 2012,p. 1997). لێرەدا بە وردی باسی جۆرەکانی دیسلێکسیا دەکەین.

**١.٦.٢ دیسلێکسیای فۆنۆلۆژییانە**

ئەو کەسانەی تووشی دیسلێکسیا بوون کێشەیان هەیە لە بەرهەمهێنانی پرۆسە دەنگییەکان لەکاتی قسەکردندا پێویستن بۆ دروستکردنی وشەکان. دیسلێکسیای فۆنۆلۆژییانە بریتییە لە گرانی لە خویندنەوەدا، ئەمەش بەهۆی تێکچوونی پرۆسە فۆنۆلۆژییەکانەوە دووچاری تاک دەبێتەوە، بە واتای ئەوەی کەسی دیسلێکس توانای چارەسەرکردنی بنەما دەنگییەکانی نییە، هەروەها کەسانی تووشبوو بە شێوازێکی ئاسان توانای دابەشکردنی دەنگەکان و یاریکردن بە دەنگەکانیان نییە. دیسلێکسیای فۆنۆلۆژییانە

وەکو ڕەنگدانەوەیەکە بۆ دیسلێکسیای ڕووکەش و  کەسانی تووشبوو بە دیسلێکسیای فۆنۆلۆژییانە کێشەیان لە خوێندنەوەی ناوشەکان هەیە ( Christo et al.,2009, p.9; Friedmann& Coltheart, 2016, p.23; Stemmer& Whitaker,2008, p.3).

دیسلێکسیای فۆنۆلۆژییانە بریتییە لە تێکچوونی خوێندنەوە، هەندێکجار لە ئەنجامی برینداربوونی مێشک، زەبری مێشکی، جەڵتە، یان هەر تێکچوونێکی گەشەسەندوو دروست دەبێت و ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر پرۆسەی خوێندنەوە ( Dérouesné & Beauvois,1979,p.1125). بە شێوازێکی گشتی دیسلێکسیای فۆنۆلۆژی بەهۆی تێکچوونی ناوچەیەکی گەورە لە بەشی پێشەوەی لای چەپی مێشک دروست دەبێت (Stemmer& Whitaker,2008,p.1). بڕوانە وێنەی ژمارە (١).

کەسانی تووشبوو بەم جۆرەی دیسلێکسیا هەندێکجار کێشەیان نییە لە خوێندنەوەی ئەو وشانەی پێشتر بە شێوازێکی ڕێک لە فەرهەنگی زەینی ڕێنووسیان کۆگاکراوە، کەواتە ئەو کەسانەی دیسلێکسیای فۆنۆلۆژییان هەیە ناتوانن بە ڕێکوپێکی وشە نوێیەکان بخوێنەوە. هەندێکجار ئەم کێشەیە خراپتر دەبێت کاتێک کەسێک دەست بە خوێندنەوە دەکات و هەموو وشەیەک لە لای دەبێت بە وشەیەکی نوێ، هەروەها کەسانی تووشبوو ناتوانن هیچ وشەیەک لە ڕێگای فەرهەنگی زەینی بخوێننەوە. کەسانی تووشبوو بە دیسلێکسیای گەشەسەندووی فۆنۆلۆژی لەم حاڵەتانەدا کاتێکی زیاتریان پێوستە بۆ خوێندنەوە. بە گشتی توانای خوێندنەوەیان لە پۆلی یەکەم یان دووەم یان هەندێکجار بگرە درەنگتریش دەستپێدەکات (Friedmann& Coltheart, 2016,p.23).

یەکێک لە نیشانە دیارەکانی دیسلێکسیا بریتییە لە لاوازی لە کارامەییە فۆنۆلۆژییەکاندا. لە (٧٥٪) دیسلێکسەکان کێشەی پرۆسە فۆنۆلۆژییەکانیان هەیە، هەر بۆیە لە زۆربەی پێناسەکانی دیسلێکسیادا ئاماژە بۆ کێشە و چارەسەرکردنی پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان کراوە. ئەو کەسانەی دووچاری ئەم جۆرە دیسلێکسیایە بوونەتەوە بە

چەند نیشانەیەک دەناسرێنەوە لەوانە، تێکەڵکردن و گۆڕینی ئاستی دەنگەکان لە مێشک، جیاکردنەوەی دەنگەکان بەتایبەت کێشەی دەربڕینی دەنگە ڤاوڵە کورتەکان، جیاکردنەوەی بڕگەی وشەکان، تێکەڵکردنی ئەو وشانەی کە لە ڕووی فۆنۆلۆژییەوە لێکنزیکن ( Nasyy Dyslexia Traning, 2017).

کەسانی تووشبوو بە دیسلێکسیای فۆنۆلۆژی ناتوانن دەنگی وشەکان بە تەواوی دەرببڕن، هەر بۆیە بەردەوام کێشەی خوێندنەوەی وشە نوێیەکانیان هەیە، نەبوونی ئەم توانایەش بۆ دەربڕینی دەنگی وشەکان، پرۆسەی دۆزینەوەی وشەکان لە فەرهەنگی زەینی، کۆدکردن و تێگەیشتن لە فۆنیمەکان دەگەڕێتەوە. کەسانی تووشبوو بە هەڵە وشەکان دەخوێننەوە لە کاتی قسەکردن، ناتوانن فۆنیمەکان بە تەواوی دەرببڕن، هەندێک دەنگ لە وشەکاندا دەکرتێنن یان ڕیزبەندی دەنگی وشەکان تێکدەدەن. کاتێک دەیانەوێت وشەیەک ڕێنووس بکەن زۆربەی کات هەڵە دەکەن، زۆربەی کات دەنگێک زیاد دەکەن، یان دەنگێک دەگۆڕن، دەنگێک دەکرتێنن، یاخود ڕیزبەندی دەنگەکان دەگۆڕن. کەسانی تووشبوو زۆربەی کات کێشەی ئەوەیان هەیە بیریان نایەتەوە، کە دەیانەوێت چی بڵێن. لە کاتێکدا دیسلێکسەکان دەتوانن زانیارییە گشتیەکانیان بە بیر خۆیان بهێننەوە، بەڵام ناتوانن وردەکاریی زانیارییەکانیان بیر بێتەوە. ئەمە بە واتای ئەوە دێت یادگەی دەربڕینیان لاوازە. هەندێک لە تووشبوانی دیسلێکسیای فۆنۆلۆژی کێشەی شیکردنەوەی ئەو شتانەیان هەیە کە خەڵکی تر دەیلێن، واتە بە هەڵە لە قسەی خەڵک تێدەگەن (Hultquist, 2006,p. 19-20).

کەسانی تووشبوو بە دیسلێکسیای فۆنۆلۆژی لە کاتی قسە کردندا ئەم هەڵانە دەکەن ( Trainبۆ Twain، animal بۆ aninal). هەروەها لە کاتی نووسیندا ( black بۆ back، Adam بۆ Anad، table بۆ talb، bicycle بۆ bycle). هەروەکو باسمان کرد کێشەی تێگەیشتن و بە بیرهاتنەوەی ئەو شتانەیان هەیە، خەڵکی تر پێی گوتوون،

بۆ نموونە کاتێک بە دیسلێکسێک دەڵێن (bring out the trash) وا تێدەگەن کە پێیانگووتووە (brain has a rash) (Hultquist, 2006,p. 19-20).

لە زمانی کوردییدا، دیسلێکسەکان کەسانی تووشبوو بە دیسلێکسیای فۆنۆلۆژی لە کاتی قسە کردندا ئەم هەڵانە دەکەن، بۆ نموونە (بۆست دەگۆڕن بۆ پۆست، چاکەت بۆ پاکەت، قەپ بۆ قاپ، دۆز بۆ تۆز)، هەروەها لە کاتی خوێندنەوەدا پیتە لێکنزییکەکان جیاناکەنەوە بۆ نموونە (پ و ب، ت و ن)، (ج و چ، ح و خ)، (ر و ڕ، ل و ڵ). هەندێکجار سەریان لێدەشێوێت لە ناسینەوەی هەندێک وشەی وەکو (ژیر و ژێر، ساڵ و شاڵ، زەنگ و ژەنگ).

هەروەها دیسلێکسیای فۆنۆلۆژی بریتییە لە تێکچوونی گەشەی بەرهەمهێنانی گرافۆنۆنێمیکی خوێندنەوە، ئەمەش بریتییە لە تێکچوونی زانیاری دەرباری ناسینەوەی پیتەکان و تێگەیشتن لە هێمای دەنگەکان و زانینی پەیوەندیی لە نێوان دەنگە جیاوازەکان (Démonet et al., 2004, p. 1451). لەهەمان کاتدا دیسلێکسیای فۆنۆلۆژی لە کاتی خوێندنەوە بە دەنگی بەرز بۆ ناوشەکان و وشەکاندا دەردەکەوێت یەکەم جار لەلایەن ( Beauvois and DerouesneÂ (1979; DerouesneÂ & Beauvois, 1979) باسی لێوەکراوە (Coltheart,1996,p. 749).

لە توێژینەوەیەکدا کە لەلایەن ( Rapcsak,2009,p.575) ئەنجامدراوە لەبارەی زانینی گریمانە جیاوازە تیۆرییەکان سەبارەت بەوەی، چۆن زیان کەوتن بە مێشک کاردەکاتە سەر میکانیزمە دەماری و دەروونییەکان، و چۆن ئەم تێکچوونانە پەیوەندییان هەیە بە تووشبوونی تاک بە دیسلێکسیای فۆنۆلۆژی. هەروەها تاقیکردنەوە کراوە لەسەر زمانی نووسین و قسەکردن لەلای ئەو نەخۆشانەی زیان بە ناوچەی پارسیلڤیان (perisylvian) لە مێشک کەوتووە، ئەم ناوچەیە بەشداری لە پرۆسە فۆنۆلۆژییەکاندا دەکات. پاش ئەنجامدانی تاقیکردنەوە لەسەر چەند کارامەییەکی خوێندنەوە و نووسین بە

شێوازی خوێندنەوە پێشکەش بە بەشداربووانی توێژینەوەکە کرا، مەبەست لەم کارامەییانەش بەرزکردنەوەی ئاستی فەرهەنگی بۆ بوارەکانی ڕێنووسی و خوێندنەوەی بەشداربووان بوو، لە ئەنجامی بەرزکردنەوەی ئاستی فەرهەنگی بەشداربووان ئەوە دەرکەوت ئاستی ڕێنووس و خوێندنەوەی بەشداربووانی توێژینەوەکە بەرەو خراپتر دەڕوات و نیشانەکانی دیسلێکسیای فۆنۆلۆژی لەلای بەشداربووان زیاتر دەرکەوت.

### ٢.٦.٢ دیسلێکسیای ڕووکەش

دیسلێکسیای ڕووکەش یەکەم جار لە ساڵی (١٩٧٣) لە لایەن ( Marshall and Newcombe) باسکراوە. دیسلێکسیای ڕووکەش بریتییە لە شێوانێک کە کەسی تووشبوو توانای خوێندنەوەی وشە ناوێزەکانی بە شێوازێکی تەواو نییە. هەروەکو دەزانین زمانەکان جیاوازن لە هێمادانانی پیتەکان و دروستکردنی دەنگ بۆیان. لە هەندێک زمان سەرجەم پیتەکانی وشەکان وەکو خۆیان دەخوێندرێنەوە بەبێ گۆڕانکاری و جیاوازی لە نێوان  پیتی نووسراو و دەنگەکەی، بەڵام لە هەندێک زماندا ئەم حاڵەتە جیاوازە. کەسانی تووشبوو بە دیسلێکسیای ڕووکەش سەرکەوتوو نابن لە خوێندنەوەی وشەکانی (colonel, yacht. Island, borough... هتد) لەبەرئەوەی لە هەندێک وشەدا هێمای نووسراو و دەنگەکەی بەپێی یاسا کار ناکات، بەڵام لە هەمان کاتدا لە خوێندنەوەی وشەکانی (state, hand, abdominal) لەوە دەچێت کێشەیان نەبێت ( Coslett & Turkeltaub2016, p. 796). هەروەها ئەم جۆرەی دیسلێکسیا بەوە دەناسرێتەوە، کەسی تووشبوو گرفتی لەگەڵ ناسینەوەی وشەکان بە گشتی هەیە لە کاتی نووسیندا، بە تایبەتتر کاتێک وشەیەک وا ڕێکدەکەوێت، شێوەی نووسینەکەی ناوێزەیە، نووسین و خوێندنەوەی وشەکە وەکو یەکتر نییە  ( Mather& Wendling, 2011,p. 330; Woollams, 2014, p. 6). کەواتە کەسانی تووشبوو بە دیسلێکسیای ڕووکەشی لەوە دەچێت بە توانا بن لە دەنگەکان، واتە دەتوانن بە تەواوی دەنگی وشەکان دەرببڕن،

تەنانەت ناوشەكانیش، بەڵام توانای پرۆسەی جێبەجێكردنی ئەو وشانەیان نییە، بە جۆرێک نووسراون و بە جۆرێكی تر دەخوێنرێنەوە (Bates, 2018).

دیسلێكسیای ڕووكەشی تاک دووچاری گرانی دەكات لە بەرجەستەكردنی واتا لیكسێكەكان، بە واتای ئەوەی كەسانی تووشبوو بەم جۆرەی دیسلێكسیا توانای ئەوەیان هەیە وشە لە ناوشەكان جیابكەنەوە، بەڵام توانای بەدەستهێنان و تێگەیشتنیان لە واتای وشە نووسراوەكانیان نییە لە فەرهەنگی لێكسیكی زەینییاندا. كەسانی تووشبوو زۆربەی كات سەركەوتوو نابن لە ناسینەوەی وشەكان بە شێوازێكی ڕاستەوخۆ، بەڵكو دەبێت وشەكان بە دەنگی بەرز بخوێننەوە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان دەنگەكان و پیتەكانی وشەیەک، یاخود هەندێكجار دیسلێكسەكان وشەیەک بە وشەیەكی نزیک خۆی دەچوێنن. هەروەها لە كاتی ڕێنووسكردن بە گشتی هەڵە دەكەن تەنانەت لەو وشانەی لە ڕووی فۆنەتیكەوە ڕێكن (Woollams, 2014,p. 6; Nayaka, 2017).

كەسانی تووشبوو بە دیسلێكسیای ڕووكەش توانای خوێندنەوەیان بە ڕێگای لێكسیكی نییە، بۆیە ناچار دەبن وشەكان بە شێوازی گرافیم وەكو وشەی نوێ بخوێننەوە. ئەمە تەنیا گۆڕانكاری لە فۆنیمەكان ناكات، بەڵكو خوێندنەوەش زۆر هێواشتر دەكاتەوە و دەبێتە هۆی دووچاربوونی تاک بە چەند كێشەیەک لەوانە، هەندێک وشە بە هەڵە بخوێندرێنەوە وەكو ( talk بە Walk، Knife بە knight )، یان هەندێكجار لە هەندێک باردا ئەم حاڵەتە خراپتر دەبێت، هەندێكجار وشەكان لە ڕێگای گۆڕینی لێكسیكێک بە لێكسیكی تر دەخوێننەوە، وەكو ( whose بۆ house، Iceland بۆ island، one بۆ own هتد). ئەم كێشانە هەندێكجار كێشەی تر دێنێتە ئاراوە لەوانە گرفتی تێگەیشتن لە هاوبێژەكان/ هاودەنگەكان وەكو ( witch و which)، ئەمەش هۆكارەكەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە تووشبووانی دیسلێكسیای ڕووكەشی گرفتی فۆنۆلۆژییان هەیە و ئەم

گرفتانەش کێشە بۆ ڕێگای لێکسیکی دروست دەکەن (Friedmann, Haddad-Hanna, 2014,p. 55).

دیسلێکسیای ڕووکەشی بە زۆری لە دێمینشای سیمانتیکی- لەناوچوونی یادگەی سیمانتیکی لە لایەنی زارەکی و نازارەکی- دەبینرێت. کەسی تووشبوو کێشەی مێشکی هەیە لە بەشی پێشەوەی لا تەنیشتەپلەکان، ئەمەش لە ئەنجامی نەچوونی خۆراکی تەواو پێویست بۆ ئەو بەشانەی مێشک دروست دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەنەکردنی تەواوی ئەو بەشانەی مێشک کە پەیوەندییان بە پرۆسە سیمانتیکییەکانەوە هەیە بە تایبەتی لەکاتی خوێندنەوەی وشەکان بە دەنگی بەرز(Woollams, 2014,p. 6). ئەم تێکچوونە لە بەهەڵە خوێندنەوەی ئەو وشانەدا زیاتر دەردەکەوێت ئاستی فریکوێنسیان نزمە. زۆربەی ئەو کەسانەی دیسلێکسیای ڕووکەشیان هەیە کێشەی سیمانتیکیشیان هەیە، زۆربەی کات پەیوەندیی بە خوێندنەوەوە نییە ( Coslett & Turkeltaub2016,p. 796).

لە زمانی کوردیدا، دیسلێکسەکان هەندێکجار توانای ناسینەوەی وشەکانیان نییە و لەسەر بنەمای بینراو وشەکان بەهەڵە حونجەدەکەن، لەبەر ئەوەی لەبری ئەوەی سەرنج لە هەموو وشەکە بدەن پێکەوە، سەرنجی هەر پیتێک بەجیا دەدەن تابتوانن ئەو دەنگە نوێنراوە بناسنەوە. واتە خوێندکارێک بتوانێت وشەی (گوڵ) بخوێنێتەوە، بەڵام بۆ خوێندنەوەی پیتێکی تاکی وەک (گ) تووشی ئاستەنگدەبێت (عبدولکەریم، ٢٠١٥، لا. ١١٠)

### ٣.٦.٢ دیسلێکسیای بینین

ئەم جۆرەی دیسلێکسیا بەوە دەناسرێتەوە کەسی تووشبوو کێشەی هەیە لە خوێندنەوە و بیرهاتنەوەی ئەو نووسینانەی پێشتر لەسەر لاپەڕەیەک بینراوە. ئەمەش بۆ ئەو هۆکارە دەگەڕێتەوە ئەم جۆرەی دیسلێکسیا کار دەکاتە سەر پرۆسەی بە کۆدکردنی بینین، بە واتای ئەوەی مێشک ناتوانێت وێنەی تەواوی ئەو شتانە وەربگرێت لە ڕێگای

چاوەوە بینراون. ئەمەش کار دەکاتە سەر فێربوونی پیتەکان، بە دەستهێنانی کۆنترۆڵکردنی نووسینەوە، خوێندنەوە، پرۆسەی بە بیرهاتنەوەی وشەکان و زانینی ڕیزبەندی (پیت یان دەنگی) وشەکان (Touch-type Read and Spell, 2019).

زۆربەی تووشبووانی دیسلێکسیای بینین کێشەی چاویان نییە، بەڵام گرفتی هەستکردن و درککردن و جووڵەی چاویان بۆ دروست دەبێت و لە پاشاندا توانای خوێندنەوەی وشەکانیان بەتەواوی نابێت. ئەمەش لە کاتێکدایە ئەو کەسانە ئاستی زیرەکیان تەواوە، بەڵام هەندێکجار نووسینەکان بە پێچەوانەوە دەخوێننەوە و هۆکاری ئەم کێشەیەش دەگەڕێتەوە بۆ نارێکی لە جووڵەکانی چاودا لە کاتی هەوڵدان بۆ خوێندنەوە. گرفتی خوێندنەوە لای تووشبوانی دیسلێکسیای بینین بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە کاتی خوێندنەوەدا پێویستە جووڵەی چاوەکانیان بە وردی کۆنترۆڵ بکرێت بۆ ئەوەی شوێنی ڕیزی پیتەکان و وشەکان بە تەواوی ڕێکبخرێت لە چاودا. توێژینەوەیەک لەسەر پشکنینی چاوبزواندن لای دیسلێکسەکان ئەنجامدرا، لە توێژینەوەکەدا ئەوە دەرکەوت زۆربەی دیسلێکسەکان سەرکەتوونابن لەگەشە کردنی جێگیری لە هاوێنەدا، بە بەراورد لەگەڵ خوێنەرە ئاساییەکان (Stein & Fowler, 1981,p. 77).

هەروەها دیسلێکسیای بینینی بۆ کێشەی بینایی دەگەڕێتەوە، کە دەکەوێتە چاوەوە، یاخود پەیوەندیی بە پرۆسەی بینینەوە هەیە و ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە مێشکەوە هەیە، ئەمەش هەر سێ لایەنی فیزیکی، دەماری و زانینی دەگەڕێتەوە. هۆکاری جێبەجێنەکردنی پرۆسە بینینییەکان ڕوون و ئاشکرانین، بەڵام دەکرێت ئەم تێکچوونە لە ئەنجامی ژمارەیەک فشاری بینینییەوە بۆ نموونەی ڕوناکی، قورسی وشەکان و ڕەنگی وشەکان دووچاری تاک ببێتەوە. هەروەها کێشە بینینییەکان دەگەڕێتەوە بۆ پرۆسە ژیرییەکان کە فشاری بینین دروست دەکەن. هەندێک لە نیشانەکانی دیسلێکسیای بینین بریتین لە بازدانی وشەکان و دێڕەکان لە کاتی خوێندنەوە، خێلبوون لە کاتی خوێندنەوە، چاو

خوراندن یان چاو تروکاندنی زۆر، سەرئێشە لە کاتی خوێندنەوە و لاوازی لە خوێندنەوە و تێگەیشتن(Bates, 2018) .

### ٤.٦.٢ دیسلێکسیای قووڵ

دیسلێکسیای قووڵ یەکێکە لە جۆرەکانی دیسلێکسیای وەرگیراو کە کێشەی خوێندەوە و لایەنی سیمانتیکی دەگرێتەوە، ئەمەش وا لە کەسی تووشبوو دەکات دووچاری هەڵەکردن ببێتەوە لە کاتی خوێندنەوە بە دەنگی بەرز ( Colangelo, Buchanan & Westbury, 2004 , p. 232; Webb & Adler, 2016, p. 220; Karanth, P. (2003, p65-66; Webb & Adler, 2016, p. 220).

هەروەها یەکێک لە جۆرەکانی دیسلێکسیای فۆنۆلۆژی پێی دەگوترێت دیسلێکسیای قووڵ. ئەم جۆرەی دیسلێکسیا بەوە دەناسرێتەوە کەسانی تووشبوو لە کاتی خوێندنەوەی وشەدا، هەڵەی سیمانتیکی قووڵ دەکەن. بە تایبەتی لە کاتی خوێندنەوەی لیستێکدا. کەسانی تووشبوو بەم جۆرەی دیسلێکسیا وشە بچووکەکان کە بە وشە ئەرکییەکان (function words) ناسراون بە هەڵە دەخوێننەوە، بۆ نموونە ( are بۆ all، at بۆ in... هتد). هەروەها دووچاری کێشە دەبنەوە لە کاتی خوێندنەوەی ئەو وشانەی تاڕادەیەک پەیوەندییان بە ئەو وشانەوە هەیە دەیبینن، بۆ نموونە (marry لە جیاتی charismas، ice cream لە جیاتی cone). هەندێکجار هەڵە لە ئەو وشانە دەکەن تا ڕادەیەک واتایان لە یەکترەوە نزیکە بۆ نموونە (tulip بۆ rose، jump بۆ run، comb بۆ brush، mother بۆ cousin). ئەو هەڵانەی ئەنجام دەدرێت ناگەڕێتەوە بۆ وشە هاوبێژ/ هاودەنگەکان یان ئەو وشانەی ڕێنووسیان لە یەکتر نزیەکە، بەڵکو بۆ نزیکیی پەیوەندیی وشەکان بە یەکترەوە دەگەڕێتەوە ( Hultquist, 2006,p. 31). یاخود هەندێک وشەی تر تێکەڵ دەکرێت کە مانایان نزیکە وەکو (quiet بۆ listen، child بۆ girl)، (Webb & Adler, 2016, p. 220; Karanth,2003, p. 66).

لە زمانی کوردیدا, ئەم گرفتەی دیسلێکس لەم چەند نموونەیەدا ڕووندەکرێتەوە. هەندێکجار دیسلێکسەکان لە کاتی خوێندنەوەدا ئەو وشانەی تا ڕادەیەک پەیوەندییان بەیەوەکەوە هەیە دەگۆڕن، بۆ نموونە ( چا بۆ پیاڵە)، یاخود ئەو وشانەی تا ڕادەیەک واتایان لە یەکترەوە نزیکە، بۆ نموونە (ڕاکردن بۆ خۆهەڵدان، شانە بۆ فڵچە، برا بۆ خاڵۆزا، منداڵ بۆ کچ).

کەسانی تووشبوو بە دیسلێکسیای قووڵ لە خوێندنەوەی وشە ئەبستراکتی و کۆنکرێتییەکان هەڵە دەکەن و زۆربەی هەڵەکان پەیوەندیی بەسیستەمی سیمانتیکیەوە هەیە. هەندێکجار کەسانی تووشبوو لە وشە نووسراوەکان تێدەگەن بەڵام لە کاتی خوێندنەوەیان  بە دەنگی بەرز هەڵە دەکەن. زۆربەی کات ئەم هەڵە خوێندەوەیە لای کەسانی تووشبوو بە دیسلێکسیای قووڵ بۆ تێکچوونی پەیوەندیی لە نیوان سیستەمی سیمانتیکی و لێکسیکە فۆنۆلۆژییەکان دەگەڕێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی بە هەڵە خوێندنەوەی وشەکان ( Karanth,2003,p. 66).

لە توێژینەوەیەکدا ئەوە دەرکەوتووە دیسلێکسیای قووڵ، دیسفازیا و دیسگرافیا هەمان تێکچوونی فۆنۆلۆژییان هەیە. هۆکاری تێکچوونی خوێندنەوە و دووبارەکردنەوە کاریگەر دەبێت بە تێکچوونی بینین و بیستن. زۆربەی کات ئاستی دیسلێکسیا بەرز دەبێتەوە بۆ تێکچوونی پەیوەندیی لە نێوان تێکراوەکان و سیستەمی فۆنۆلۆژی (Jefferies & Ralph, 2007, p. 1568).

بەپێی ڕوونکردنەوەکان دیسلێکسیای قووڵ بەهۆی تێکچوونی چەند ناوچەیەکی مێشکییەوە ڕوودەدات لە گرنگترینیان بەهۆی بەرکەوتنی مێشک، جەڵتە، هەندێک نەخۆشی ترەوە وا لەتاک دەکات دووچاری ئەو بارودۆخانەی سەرەوە بێتەوە ( Warrington & Shallice, 1979, P. 689). ئەم تێکچوونانە لە ئەنجامدا دەبنە هۆی تێکچوونی فۆنۆلۆژی دەرکراوی لێکسیکی و ئەو هەڵانەی ئاماژەی پێکرا لە زماندا و پاشان

تێکچوونی ڕێنووسی و سیمانتیکی بەدوادا دێت ( Colangelo, Buchanan & Westbury, 2004, p. 232).

لە کۆتاییدا دوو بۆچوون هەیە لە سەر شیکردنەوەی هۆکارەکانی تووشبوونی تاک بە دیسلێکسیای قووڵ: یەکەم، هۆکاری تووشبوونی تاک دەگەڕێتەوە بۆ تێکچوونی سیستەمی خوێندەوە لە نیوەگۆی چەپی مێشک. دووەم، ئەم تێکچوونە بەهۆی تێکچوونی لای ڕاستی مێشکەوەیە، کە سیستەمە سیمانتیکییەکان و سیستەمە ڕێنووسییەکان لە خۆدەگرێت. بەڵام بەپێی هەندێک لە توێژینەوە وەسفییەکان ئەوە دەرکەوتوە دیسلێکسیای قووڵ بۆ تێکچوونی لای ڕاستی مێشک دەگەڕێتەوە، ئەم بەشە بەرپرسە لە پرۆسەکانی وشەڕۆنان و ئەم بۆ چوونە لەلایەن زۆرێک لە توێژەرانەوە پشت ڕاست کراوەتەوە (Coltheart, 2000,p. 299; Schweige., Zaidel, Field & Dobkin, 1989, p. 73). بڕوانە وێنەی ژمارە (١).

### ٥.٦.٢ دیسلێکسیا تێکەڵ

ئەم جۆرەی دیسلێکسیا بەوە دەناسرێتەوە، کاتێک کەسێک کێشەی لە هەردوو پرۆسەکانی بینین و بیستندا هەبێت (Warren, 2013 ). هەروەکو پێشتر باسکرا، زۆربەی ئەو کەسانەی دیسلێکسیایان هەیە، کێشەی نووسین و خوێندنەوە و تێگەیشتنیان هەیە، هەندێکجار یەک گرفت دەبێتە هۆی دووچاربوونی تاک بەم گرفتە و هەندێکجار هۆکاری تووشبوونی تاک خۆی لە چەند گرفتێکدا دەبینێتەوە. ئەو کەسانەی ڕووبەڕووی زیاتر لە گرفتێک دەبنەوە پێیان دەڵێن کەسانی تووشبوو بە دیسلێکسیای تێکەڵ. دیسلێکسە تێکەڵەکان دووچاری گرانترین بار دەبنەوە سەبارەت بە فێربوونی خوێندنەوە و نووسین. لەوە دەچێت کەسێک تووشی هەردوو کێشەی پرۆسەی فۆنۆلۆژی و ڕێنووسکردن ببێتەوە، یاخود کەسێک دووچاری هەردوو کێشەی ڕێنووسکردن و ناوهێنانی خێرا ببێتەوە، یاخود کەسێکی تر دووچاری هەر سێ جۆرەکەی سەرەوە

ببێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لە نێوان جۆرەکانی دیسلێکسیا چەند نیشانەیەکی هاوشێوە هەن زۆر لە یەکتر نزیکن و هەندێکجار ئەگەر کەسێک پسپۆڕ نەبێت ئەستەمە جۆرەکانی دیسلێکسیا لە یەکتر جیابکاتەوە (Hultquist, 2006,p.33).

لەبەرئەوەی ئەم جۆرەی دیسلێکسیا پێکدێت لە تێکەڵەیەکی چەند جۆرێکی دیسلێکسیا بۆیە بە ناوی دیسلێکسیای تێکەڵ ناودەنرێت. ئەم تێکەڵییە وا لە تووشبووان دەکات گرانییەکی زۆریان هەبێت لە خوێندنەوە و ڕێنووسکردن. هەندێک کەس کێشەیان هەیە لە تێگەیشتن لە دەنگەکانی زمانێک و بە بیرهاتنەوەی ئەوەی کە شێوەی وشەیەک چۆنە. هەندێک کەس نازانن وشەکان چۆن دەنووسرێن و هەروەها ناتوانن وشەکانییان بە خێرایی بیر بکەوێتەوە، هەر وەکو باس کرا هەندێک کەس کێشەیان لەگەڵ هەموو ئەوانەی سەرەوەدا هەیە (Hultquist, 2008,p. 51-52).

لە هەندێک شوێندا ئەم جۆرەی دیسلێکسیا بە (dysphoneidetic) دەناسرێت، ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵبوونێک لە دیسلێکسیای فۆنۆلۆژی و دیسلێکسیای بینین. دیسلێکسیای تێکەڵ کەسی تووشبوو دووچاری بارێکی گران دەکات لە فێربوونی خوێندنەوە، هەروەها کاریگەریی لەسەر کردارە زانینییەکان دەبێت لەوانە تێکچوونی پێکەوە بەستنی جووڵەی بینینی، درککردنی بینینی و یادگەی کارکەر (Wood, 2011,p. 24). لەگەڵ ئەوەی دیسلێکسیای تێکەڵ هەردوو لایەنی دەنگی و ڕێنووس دەگرێتەوە، کەسانی تووشبوو دووچاری گرانییەکی زۆر دەبن لە فێربوونی خوێندنەوە، ئەمەش بۆ لاوازی پرۆسەی فۆنۆلۆژی و بینینی کەسانی تووشبوو دەگەڕێتەوە. ئەم جۆرەی دیسلێکسیاش زۆربەی کات وا لە تووشبووان دەکات لاواز بن لە ڕەوانیی خوێندنەوە بە دەنگی بەرزەوە (Harley, Nelson & Olitsky, 2005,p. 530).

## ٢.٧ نیشانەکانی دیسلێکسیا لای قوتابیانی کۆلێژ

دەکرێت نیشانەکانی دیسلێکسیا لە چەند لایەنێکەوە دیاری بکرێت، ئەمانەی خوارەوە گرنگترین ئەو لایەنانەن دەکرێت دیسلێکسەکانی پێ بناسرێنەوە:

### ١.٧.٢ گرفتی خوێندنەوە:

لەگەڵ ئەوەی ماوەیەکی زۆر دیسلێکسەکان دەخوێننەوە، بەڵام پێویستییان بە توانا و کاتێکی زۆرە بۆ خوێندنەوە، خوێندنەوەیان لەسەرخۆیە بە تایبەتی کاتێک بە دەنگی بەرز دەخوێننەوە، لە کاتی خوێندنەوەدا هەڵە دەکەن، جێگۆڕکێ بە فۆنیمەکان دەکەن، هەندێک فۆنیم زیاد دەکەن و هەندێکی تر دەکرتێنن، هەندێکجار لە کاتی خوێندنەوەی وشەیەک، وشەیەکی تری نزیک لە ڕووی گۆکردنەوە دەردەبڕن و چێژی کەم لە خوێندنەوە وەردەگرن ( Davis ,1992; Shaywitz, 2003, p. 125-127; National Center for Learning Disabilities, 2012, p. 14-15; Mayo Clinic Dyslexia, 2019; Croft ; Mercer, 2013, p.1; Barton, 2012 & American Psychiatric Association, 2013, p.66) خۆیان لەو چالاکییانە دووردەخەنەوە پێویستیان بە خوێندنەوە هەیە (Mayo Clinic Dyslexia, 2019)، لە کاتی خوێندنەوەدا باوەڕبەخۆبوونیان لاوازە ( National Center for Learning Disabilities, 2012, p. 14-15)، کاتێک دەیانەوێت وشەیەکی درێژ بخوێننەوە، شوێنی فۆنیمەکان دەگۆڕن (Croft & Mercer, 2013, p.1).

### ٢.٧.٢ گرفتی نووسین:

دیسلێکسەکان کێشەی ڕێنووسیان هەیە، واتە لە کاتی نووسیندا هەڵەی زۆر دەکەن، جێگۆڕکێ بە پیتەکان دەکەن یاخود پیتەکان کەم و زیاد دەکەن، زۆر هێواشن لە نووسیندا، خەتیان تێکەڵە و زەحمەتە بۆ خوێندنەوە ( Davis ,1992; Shaywitz,

2003, p. 125-127; National Center for Learning Disabilities, 2012, p. 14-15; Mayo Clinic Dyslexia, 2019; Croft; Mercer, 2013, p.1; Barton, 2012 & American Psychiatric Association, 2013, p.66). دیسلێکسەکان ناتوانن لە کاتی نووسیندا بە تەواوی یاسا ڕێزمانییەکان پەیڕەو بکەن، هەروەها چەند جار دوای پێداچوونەوە هێشتا هەندێک هەڵە دەبینرێت لە نووسینەکانیاندا و توانای ڕێکخستنی نووسینەکانیان نییە( National Center for Learning Disabilities, 2012, p. 14-15).

### ٣.٧.٢ گرفتی قسەکردن:

ئەو وشە و ڕستانەی دیسلێکسەکان لە کاتی قسەکردندا دەریدەبڕن، بە بەراورد لەگەڵ دەربڕینی هاوتەمەنەکانیان زۆر سادەن، خۆیان لە دەربڕینی ئەو وشانە بە دوور دەگرن گرفتیان بۆ دروستدەکات، لەبەرئەوەی وا هەست دەکەن ناتوانن بە دروستی وشەکان بخوێننەوە. لەوانەیە ئەمەش بەهۆی درێژی یان نوێیی وشەکانەوە بێت، هەروەها دیسلێکسەکان لە قسەکردندا هەندێکجار ڕەوان نین بۆیە (ئم، ئا، ئۆ، ئێ... هتد) زۆر بەکاردەهێنن، لە کاتی خوێندنەوەدا دووچاری دڵەڕاوکێ دەبن، ناوی شوێن، شت و کەسەکان بەهەڵە دەخوێننەوە ( Davis ,1992; Shaywitz, 2003, p. 125-127). هەندێکجار هەڵەی زۆر دەکەن و سەریان لێ تێک دەچێت کاتێک لە ناو خەڵکدا قسە دەکەن (Croft & Mercer, 2013, p.1).

### ٤.٧.٢ گرفتی تێگەیشتن:

دیسلێکسەکان بە زەحمەت دەتوانن لە نوکتە، میتافۆر، پەند، پراگماتیک و ئیدیەم تێبگەن ( Mayo Clinic Dyslexia, 2019; National Center for Learning Disabilities, 2012, p. 14-15)، هەندێکجار بۆ تێگەیشتن لە بابەتێک دەبێت دوو تا

سێ جار شتێک بخوێننەوە بۆ ئەوەی لە بابەتەکە تێبگەن، گرفتیان لە دەستنیشانکردنی ناونیشانی شوێنەکان هەیە و هەندێکجار ناتوانن لە مانای ئەو شتانەی خوێندویانەتەوە تێبگەن، یاخود لێکدانەوە بۆ نووسینەوە خوێندراوەکان بکەن (Croft & Mercer, 2013, p.1; Barton, 2012).

### ٥.٧.٢ گرفتی زانینی:

هەندێکجار دیسلێکسەکان توانای بەبیرهاتنەوەی ئەلفوبێیان بە تەواوی نییە (Croft & Mercer, 2013, p.1)، یادگەیان زۆر لاوازە، بە زوویی شتەکانیان بیر دەچێتەوە، بۆ نموونە بەبیرهاتنەوەی ناوی کەس و شوێن و شتەکان( Davis ,1992; Croft & Mercer, 2013, p.1; Shaywitz, 2003, p. 125-127)، هەندێکجار ئەو وشانە تێکەڵ دەکەن کە لە یەکترەوە نزیکن، کێشەی گەڕاندنەوەی زانیارییەکانیان هەیە لە یادگەوە، ناتوانن زۆر بەخێرایی وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە لە کاتی گفتوگۆکردندا، هەروەها ناتوانن بە خێرایی ناوی شتەکان بێنن (Shaywitz, 2003, p. 125-127)، ناتوانن چیرۆک و نووسینەکان پوخت بکەنەوە، کێشەی فێربوونی زمانی دووەمیان هەیە (National Center for Learning Disabilities, 2012, p. 14-15; Barton, 2012).

### ٨.٢ ڕۆڵی جیاوازیی ڕەگەزی لە دیسلێکسیادا

جیاوازی لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ لە زۆربەی شێوانە زمانییەکاندا باسی لێوە کراوە، دیسلێکسیا یەکێکە لەو شێوانانەی لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا جیاوازی هەیە. لە زۆربەی توێژینەوەکاندا باس لەوە کراوە، ڕەگەزی نێر ئەگەری تووشبوونی بە دیسلێکسیا لە ڕەگەزی مێ زیاترە (Rutter et al., 2004, p. 5; Arnett et al.,2017, p. 8). هەر توێژینەوەیەک بەپێی بوارەکەی خۆی گریمانەی بۆ پشت ڕاستکردنەوەی

بۆچوونەکانی داناوە. لە سەنتەری پزیشکی زانکۆی جۆرجتاون ( Georgetown University Medical Center) لە ڕێگای بەکارهێنانی ئامێری (MRI) تاقیکردنەوەی توێکاری لەسەر مێشکی نێر و مێ سەبارەت بە پرسی دیسلێکسیا ئەنجامدرا. لە توێژینەوەکەدا (١١٨) کەس بەشداریان تێدا کرد. هەر لە توێژینەوەکەدا کەسانی تووشبوو بە دیسلێکسیا و کەسانی ئاسایی تاقیکردنەوەیان لەسەر کرا. لە تاقیکردنەوەکەدا ئەوە دەرکەوت جیاوازی هەیە لە کارکردنی مێشکی نێر و مێ لەلای هەردوو گرووپی بەشداربووانی تووشبوو بە دیسلێکسیا و بەشداربووانی ئاسایی. هەروەها لە توێژینەوەکەدا ئەوە دەرکەوت لە کاتی بەکارهێنانی زماندا ڕەگەزی مێ هەردوو نیوەگۆی مێشکی کار دەکات، لە کاتێکدا نێر لە کاتی بەکارهێنانی زماندا تەنیا یەک نیوەگۆی مێشکی کار دەکات ئەویش نیوەگۆی لای چەپی مێشکە. هەروەها ئەوە دەرکەوت هۆرمۆنەکان پەیوەندییان بە توێکاری مێشکەوە هەیە، لەلای مێ هۆرمۆنی ئیسترۆجین (estrogen) دەتوانێت ڕۆڵی پارێزگاریکردن ببینێت لە دوای بریندار بوون یان بەرکەوتنی مێشک. هەروەها لە لێکۆڵینەوەکەدا دەرکەوت کەمی ژمارە یان تەنکی کۆبوونەوەی ( gray matter) لە لای ڕەگەزی نێر کاریگەریی لەسەر سەرجەم پرۆسەکانی زمان دەبێت، لە کاتێکدا کەمی هەمان مادە لەلای ڕەگەزی مێ کاریگەریی لەسەر پرۆسەی هەستکردن و جووڵە دەبێت. لە هەمان کاتدا لە توێژینەوەکەدا ئەوە دەرکەوت ڕەگەزی نێر دوو تا سێ جار ئەگەری تووشبوونی بە دیسلێکسیا لە ڕەگەزی مێ زیاترە ( Georgetown University Medical Center, 2013).

ڕەگەز بە گۆڕاوێکی هەستیار دادەنرێت لە توێژینەوەکانی بواری دیسلێکسیادا. لەو توێژینەوانەی کە لە ڕێگای (MRI)یەوە لەسەر مێشکی نێر و مێ ئەنجام دراون ئەوە دەرکەوتوە لە کاتی پرۆسە فۆنۆلۆژییەکاندا چالاکی مێشکی لەلای هەردوو ڕەگەز شێوازی جیاواز پێشان دەدەن. بەپێی توێژینەوە توێکارییەکان مێشکی نێر و مێ جیاواز

کاردەکات لەگەڵ بەرکەوتنەکانی مێشک. هەروەها ئەوە دەرکەوتووە پرۆسەی وەڵامدانەوە دەنگییەکان لای نێر و مێ جیاوازە (Lambe, 1999,p. 530). هەروەها لە توێژینەوەیەکدا لەسەر پرۆسەی دەماری بیستنی کرابوو ئەوە دەرکەوت کوڕان زیاتر لە کچان دووچاری دیسلێکسیا دەبنەوە ( Serrallach et al , 2016,p. 4).

لە هەندێک حاڵەتدا هۆکاری جیاوازیی ڕەگەزیی دیسلێکسیا دەگەڕێتەوە بۆ جینەکان. ئەم شیکردنەوەیەش لەسەر جینی X دەکرێت. ڕەگەزی مێینە دوو کرۆمۆسۆمی X ی هەیە کە لە باوک و دایکەوە وەریدەگرێت، لە کاتێکدا ڕەگەزی نێرینە کۆرمۆسۆمی XY وەردەگرێت. بەپێی هەندێک بۆچوون، کاتێک کەسێک هەڵگری دوو کرۆمۆسۆمی X ە، واتا دوو XX هەبوو، ئەگەر یەکێک لە کۆرمۆسۆمەکانی X کێشەی زمانی هەبوو ئەوا کرۆمۆسۆمە X ەکەی تر قەرەبووی ئەم بارە دەکاتەوە، بەڵام لای نێر تەنیا یەک X هەیە، ئەگەر ئەو X کێشەی هەبوو ئەوا Y توانای قەرەبووکردنەوەی نییە. ئەمە لە کاتێکدایە تا ئێستا هیچ جینێک نەدزۆراوەتەوە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە دیسلێکسیاوە هەبێت (The Open University,2016,p. 32) .

لە لایەکی تریشەوە ئەم جیاوازییەی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ لە کاتی خوێندنەوە هەستی پێ دەکرێت. بەپێی لێکۆڵینەوەیەک دیسلێکسیا لای ڕەگەزی نێر زیاترە بە بەراورد لەگەڵ ڕەگەزی مێ. لە توێژینەوەیەکدا کە لەسەر (٤٩١١٠٣) منداڵی پۆلی دووەمی سەرەتایی ئەنجامدرابوو، لە دوای ئەنجامدانی سێ تاقیکردنەوەی جیاواز پەیوەندییان بە خوێندنەوە، قسەکردن و ڕەوانییەوە هەبوو، ئەوە دەرکەوت ڕەگەزی نێر زیاتر لە ڕەگەز مێ دووچاری گرفتی خوێندنەوە دەبێتەوە. هەر بۆیە لە هەر چوار کوڕێک یەکێکیان کێشەی خوێندنەوەیان هەبوو، لە کاتێکدا لە هەر حەوت کچێک تەنیا یەک کچ کێشەی خوێندنەوەی هەبوو(Quinn, & Wagner, 2015,p.433).

بەڵام بۆچوونێکی جیاواز لەمە هەیە لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە لە بابەتی جیاوازیی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ بۆ تووشبوون بە دیسلێکسیا دەڕوانێت. بەپێی توێژینەوەیەک لە قوتابخانە تێکەڵەکاندا ئەنجامدرابوو، کوڕان زیاتر لە پۆلەکاندا بەشداری دەکەن، بۆیە زۆربەی کات مامۆستا هەست بە کێشە و گرفتەکانی خوێندنەوەیان دەکات بە بەراورد لەگەڵ کچەکان بێدەنگترن و ئەگەر کێشەی خوێندنەوەیان هەبێت ئەوا دەیشارنەوە. بەپێی هەندێک لە لێکۆڵینەوەکان ڕەگەزی نێر و مێ وەکو یەک دووچاری دیسلێکسیا دەبنەوە. بەڵام یەکێک لە بۆچوونە ئەفسانەییەکان ئەوەیە کوڕان زیاتر حەز بە خۆدەرخستن دەکەن بۆیە کێشەکەیان دەردەکەوێت و هەندێکجار هەبوونی کێشە زمانییەکان بە ئاسایی وەردەگرن، لە کاتێکدا کچان هەوڵ دەدەن کێشەکانیان پەردەپۆش بکەن(The Open University,2016, p. 32).

### ٩.٢ دیسلێکسیا و تاقیکردنەوەی زیرەکی

نزیکەی لە (٥٪ بۆ١٠٪)ی منداڵە ئەمەریکییەکان دیسلێکسیایان هەیە، هەر لە کۆنەوە ئەوە ڕوونبووەتەوە دیسلێکسەکان زیرەکن، هەروەها هەندێک بۆچوون هەیە زۆربەی دیسلێکسەکان لە کاتی قسەکردندا ڕەوانن، بەڵام کێشەی خوێندنەوەیان هەیە. بەپێی هەندێک توێژینەوە ئەوە دەرکەوتووە پەیوەندیی نییە لە نێوان تووشبوون بە دیسلێکسیا و تاقیکردنەوەی زیرەکی. توێژینەوەیەک لەسەر ١٣١ کەس کراوە کە تەمەنیان لە نێوان (٧ بۆ ١٧) ساڵ بووە. لە توێژینەوەکەدا بەشداربووان دابەشکران بەسەر سێ گرووپدا. یەکەم، ئەوانەی ئاستی خوێندنەوەیان لاوازە و ڕێژەی زیرەکییان نزمە. دووەم، ئاستی خوێندنەوەیان باشە و ڕێژەی زیرەکییان نزمە. سێیەم، ئەوانەی ئاستی خوێندنەوەیان خراپە و ڕێژەی زیرەکییان بەرزە. لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا ئەوە دەرکەوت، هیچ پەیوەندییەک لە نێوان ئەو دوو گۆڕاوەدا نییە، هەروەها ئەوەش دەرکەوت تەنانەت ئەگەر ئاستی خوێندنەوەش نزم بێت هۆکارەکەی بۆ نزمیی ئاستی زیرەکی

ناگەڕێتەوە. هەر لە توێژینەوەکەدا ئەوە دەرکەوت کە تاک دووچاری دیسلێکسیا دەبێتەوە ئەگەر ئاستی زیرەکیی نزم یاخود بەرز بێت ( Association for Psychological Science, 2011).

توێژینەوەیەک بە بەکارهێنانی (FMRI) لە بەشی ( Health Sciences and Technology and Cognitive Neuroscience) لەسەر دیسلێکسیا ئەنجامدرا، لە توێژینەوەکە ئەوە دەرکەوت تووشبوون بە دیسلێکسیا لای هەموو تووشبووان بە یەک ئاستە بەبێ ڕەچاوکردنی ڕێژەی زیرەکی. لە توێژینەوەکەدا ئەوە دۆزرایەوە ئاستی بەرز و نزمی ڕێژەی زیرەکی پەیوەندیی بە کێشەی خوێندنەوەوە نییە، واتە ئەگەر ئاستی زیرەکی بەرز بێت یاخود نزم، تاک بۆی هەیە دووچاری دیسلێکسیا ببێتەوە ( Finn, 2011).

هەروەها لێرەدا دەتوانین باسی چەند کەسێکی ناسراو و چەند زانایەک بکەین ئاستی زیرەکییان زۆر بەرز بووە، بەڵام لە هەمان کاتدا دیسلێکس بوون. کۆمەڵێک لەو زانا بەناوبانگانەی کە دیسلێکس بوون لە گرینگترینیان بریتین لە (ئەلبێرت ئەنیشتاین، تۆماس ئەدیسۆن، هێنری فۆرد، ئەلیکساندەر گراهام بێڵ، واڵت دیزنی، ستێفان هۆکینگ، لیۆناردۆ داڤنشی، پابلۆ پیکاسۆ). لەهەمان کاتدا چەند سەرکردەیەکی بەناوبانگی جیهان دیسلێکسیایان هەبووە لە وانە (جۆرج واشنتن، ئەبراهام لینکۆڵن، جەی ئێف کەنەدی)، هەروەها چەند کەسێکی تری بەناوبانگی جیهان دیسلێکس بوون لەوانە (ستیڤ جۆبس، ڕیچارد برانسۆن). لەمەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە سەرەڕای ئەوەی ئەو کەسایەتییە بەناوبانگانەی جیهان دیسلێکسیایان هەبووە، بەڵام هیچ کامێکیان ئاستی زیرەکییان نزم نەبووە(Cicerchia, 2019).

هەبوونی دیسلێکسیا هەمووکات وا لە دیسلێکسەکان ناکات بلیمەت بن، بەڵام پاڵنەرێکی باشە بۆ باوەڕ بەخۆبوون لای سەرجەم دیسلێکسەکان ئەوە بزانن مێشکیان وەکو خەڵکانی تر کار دەکات، تەنانەت وەکو بلیمەتەکانیش. ئەوەش گرنگە بزانین بوونی کێشەی خوێندنەوە، نووسین، حونجەکردن مانای گێلی و گەمژەیی نایەت. تواناکانی مێشک لای دیسلێکسەکان وەکو بەهرەیە، ئەم بەهرانە کە پێکهاتوون لە چەند توانایەکی سروشتی. لەلایەکی ترەوە مەرج نییە  هەموو دیسلێکسەکان بلیمەت بن و هەمان بەهرەی کەسە بەناوبانگەکانیان هەبێت، بەڵام بە گشتی دیسلێکسەکان لە چەند توانایەکدا هاوبەشن لە گرنگترینیان: دیسلێکسەکان توانایان هەیە لە بەکارهێنانی هێزی مێشک بۆ دروستکردنی پێشبینییەکان، شارەزایی زۆریان لە ژینگەی دەوروبەریان هەیە، زیاتر لە خەڵکانی تر حەز بە زانینخوازی (فزوڵی) دەکەن، زیاتر بە وێنە بیر دەکەنەوە بە بەراورد لەگەڵ وشە، دەتوانن شتەکان لە زیاتر لە لایەکەوە وەرگرن، واتە سەرجەم هەستەوەرەکانیان بۆ وەرگرتن بەکاردەهێنن، دەتوانن بیروبۆچوونەکان وەکو ڕاستی و واقیعی ئەزموون بکەن و ئەندێشەیەکی زیندوویان هەیە. ئەم توانایانە ئەگەر بێت و لەلایەن خێزان و سیستەمی پەروەردە و فێرکردنەوە تێک نەشکێندرێت، ئەوا لە ئەنجامدا دوو کارەکتەرمان دەست دەکەوێت؛ کارەکتەری یەکەم کەسانێک ئاستی زیرەکییەکەیان لە ئاستی زیرەکی خەڵکانی زیاتر دەبێت و کارەکتەری دووەم کەسانێک توانای داهێنانێکی بێهاوتایان دەبێت (Davis & Braun, 2011, p. 4-5). بۆ نموونە، ئەلبێرت ئەنیشتاین مامۆستاکانی لە قوتابخانەی سەرەتایی باوەڕیان وابوو هەرگیز سەرکەوتوو نابێت، هەروەها لە قوتابخانە بۆ ماوەیەک دەرکرا لەبەر نەبوونی توانای خوێندنەوە، بەڵام لەبەرئەوەی خێزانەکەی پشتگیرییان کرد، ئەنیشتاین بوو بە بەناوبانگترین زانای سەدەی بیستەم. تۆماس ئەدیسۆن بەهەمان شێوە دیسلێکسک بوو، لە قوتابخانە بە گەمژە بانگ دەکرا و پێی دەگوترا هەرگیز فێری هیچ شتێک نابێت، بەڵام لە کۆتاییدا بوو بە داهێنەری کارەبا و بە گەورەترین داهێنەری ئەمەریکا ناسێندراوە (Robi, et al., 2017).

## ١٠.٢ پەیوەندیی دیسلێکسیا بە شێوانە زمانییەکانی تر

### ١.١٠.٢ دیسلێکسیا و دیسپراکسیا

زۆربەی کات چەند هەڵە تێگەیشتنێک سەبارەت بە دیسلێکسیا و دیسپراکیسا هەیە. هەندێک کەس ئەم دوو گرفتە تێکەڵ دەکەن بەهۆی نەبوونی شارەزاییەکی تەواو سەبارەت بەم دوو گرفتە زمانییە. ئەوەی ڕوونە و لە پێشتر باسکراوە ئەوەیە دیسلێکسیا بریتییە لە ئاستەنگی لە خوێندنەوە بە هەموو لایەنەکانیەوە، کێشەکانی فۆنۆلۆژی، ئاستەنگ لە نووسین، ئاستەنگ لە تێگەیشتنی هەندێک بابەت، کێشەی یادگەی کارکەر و کێشەی حونجەکردن دەگرێتەوە ئەم کێشانە بە درێژاییی تەمەن بەردەوام دەبێت. بەڵام دیسپراکسیا هەندێکجار بە (Developmental Coordination Disorder) ناو دەبرێت، لای پێگەیشتوان ئەم گرفتە زمانییە بریتییە لە لاوازی لە جووڵەی ئامادەکاری بۆ ئاخاوتن، شیکردنەوە، پێکەوە بەستنەوەی زانیارییە هاتووەکان و پاشان ئامادەکردنی زانیارییەکان بۆ وەڵامدانەوە. تووشبووانی دیسپراکسیا لەگەڵ گەورەبوونی تەمەنیان گەشە بە توانا جووڵەییەکانیان دەدەن بۆ ڕێکخستنی ئاخاوتن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند کێشەیەکی تریان هەر دەمێنێت وەکو کارامەییەکانی ڕێکخستن، ڕێکخستنی کات و هەندێکجار گرفتی کارامەیی کۆمەڵایەتی (Moody, 2014). هەندێکجار دیسپەراکسیا پەیوەندیی بە هەندێک کێشەی زمانی وەکو درککردنی زمانیەوە هەیە. هەتاکو ئێستا تەنیا یەک هۆکاری دیاریکراو بۆ تووشبوونی تاک بە دیسپەراکسیا دیاری نەکراوە. بەپێی توێژینەوە نوێیەکان گەشەنەکردنی خانە دەمارییەکانی مێشک دەبێتە هۆی دووچاربوونی تاک بە دیسپەراکسیا. هەروەها نیوەی ئەو کەسانەی دیسلێکسن لە هەمان کاتدا دیسپەراکسیکن و بە پێچەوانەوە. بەپێی هەندێک داتا لەوە دەچێت لە (٢٠٪) دانیشتوانی سەر گۆی زەوی بکەونە ژێر کاریگەریی هەردوو حاڵەتەکەوە (Wilmer & Richardson2001, p.18-21).

هەریەکە لە دیسلێکسیا و دیسپەراکسیا ئاستەنگی فێربوونن و کاریگەری لەسەر منداڵ و گەورە دروست دەکەن بە تایبەتی لە ناوەندەکانی خوێندندا، بەڵام کاریگەرییەکانیان وەکو یەک نییە و جیاوازە، بە گشتی جیاوازیی سەرەکی لە نێوان ئەم دوو شێوانە زمانییە ئەوەیە دیسلێکسیا زیاتر پەیوەندیی بە لایەنی خوێندەوارییەوە هەیە ئەمەش تایبەتە بە کارامەییەکانی خوێندنەوە، نووسین و ڕێنووسکردن. لە بەرانبەردا دیسپەراکسیا زیاتر ئاراستەی بەرەو کێشەی پلاندانان بۆ قسەکردنەوە هەیە.

دیسلێکسیا و دیسپراکسیا لە چەند لایەنێکەوە هاوشێوەن، بۆ نموونە هەردووکیان لە ڕێگای بایۆلۆژییەوە دەگوازرێنەوە، واتە بۆماوە کاریگەریی هەیە و لە ڕێگای جینەکانەوە لە باوانەوە بۆ نەوەکانیان دەگوازرێنەوە (Paracchini, 2016). هەروەها هەردوو حاڵەتەکە کێشەی درککردن و گەڕاندنەوەی زانیارییەکان و نووسینی ڕێکوپێکیان هەیە (Kirby, 2011)، هەروەها دیسلێکس و دیسپراکسیکەکان چارەسەری کێشەکان زۆر بە باشی دەکەن، دەستپێشخەرن لە کاردا، داهێنەر و بیرمەندن. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە بزاندرێت هەردوو حاڵەتەکە کاریگەریان لەسەر ئاستی زیرەکی نییە(Kirby, 2011)، بەڵکو کاریگەرییان لەسەر شێوازی فێربوون هەیە. دیسلێکس و دیسپراکسیکەکان کاتێکی زۆرتریان پێویستە لە پرۆسەی فێربوون بە بەراورد لەگەڵ خەڵکانی ئاسایی. بە شێوازێکی گشتی ئەگەر بێت و هەر دوو حاڵەتەکە دەستنیشان نەکرێت و قوتابیان هەست بە حاڵەتەکانیان نەکەن، ئەوا ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر باوەڕ بەخۆبوون دروستدەکات لای تاک. هەندێکجار یادگەی کورتخایەن ( Short Term Memory) کاریگەریی لەسەر هەردوو حاڵەتەکە دەبێت و قوتابیان دەبێت چەند جارێک چەند شتێک دووبارە بکەنەوە بۆ ئەوەی سەرکەوتووبن. هەردوو حاڵەت کێشەی نووسینیان هەیە بە تایبەت نووسینەوەی شتەکانی سەر تەختەی نووسین ( Touch-type Read and Spell, 2019).

## ٢.١٠.٢ دیسلێکسیا و ئەلێکسیا

کێشەکانی دیسلێکسیا و ئەلێکسیا لە هەندێک حاڵەتدا جیاوازن و لە هەندێک حاڵەتەدا نیشانەی هاوشێوەیان هەیە. وشەی ئەلێکسیا یاخود کوێری وشەکان ( Word blindness) بریتییە لە لەدەستدانی توانای تاک بۆ خوێندنەوە، تێگەیشتن لە وشەکان، تێگەیشتن لە ڕستەکان تەنانەت سەختی لە ناسینەوەی پیتەکانیش. هۆکاری تووشبوونی تاک دەگەڕێتەوە بۆ  تێکچوونی لای چەپی توێکڵی مێشک کە لە ئەنجامی هۆکارەکانی برینداربوونی مێشک، جەڵتە، شیرپەنجەی مێشک دووچاری تاک دەبێتەوە ( Aaron et al., 1980, p 6; Leiva, n.d, p. 3 & Kilcullen, 2011). لە لایەکی ترەوە هەندێکجار ئەلێکسیا ناونراوە بە (Verbal Amnesia) بە واتای بیرچوونەوەی زارەکی یاخود دەربڕین دێت، کەسی تووشبوو یادگەی تێکدەچێت و هێماکان ناناسێتەوە، لە لایەن (Critchley, 1964) وەرگیراوە لە (Guardiola, 2001, p.6).

بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە زۆربەی کات دیسلێکسیا بە هۆکاری بۆماوەیی یاخود تێکچوونی جینی بۆ تاک دەگوازرێتەوە، بۆیە لێرەوە دەردەکەوێت ئەلێکسیا زیاتر بە هۆکارێکی بەدەستهاتوو دروست دەبێت بەهۆی ئەو هۆکارانەی سەرەوە تووشی تاک دەبێت نەک بە هۆکارێکی جینی یاخود بۆماوەیی (Kilcullen, 2011). وێنە کلینیکییەکان هەندێک نیشانەی هاوبەشی نێوان دیسلێکسیا و ئەلێکسیا دەردەخەن، گرنگترین نیشانە نەبوونی توانای خوێندنەوە و نەزانینی ناوی ڕەنگەکانە، هەروەها ئەم بنەمایە لە لای دیسلێکسەکان زۆربەی کات بۆ هۆکاری دەماری دەگەڕێتەوە نەک هۆکاری تێکچوونی مێشک (Aaron et al., 1980, p 7-9).

بۆیە لێرەوە دەبێت ئێمە دیسلێکسیا و ئەلێکسیا تێکەڵ نەکەین. جیاوازیی سەرەکی نێوان ئەم دوو شێوانە زمانییە بریتییە لەوەی ئەلێکسیا تێکچوونی زمانی تاکە لە دوای دووچاربوونی بە زیان کەوتن بە لای چەپی توێکلی مێشک دووچاری دەبێت، ئەمە لە

کاتێکدایە پێشتر گەشەی زمانی لە لای کەسی تووشبوو بە شێوازێکی ئاسایی گەشەی کردووە، لە کاتێکدا دیسلێکسیا بە شێوازێکی گشتی بریتییە لە پەککەوتنێکی گەشەسەندووی دەماری هەر لە سەرەتاکانی تەمەنی تاکەوە لە کاتی فێربوونی خوێندنەوە نیشانەکانی لە لای تاک دەردەکەوێت خۆی لە گرفتەکانی خوێندنەوە و نووسیندا دەبینێتەوە (Leiva, n.d, p. 3).

**٣.١٠.٢ دیسلێکسیا و** فرەجووڵەیی و کەم ئاگایی

دیسلێکسیا و فرەجووڵەیی و کەم ئاگایی کە بە (ADHD) ناودەبرێت، دوو حاڵەتی جیاوازن دووچاری تاک دەبنەوە، پێناسە و ڕوونکردنەوەی زۆر لەسەر دیسلێکسیا دراوە، بەڵام لێرەدا گرنگە بزانین کە (ADHD) چییە؟ بەپێی کۆمەڵەی سایکایەتریکی ئەمەریکی (American Psychiatric Association, 2013)، (ADHD) بریتییە لە یەکێک لە تێکچوونە دەروونییەکان دووچاری منداڵ و گەورە دەبێتەوە. نیشانەکانی ئەم تێکچوونە بریتین لە (کەمی تەرکیز، زۆری جووڵە کە هەندێک لە جووڵەکان زۆر ناڕێکە، ئەنجامدانی چەند کردارێک بەبێ بیرکردنەوە، سەرنەکەوتن لە ڕێکخستنی چالاکییەکان، نەتوانین بۆ دانیشتن بۆ ماوەیەک یان لە جێگایەک). هەر بەپێی کۆمەڵەکە لە (DSM-5) پێداچوونەوەیان بە پێناسەی (ADHD) کردووە و ئەوەیان ڕوونکردۆتەوە نەک تەنیا منداڵان، بەڵکو (٢.٥٪)ی گەورەکانیش (ADHD)یان هەیە. ئەمە لە کاتێکدایە پێشتر باوەڕ وابوو تەنیا منداڵان دووچاری (ADHD) دەبنەوە. لەبەرئەوەی (ADHD) بە تەنیا کاریگەریی لەسەر تاک لە ماڵەوە نابێت، بەڵکو کاریگەری لە قوتابخانە و ناوەندەکانی خوێندن لەسەر تاک دەبێت، ئەمەش وا لە کەسی تووشبوو دەکات گرفتی بۆ دروست بێت لە ژیانی کۆمەڵایەتی، ئەکادیمی و پیشەییدا (Parekh, 2017).

دیسلێکسیا و (ADHD) دوو باری زۆر لێک نزیکن هەندێک خاڵ و نیشانەی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە. هەروەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا دیسلێکسیا بە تایبەتی

دیسلێکسیای گەشەسەندوو لە خێزانەوە دەگوازرێتەوە بەو واتایەی ئەگەر یەکێک لە ئەندامانی خێزان دیسلێکس بێت، ئەگەری زۆری هەیە نەوەکانیان لە داهاتوودا دیسلێکس دەرچن، بەهەمان شێوەی دیسلێکسیا (ADHD)یش لە ڕێگای بۆماوەوە دەگوازرێتەوە (Brown, 2013, p. 50; Barkley, 2013, p. 22). بەپێی لێکۆڵینەوەکان نزیکەی (٣٠٪) دیسلێکسەکان (ADHD)یان هەیە. بەو واتایەی هەندێکجار هەر دوو حاڵەتەکە بەیەکەوە لەلای تاک دەردەکەوێت، ئەمە بەو واتایە نایەت کە یەکێکیان کار دەکاتە سەر ئەوی تریان، بە واتایەکی تر دیسلێکسیا نابێتە هۆی دووچاربوونی تاک بە (ADHD) و بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە (Dakin, & Erenberg, 2009, p. 1).

ئەو منداڵانەی (ADHD) یان هەیە ئەگەری دووچاربوونیان بە پەککەوتنەکانی فێربوون زۆرترە بە بەراورد لەگەڵ ئەو منداڵانەی (ADHD) نین. پەککەوتنی فێربوون کاردەکاتە سەر بەدەستهێنانی ئەکادیمی لە لایەنەکانی، خوێندنەوە، ڕێنووسکردن، بیرکاری، نووسین و زمان. بەپێی لێکۆڵینەوەکان (٢٠-٣٠٪)ی (ADHD)ەکان بە لای کەمەوە یەکێک یان زیاتر لە پەککەوتنە فێربوونییەکانیان هەیە (Barkley, 2013, p. 113).

بۆ دەیان ساڵ، لە توێژینەوەکاندا پەککەوتنی فێربوونی دیاریکراو و دیسلێکسیا بە تەواوی لە (ADHD) جیادەکرایەوە. بەپێی توێژینەوە کلینیکییەکان ئەو کەسانەی پەککەوتنی فێربوون و (ADHD)یان بەیەکەوە هەیە زیاتر دەناڵێنن بە دەست گرفتی فێربوونەوە بە بەراورد لەگەڵ ئەو کەسانەی پەککەوتنی فێربوونیان هەیە بەڵام (ADHD) نین. هەندێک نیشانەی هاوبەش هەیە لە نێوان ئەو کەسانەی هەم دیسلێکسن و هەم (ADHD)ن، بەشێوەیەک بە دەست گرفتەکانی (کێشەی تەرکیزکردن، بەکارهێنانی یادگەی کارکەر، خوێندنەوە، تەرکیزکردن لە کاتی خوێندنەوە) دەناڵێنن (Brown, 2013, p. 85). بە شێوازێکی گشتی دیسلێکسەکان لە کاتی خوێندنەوە ڕەوان نین، هەڵەی زۆر

دەکەن لە کاتی خوێندنەوە، بە هەڵە وشە کورت و درێژەکان دەخوێننەوە، هەروەها (ADHD)ەکانیش خوێندنەوەیان ڕەوان نییە، بەڵام بەوە دەناسرێنەوە بەهەڵە شتەکان ناخوێننەوە. هەندێکجار (ADHD) بەسەر خاڵبەندییەکاندا باز دەدەن، کۆتایی ڕستەکان بەجێدەهێڵن و لە کاتی خوێندنەوەی دەقێکدا نازانن گەیشتوونە کام دێڕ. بەهەڵە خوێندنەوە لەلای دیسلێکسەکان و (ADHD)ەکان کاردەکاتە سەر تێگەیشتنیان لەو شتانەی خوێندویانەتەوە، هەردووکیان ئارەزووی خوێندنەوە ناکەن و کێشەی نووسینیان هەیە (Dakin, & Erenberg, 2009, p.2).

هەرچەندە ئاستەمە نیشانەکانی ئەم دوو گرفتە لەیەکتر جیابکەینەوە، بەڵام جیاوازی نێوان دیسلێکسیا و (ADHD) لە چەند لایەنێکەوە دەردەکەوێت، بە تایبەتی دیسلێکسیا کاردەکاتە سەر خوێندنەوە بەڵام (ADHD) کاردەکاتە سەر تەرکیز کردن. لێرەدا سێ نموونە دەخەینەڕوو کە بریتین لەمانە، یەکەم سەرنج نەدان، دیسلیکسیکەکان و (ADHD) سەرنجیان لەسەر زۆر شت دادەبڕێت، بەڵام هۆکاری سەرنج دابڕانەکانیان جیاوازە. (ADHD)ەکان سەرنجیان لەسەر شتەکان لادەچێت لەبەرئەوەی کێشەی تەرکیز کردنیان هەیە، لە کاتێکدا دیسلێکسەکان سەرنجیان لەسەر شتەکان لادەچێت لەبەرئەوەی خوێندنەوە پێویستی بە توانا و وزەیەکی زۆر هەیە و دیسلێکسەکان ئەم توانا و وزەیەیان لاوازە. دووەم، ڕەوانی، خوێنەری ڕەوان دەتوانێت شتەکان وەک خۆی بە جوانی بخوێنێتەوە، بەڵام (ADHD)ەکان لەکاتی خوێندنەوەدا ڕەوان نین، لەبەرئەوەی شوێنی نووسینەکان جێدەهێڵن و بەسەر کۆتایی نووسینەکان بازدەدەن، چونکە مێشکیان بە خێرایی پێشکەوتن دەکات بۆ چوونە سەر بەشەکەی تری نووسین. بەڵام دیسلێکسەکان خوێنەری ڕەوان نین لەبەرئەوەی کاتێکی زۆر تەرخان دەکەن بۆ دەربڕینی وشەکان یاخود وشەکان بە هەڵە دەخوێننەوە. هەر دوو بارەکە کاردەکاتە سەر دروستبوونی گرفتی تێگەیشتن لەوەی خوێندراوەتەوە و دەبێتە هۆی ئەوەی چێژ لە خوێندنەوە

وەرنەگرن. سێیەم و کۆتایی، هەندێکجار نووسین، نووسین و خەتخۆشی دەبێتە کێشە بۆ توشبوانی (ADHD)، هەروەها لەوە دەچێت کێشەی ڕێکخستنی نووسین و هەڵەچنینیان هەبێت، لە کاتێکدا دیسلێکسەکان گرفتی ڕێنووسکردن، ڕێزمان، ڕێکخستنی بیرۆکە، هەڵەچنی یان دەست و خەتیان دەبێت (Dakin, & Erenberg, 2019, p. 1-2).

لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت هەردوو حاڵەتەکە زۆر لەیەکتر نزیکن و هەریەکەیان بە جیا و تەنانەت بە یەکەوەش کاریگەری لەسەر تاک دروست دەکەن و هۆکاری دووچاربوونی هەردوو شێوانەکە زۆربەی کات بۆ بۆماوە دەگەڕێتەوە. بەهۆی نزیکیی نیشانەکانیان لە یەکترەوە زۆربەی کات دیسلێکسیا و (ADHD) تێکەڵ دەکرێن. هەروەها ئەو کەسانەی تووشی (ADHD) بوون زۆربەی نیشانەکانی دیسلێکسیایان لا دەردەکەوێت، لە کاتێکدا مەرج نییە دیسلێکسەکان نیشانەکانی (ADHD) لا دەربکەوێت.

**٤.١٠.٢ دیسلێکسیا و ئەفازیا**

هەروەکو گرفتە زمانییەکانی تر دیسلێکسیا و ئەفازیا چەند خاڵێکی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە. ئەوەی ڕوونە ئەوەیە دیسلێکسیا دوو جۆری سەرەکی هەیە، یەکێکیان دیسلێکسیای گەشەسەندووە هۆکارەکەی بۆ هۆکاری بۆماوەیی، جینی، زگماکی و دەماری دەگەڕێتەوە، ئەوەی تریان دیسلێکسیای وەرگیراو بەهۆی هۆکاری ژینگەییەوە دووچاری تاک دەبێتەوە ئەمەش بۆ تووشبوونی تاک بە نەخۆشییەک، ڕووداوێک کە زیان بە مێشک بگەیەنێت، یان هەبوونی لوی مێشک یان هەر گرفتێکی دەماری کە هۆکارەکەی بۆماوەیی نەبێت دەگەڕێتەوە.

بەڵام ئەفازیا یەکێکە لە نەخۆشییەکانی زمان و گوتن هۆکارەکەی بۆماوەیی نییە، بەڵکو هۆکارەکانی تووشبوونی تاک بە ئەفازیا ژینگەیی و بەدەستهاتوون. ئەفازیا لە

لایەنەکانی (بەرهەم هێنان، تێگەیشتن، خوێندنەوە و نووسین) کار دەکاتە سەر تاک. زۆربەی کات ئەفازیا بەهۆی برینداربوونی مێشک، تێکچوونی مێشک، جەڵتەی مێشک، هەبوونی لو لە مێشک یاخود هەوکردنی کۆئەندامی دەماری دووچاری تاک دەبێتەوە (The National Aphasia Association, 2019; MFMER, 2019; NIDCD, 2015, p.1& McNeil & Pratt, 2001, 905). ئەو نەخۆشانەی ئەفازیایان هەیە، توانایان لەدەستداوە لە گواستنەوە و گۆڕینی ڕیزبەندی پێشکەشکردنی پرۆسە مێشکییە ناوشەییەکان بۆ هێماکان، پیتەکان، وشەکان، ڕێکخستنە ڕێزمانییەکان و بیرۆکەکان. هەندێک لە تووشبووانی ئەفازیا ناتوانن وێنە هزرییەکانی مێشک بگۆڕن بۆ ئاخاوتن یان نووسین. ئەفازیا تەنیا پەیوەندیی بەو پرۆسە زمانیانەوە نییە کە لە ڕێگای سیگناڵەکانی بیستن وەرگیراون، بەڵکو پەیوەندیی بە سیگاناڵەکانی بینین و چالاکی کرداری تایبەت بە زمانی ئاماژەشەوە هەیە. هەروەها ئەفازیا کاریگەری لەسەر چەند لایەنێکی زمانی دروستدەکات، لە گرنگترین لایەنە زمانییەکان بریتین لە (سینتاکس، لێکسیکۆن، مۆرفۆلۆژی). بە شێوەکی گشتی ئەوانەی ئەفازیایان هەیە تووشی تێکچوونی میکانیزمی وەرگێڕانی بیرۆکە هزرییەکان بۆ زمانی قسەکردن دەبن. ئەفازیا بە شێوانێکی درککردن دانانرێت، یاخود تەنها زمانی خوێندنەوە و نووسین ناگرێتەوە، بەڵکو کەڕەکانیش دووچاری ئەفازیا دەبنەوە (Damasio, 1992, p. 1).

لە بەشەکانی پێشتر بە وردی باسی جۆرەکانی دیسلێکسیا کرا، لێرەدا گرنگە بە کورتی باس لە جۆرەکانی ئەفازیا بکرێت بۆ ئەوەی خاڵی هاوبەش و جیاوازی نێوان ئەم دوو شێوانە زمانییە ڕوونبکرێتەوە. بە شێوازێکی گشتی دوو جۆری سەرەکی ئەفازیا هەیە ئەوانیش بریتین لە ئەفازیای ڕەوانی و ئەفازیای ناڕەوانی، لە زۆربەی سەرچاوە زانستییەکاندا جۆرەکانی ئەفازیا بەسەر چەند جۆرێکدا دابەشکراوە و لە دوایدا سەرجەم

جۆرەکان دەچنە ژێر چەتری دوو جۆرە سەرەکییەکەی ئەفازیاوە، کە گرنگترین جۆرەکانی ئەفازیا بریتین لەمانەی خوارەوە:

### ١.٤.١٠.٢ ئەفازیای جیهانی

ئەم جۆرەی ئەفازیا بەهۆی تێکچوونی لای چەپی مێشکەوە ڕوودەدات ( Pai et al., 2011, p. 185). هەروەها ئەم جۆرەی ئەفازیا بە یەکێک لە توندترین جۆرەکانی ئەفازیا دادەنرێت کار دەکاتە سەر لایەنەکانی (ناوهێنان، تێگەیشتن، دووبارەکردنەوە، خوێندنەوە، نووسین و قسەکردن). کەسی تووشبوو بە ئەفازیایی جیهانی تەنیا توانای بەرهەمهێنانی چەند وشەیەکی کەمی دیاریکراوی هەیە و توانای تێگەیشتنێکی کەم یاخود توانای تێگەیشتنی لە زمانی گوتراو نییە. هەروەها کەسی تووشبوو بە ئەفازیای جیهانی توانای زمانی نووسین و خوێندنەوەی کەمە یاخود بە هیچ جۆرێک ئەم توانایانەی نییە. زۆربەی کات تاک بەهۆی جەڵتە دووچاری ئەم جۆرەی ئەفازیا دەبێتەوە( Dronkers & Baldo, 2009, p. 346). لێرەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە ئەم جۆرەی ئەفازیا پەیوەندیی بە دیسلێکسیاوە نییە، مەگەر تەنیا لە یەک خاڵی هاوبەشدا کۆبکرێنەوە، ئەویش سەرچاوەی هەردووکیان بۆ هۆکاری بۆماوەیی ناگەڕێتەوە، بەڵکو پەیوەندیی بە هۆکارەکانی تری وەکو نەخۆشی و جەڵتەوە هەیە.

### ٢.٤.١٠.٢ ئەفازیای بڕۆکا

ئەم جۆرەی ئەفازیا بە یەکێک لە جۆرەکانی ئەفازیای ناڕەوانی دادەنرێت. هۆکارەکانی تووشبوونی تاک بەم جۆرەی ئەفازیا بۆ هەندێک هۆکاری وەکو (هەبوونی لو لە مێشک، بریندار بوونی مێشک یان هەوکردنی مێشک) دەگەڕێتەوە، لەم جۆرەی ئەفازیادا بەرهەمهێنانی دەربڕین/گوتن کەم دەبنەوە و سنووردار دەبن. فەرهەنگی کەسی تووشبوو بەم جۆرەی ئەفازیا لاواز دەبێت و لە کاتی قسەکردندا قسەکانی تێکەڵ و پێکەڵ دەبێت و دەشێوێت. کەسی تووشبوو بەم جۆرەی ئەفازیا لە قسەکردنی کەسی بەرانبەر

به باشی تێدەگات و دەتوانێت شتەکان بخوێنێتەوە، بەڵام توانای نووسینی لاواز دەبێت. لە کاتی دیاری کردنی ڕاست و چەپدا هەڵە دەکات و هەندێکجار هەندێک وشەی بۆ نایەت، بۆیە بە نزیکەیی وشەیەکی نزیک لە وشەی مەبەست بەکاردەهێنێت، ئەمە لە کاتێکدایە خۆی هەست بە هەڵەکانی خۆی ناکات(Acharya & Wroten, 2019, p. 1). ئەفازیای بڕۆکا و دیسلێکسیای وەرگیراو لە چەند خاڵێکدا هاوشێوەن، بۆ نموونە هەردوو شێوانەکە بەهۆی هۆکارەکانی بۆماوە و جینی دووچاری تاک نابنەوە، کەسانی دیسلسێکسیک و ئەفازیای بڕۆکا کێشەی نووسینیان هەیە، هەروەها کێشەی دیاریکردنی ئاڕاستەکانی ڕاست و چەپیان هەیە و هەندێکجار هەندێک وشە بە نزیکەیی دەخوێننەوە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەفازیا لە دیسلێکسیا بە هێزتر و کاریگەرییەکەی لەسەر تاک توندتر دەبێت، بۆیە کەسانی پسپۆڕ دەبێت ئاگادار بن لە دەستنیشانکردنی هەر دوو حاڵەتەکە. بڕوانە وێنەی ژمارە (٢).

**٣.٤.١٠.٢ ئەفازیای ڤێرنیکا:**

تاک بەهۆی بوونی لوی لای چەپی مێشک یاخود بریندار بوونی مێشک دووچاری ئەفازیای ڤێرنیکا دەبێتەوە، ئەفازیای ڤێرنیکا بە جۆرێک لە جۆرەکانی ئەفازیای ڕەوانی دادەنرێت کەسی تووشبوو بەهۆی ئەم جۆرەی ئەفازیایەوە توانای تێگەیشتی لە زمانی قسەکردن و نووسین نامێنێت. کەسی تووشبوو بە شێوازێکی ئاسایی قسە دەکات و لە قسەکردندا ڕەوانە، هەروەها قسەکردنیان لە ڕووی ڕێزمانییەوە کێشەی نییە، بەڵام قسەکردنیان تێکەڵ و پێکەڵە و هەندێک وشە دەڵێن هیچ واتایەکی نییە یاخود هەندێک ڕستە دەڵێن لە ڕستە دەچێت بەڵام واتای نییە، هەروەها کەسانی تووشبوو بە ئەفازیای ڤێرنیکا کێشەی کۆکردنەوە و کێشەی نووسینیان هەیە ( Acharya & Wroten, 2019; The National Aphasia Association, 2018).

ئەفازیای ڤێرنیکا و دیسلێکسیا هەرچەندە زۆر لەیەکتر دوورن، بەڵام لە چەند خاڵێکی کەمدا لەیەکتر دەچن، بۆ نموونە هەردووکیان هۆکارەکانی تووشبوونیان تەنها بۆ بۆماوە ناگەڕێتەوە، کەسانی تووشبوو بە هەر دوو شێوانە زمانییەکە گرفتی کۆکردنەوە و نووسینیان هەیە.

جۆرەکانی ئەفازیا زۆرن، بەڵام لێرەدا تەنیا ئاماژە بەم سێ جۆرەی ئەفازیا کراوە بۆ ئەوەی هەندێک لە خاڵە هاوبەشەکانی نێوان ئەفازیا و دیسلێکسیا بخرێتەڕوو، گرنگە بزانین، ئایا هیچ پەیوەندییەک لە نێوان دیسلێکسیا و ئەفازیادا هەیە؟ لە هەندێک سەرچاوەدا ئەوە ڕوونکراوەتەوە هەندێکجار دیسلێکسیا سەردەکێشێت بۆ ئەفازیا (UCSF Osher Center for Integrative Medicine, 2015). بڕوانە وێنەی ژمارە (٢).

وێنەی (٢) ناوچەی برۆکا و ناوچەی ڤێرنیکا




### ٥.١٠.٢ دیسلێکسیا و گەشەنەسەندنی تایبەتیی زمان

گەشەنەسەندنی تایبەتیی زمان بریتییە لەو شێوان و تێکچوونەی کە گەشەی دەربڕین یان گوتنی زمان دەگرێتەوە (Leonard, 2014, p.167). هەروەکو دیسلێکسیا

منداڵانی تووشبوو بەم شێوانە هیچ کێشەیەکی بیستنیان نییە و ئاستێکی زیرەکیی ئاساییان هەیە. کێشەکانی دەربڕین خۆیان لە چەند لایەنێکدا دەبیننەوە، گرنگترینیان لایەنەکانی (سیمانتیکس، سینتاکس، گوتار) دەگرنەوە(Catts et al., 2005, p. 1379).

گەشەنەسەندنی تایبەتیی زمان و دیسلێکسیا دوو حاڵەتن زۆر کات بەیەکەوە بەکاردەهێنرێن بۆ باسکردنی گرفتی زمانی لە لای کەسانی تووشبوو. دیسلێکسیا زۆربەی کات بۆ ئەو کەسانە بەکاردێت کێشەی زمانی بابەتە نووسراوەکانیان هەیە، ئەمە لە کاتێکدایە دیسلێکسەکان توانای زمانی قسەکردن یا دەربڕینی ئاساییان هەیە (Snowling 1991, p. 56). بەڵام گەشەنەسەندنی تایبەتیی زمان بریتییە لەو کێشەیەی دووچاری تاکەکان دەبێتەوە لە وەرگرتنی زمانی دەربڕین، ئەمە لە کاتێکدایە کەسی تووشبوو زمانی نووسینی ئاسایی هەیە (Bishop 1997, p.309).

هەندێک بۆچوون هەن دەڵێن دیسلێکسەکان کێشەی پەککەوتنی فۆنۆلۆژییان زیاترە بە بەراورد لەگەڵ کەسانی تووشبوو بە گەشەنەسەندنی تایبەتیی زمان. هەروەها باس لەوە دەکەن کە تووشبووانی دیسلێکسیا و گەشەنەسەندنی تایبەتیی زمان کێشەی یادگەی کارکەری کورتخایەن و کارامەیی پرۆسەی فۆنۆلۆژییان هەیە ( Leitã & Claessen, 2019).

هەروەها بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری خاڵی لێکچوو و جیاوازی دیسلێکسیا و گەشەنەسەندنی تایبەتیی زمان( Catts et al., 2005, p.1380) سێ مۆدێلیان داناون. ئەم سێ مۆدێلە بە شێوازێکی زۆر باش پەیوەندی لە نێوان دیسلێکسیا و گەشەنەسەندنی تایبەتیی زمان دەخەنەڕوو. لە شێوەی ژمارە (١) دا  بە شێوازێکی ڕوون پەیوەندییەکە ڕووندەکرێتەوە.

**مۆدێلی یەکەم:** دیسلێکسیا  و گەشەنەسەندنی تایبەتیی زمان  هەر دووکیان دوو دیاردەی جیاوازن، بەڵام لە ئەنجامی هەمان هۆکار دروست دەبن، هەمان گرفتی پەککەوتی

زانینییان هەیە. بەپێی ئەم مۆدێلە کەموکوڕیی پرۆسەی فۆنۆلۆژی دەبێتە هۆی هەردوو پەککەوتنەکە. بەڵام جیاوازی لە نێوان ئەم دوو پەککەوتنە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەگەر حاڵەتەکە کاریگەری زۆربوو، کەسی تووشبوو تووشی گرفتی خوێندنەوە وشەکان دەبێت و لە هەمان کاتدا دووچاری گرفتی زمانی دەربڕین دەبێت. بەڵام لە لایەکی ترەوە ئەگەر کاریگەریی کەم بوو، کەسی تووشبوو دووچاری گرفتی خوێندنەوەی وشەکان دەبێت، بەڵام دووچاری گرفتی زمانی دەربڕین نابێت.

**مۆدێلی دووەم:** لەم مۆدێلەدا باسی ئەوە دەکرێت دیسلێکسیا و گەشەنەسەندنی تایبەتیی زمان لە هەندێک لایەنەوە لە یەکتر دەچن و لە هەندێک لایەنی ترەوە جیاوازن. هەردوو پەککەوتنە زمانییەکە دەبنە هۆی کەموکوڕیی پرۆسەی فۆنۆلۆژی و دواجار گرفتی خوێندنەوەی وشەی لێدەکەوێتەوە. جیاواز لە مۆدێلی یەکەم کەموکوڕیی پرۆسەی فۆنۆلۆژی بۆ هەر دوو پەککەوتنەکە یەکسانە لە نێوان دیسلێکسیا و گەشەنەسەندنی تایبەتی زمان. بەڵام گەشەنەسەندنی تایبەتیی زمان بەوە جیادەکرێتەوە لە دیسلێکسیا کە کەسی تووشبوو دووچاری کەموکوڕییە زانینییەکان دەبێتەوە، ئەمەش بە جیاوازتر لە دیسلێکسیا دەبێتە هۆی تێکچوونی زمانی دەربڕین.

**مۆدێلی سێیەم:** لەگەڵ بوونی پەیوەندی و لێک نزیکی لە نێوان دیسلێکسیا و گەشەنەسەندنی تایبەتی زمان، مۆدێلی سێیەم باس لەوە دەکات کە هەر دوو پەککەوتنەکە تایبەتمەندیی جیاوازی خۆیان هەیە و هەر دووکیان دەبنە هۆی گرفتی خوێندنەوەی وشە. هەروەکو لەم مۆدێلە دەردەکەوێت کەموکوڕیی پرۆسەی فۆنۆلۆژی بە کرۆکی تووشبوونی تاک بە دیسلێکسیا دادەنرێت و تاک دووچاری گرفتی خوێندنەوەی وشە دەکات. بەڵام کەسانی تووشبوو بە گەشەنەسەندنی تایبەتیی زمان کە کرۆکی تێکچوونەکەیان بۆ کەموکوڕییە زانینییەکان دەگەڕێتەوە دەبێتە هۆی تێکچوونی زمانی دەربڕین.

شێوەی (١)پەیوەندیی نێوان دیسلێکسیا و گەشەنەسەندنی تایبەتیی زمان




لە (Catts et al., 2005, p.1380)

## ١١.٢ یاساکانی تایبەت بە دیسلێکسیا لە وڵاتانی جیهان

لە زۆربەی وڵاتانی جیهان گرنگییەکی زۆر بە بابەتی خاوەن پێداویستیی تایبەت دەدرێت، بۆیە هەر لە تەمەنی منداڵییەوە منداڵان چەندین هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەیان لەلایەن قوتابخانە و دەزگاکانی فێربوونەوە بۆ ئەنجام دەدرێت، ئەمەش بە مەبەستی زانینی ئەو بارەی تاکی تێدایە لە ڕووی چالاکی جەستەیی، هزری، ئەکادیمی، فێربوونیەوە. هەر هەڵسەنگاندنێک تایبەتە بە حاڵەتێکی دیاریکراو، ئەم هەڵسەنگاندنانەش یارمەتی تاک دەدەن بۆ ئەوەی خۆی، خێزانەکەی و پەروەردەکاران لە حاڵەتەکەی ئاگاداربن. دیسلێکسیاش یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان گرنگییەکی زۆری

پێ دەدرێت. ئەگەر هەست بکرێت منداڵێک حاڵەتێکی تایبەت و جیاوازی لە ڕووی خوێندنەوە و نووسینەوە هەیە، ئەوا لە ڕێگای دەروونزانی قوتابخانەکان هەڵسەنگاندنی تایبەتی زمانی بۆ ئەو منداڵە ئەنجام دەدرێت بۆ زانینی ئەگەری تووشبوونی تاک بە شێوانە زمانییەکان. بە شێوەیەکی گشتی، هەر کاتێک منداڵ توانای خوێندنەوە و نووسینی هەبوو، ئەوا ئەو کاتە هەڵسەنگاندنی زمانی بۆ ئەنجام دەدرێت. ئەگەر هاتوو دەرکەوت منداڵێک دیسلێکسە، ئەو کاتە هەندێک یاسای تایبەت ئەو منداڵە دەگرێتەوە و کۆمەڵە مافێکی تایبەتی بۆ دەستەبەر دەکرێت. هەروەکو هەر خاوەن پێداویستییەکی تایبەت، لە هەمان کاتدا لە لایەن هەندێک وڵاتەوە مافی تایبەت بۆ دیسلێکسەکان فەراهەم کراوە. لێرەدا باسی چەند یاسا و مافێکی تایبەت بە دیسلێکسیا دەکەین، هەندێک لە وڵاتان بە تایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا دەرییان کردوە.

یەکێک لەو وڵاتانەی کەوا گرنگییەکی زۆر بە بابەتی خوێندنەوە دەدات ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە، ئەم وڵاتە بۆ ماوەی زیاتر لە پەنجا ساڵە گرنگییەکی زۆری بەم بابەتە داوە و لە یاسای فیدڕاڵیدا ویلایەتە یەگگرتوەکانی ئەمەریکا یاسای تایبەتی بۆ داناوە (Gabriel, 2018, p. 25). هەر ویلایەتێک چەند یاسایەکی تایبەت بە خۆی سەبارەت بە شێوانی دیسلێکسیا هەیە، ئەم یاسا فیدڕاڵییانە مافەکانی کەسانی دیسلێکسی تێدا فەراهەم کراوە، دیسلێکسەکان چەند مافێکیان هەیە لەوانە، ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن و تێست بۆ دیاری کردنی دیسلێکسیا بە تایبەتی کاتێک قوتابی دەچێتە پۆلی سێیەم، مەشقکردن بە مامۆستایان و پەروەردەکاران و ڕاهێنانیان بۆ ئەوەی لە دیسلێکسەکان تێبگەن، دابینکردنی بوجەی پێویست بۆ دیسلێکسیا، دابینکردنی بودجە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لەم بوارەدا (Morin, 2020, p.39).

ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا مەبەستە زیاتر تایبەتە بە قوتابیانی دیسلێکسی زانکۆ، ئەو قوتابییانە چەند مافێکیان لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەیە لە گرنگترین

مافەکانیان بریتین لە پێدانی کاتی زیادە  لە تاقیکردنەوەکاندا، واتا بۆ هەر کاتژمێرێک (١٥) پانزە خولەکی زیادە دەدرێت بە قوتابیانی دیسلێکس بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە، ژوورێکی تایبەتی دوور لە ژاوەژاو بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان دابیندەکرێت، پێدانی تێبینیەکانی وانەگوتنەوە بە قوتابییە دیسلێکسەکان پێش وانەگووتنەوە، ئەنجام نەدانی کویز، پێدانی نووسینی ڕەنگاوڕەنگ، خوێندنەوەی پرسیارەکان بە دەنگ لە کاتی تاقیکردنەوەدا(Vickers, 2010, p. 9). هەروەها لە ولایەتی ماسەچیوستس بەپێی یاسای (Massachusetts General Law, Ch. 15A, §30, 1983) قوتابیانی دیسلێکس لە تاقیکردنەوەی ستانداردی وەرگرتن لە کۆلێژ دەبەخشرێن، لە بەرانبەر ئەنجام نەدانی تاقیکردنەوە ستاندارەکان، ئەو زانکۆیانە بۆ وەرگرتنی قوتابییە دیسلێکسەکان پشت بە تاقیکردنەوەکانی زیرەکی و تواناکانی تری تاک دەبەستن (Youman & Mather, 2018, p. 39; Youman & Mather, 2013, p. 151).

مافەکانی قوتابیانی دسیلێکسیک لە بەریتانیا زۆر نزیکە لە مافەکانی قوتابیانی دیسلێکس لە ئەمەریکا، لە گرنگترین مافەکانی قوتابیانی دیسلێکس لە بەریتانیا بریتییە لە پێدانی (٢٥٪) کاتی زیادکراو بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان، ئەگەر پێویست بوو قوتابیان پرۆگرام و پرسیارەکانی تاقیکردنەوەیان بە فۆنت، قەبارە و ڕەنگی جیاواز پێ دەدرێت، ڕیکۆردکردنی وانەکان بۆ قوتابییە دیسلێکسەکان (University of Oxford, n.d., p. 2). لەلایەکی ترەوە لە ئەوروپا، لە ساڵی ٢٠٠٤ وەزارەتی پەروەردەی ئیتاڵیا یاسایەکی نوێی سەبارەت بە دیسلێکسیا دەرکرد، بە نزیکەیی هەمان ئەو مافانەی لەخۆدەگرت کە لە وڵاتانی تر بۆ ئەم پرسە فەراهەم کراوە، ناوی یاساکە بریتییە لە (Law n.170/2010) (Cappa & Giulivi , 2012, p.1). هەروەها ئوستڕالیا لە ساڵی (١٩٩٢) لە دوای هەموارکردنەوەی یاساکانی تایبەت بە مافەکانی  خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان

دیسلێکسیای ناساند، لەو ساڵەوە دیسلێکسیا بە پەککەوتنی فێربوون ناسێندرا (Topsfield, 2014). لە ئەڵمانیاشدا دوای ئەوەی زانرا کەسێک کێشەی زیرەکی نییە، بەڵام دیسلێکسە، سەرەتا ئاستی دیسلێکسیا بۆ کەسی تووشبوو دیاری دەکرێت، پاشان کەسانی دیسلێکس لەسەر هەڵەکردنی ڕێنووسی و خوێندنەوە نمرەیان لێ ناشکێندرێت، هەروەها ڕاهێنان بە مامۆستایان و پەروەردەکاران دەکرێت بۆ تێگەیشتن لە دیسلێکسیا و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵانی دیسلێکس (Dummer-Smoch, 1998, p. 66).

لە وڵاتی سوید بە هەمان شێوەی وڵاتانی تر دیسلێکسەکان چەند مافێکیان هەیە، لە گرنگترین مافەکانیان بریتییە لە دابینکردنی کتێبی دەنگی، کتێبی ئەلیکترۆنی، ڕێکخستنی پلانی تایبەت بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان، پاڵپشتیکردنی تێبینی نووسین، چاودێریکردن و وانەوتنەوە و دابینکردنی یاریدەدەر لە کاتی خوێندندا (Swedish Institute, 2020).

لە تورکیا چەند کۆمەڵەیەکی دیسلێکسیا هەن، کار بۆ یارمەتیدانی دیسلێکسەکان دەکەن، هەروەها لە یاسای ئەو وڵاتەدا یاسایەکی تایبەت بە وەزارەتی پەروەردە هەیە تایبەتە بە پەککەوتنی فێربوونی دیاریکراو، پەککەوتنەکانی فێربوونی زمان، نووسین، قسەکردن، ماتماتیک، بیرکردنەوە، یادگە دەگرێتەوە. هەرچەندە لە ساڵی (١٩٩٧) وەزارەتی پەروەردەی تورکیا دیسلێکسیای ناساند، بەڵام ناساندنەکە تا ئەم ساڵانەی ڕابردووش کارێکی کەمی پێدەکرا و لە هیچ یاسایەکی ئەو وڵاتەدا شێوانی دیسلێکسیا وەکو یاسا ئاماژەی پێنەکراوە، هەروەها حکومەت زیاتر گرنگی بە بابەتەکانی وەکو (ADHD) دەدات و گرنگییەکی ئەو تۆ بە بابەتی دیسلێکسیا نادات (Cappa & Giulivi , 2012, p1).

ئەمە لە کاتێکدایە هەندێک وڵاتی وەکو سوریا لەم ماوەیەدا دیسلێکسیای ناساند، هەروەها لە ئەردەن و باشووری ئیسرائیل کاری باش کراوە بۆ پاڵپشتی کردنی دیسلێکسەکان (Elbeheri, Mahfoudhi & Everatt, 2009, p. 11).

لە وڵاتی ئێرانیش هەروەکو وڵاتانی تر گرنگییەکی زۆر بە دیسلێکسیا دەدرێت و چەندین کتێب و توێژینەوە لەم بوارەدا نووسراون. کۆمەڵێک دەزگا گرنگی بەم بابەتە دەدەن، قوتابخانە و زانکۆکانی ئێران ئاشناییەکی باشیان سەبارەت بە دیسلێکسیا هەیە، بەڵام هەروەکو زۆربەی وڵاتانی تر یاسایەکی تایبەت لەلایەن ئەو وڵاتەوە سەبارەت بە دیسلێکسیا دەرنەچووە (Azizifar et al., 2019, p.2).

لەمەوە دەردەکەوێت لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یاسای تایبەت بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت هەیە، مافی خوێندنیان لەسەرجەم ناوەندەکانی خوێندن هەیە و دەبێت دەوڵەت پێداویستییەکانیان بۆ دابینبکات، بەڵام لە هیچ کام لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بگرە لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش یاسایەک نییە ئاماژە بە دیسلێکسیا و پاڵپشتی کەسانی دیسلێکس بکات.

### ١٢.٢ زاڵبوون بەسەر دیسلێکسیادا

چەند ڕێگا و ستراتیژییەک هەیە کە قوتابیانی دیسلێکس لە زانکۆکاندا دەتوانن بیگرنە بەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و زاڵبوون بەسەر دیسلێکسیادا. هەندێک لەڕێگا و پرۆگرامەکان تایبەتن بە ڕێنماییکردنی دەروونی زانینی. زۆربەی پرۆگرامەکان تەنیا بە زمانی ئینگلیزی بەردەستن و بەداخەوە لە زمانی کوردیدا هیچ پرۆگرام و ڕاهێنانێک بۆ دیسلێکسەکان نییە، هەروەها لە وڵاتانی دەرەوە و بە تایبەتیش ڕۆژئاوا کۆمەڵە ئەپلیکەیشنێک بۆ دیسلێکسەکان بەردەستە بە هەمان شێوە ئەو ئەپلیکەیشنانە بۆ ئاخێوەرانی زمانی کوردی بەردەست نین. هەوڵ دەدرێت لەم چەند پەرەگرافەدا باسێکی کورت دەربارەی پرۆگرام، ئەپلیکەیشن و چەند ڕێنماییەکی خودی بۆ دیسلێکسە پێگەیشتووەکان ڕوونبکرێتەوە.

لە سەرەتادا چەند پرۆگرامێکی تایبەت بە زاڵبوون بەسەر دیسلێکسیادا هەن ئەم پرۆگرامانە یارمەتی دیسلێکسەکان دەدەن بۆ زاڵبوون بەسەر ئاستەنگییەکانیاندا، هەروەها

یارمەتی دیسلێکسەکان دەدەن کە گەشە بە کارامەییەکانی خوێندنەوە، نووسین و زانینی بدەن. بەناوبانگترین پرۆگرامەکان بریتین لە پرۆگرامەکانی فرە هەستەوەری ( Multi- Sensory Programs)  کە (Orton- Gillingham) بە  داهێنەری دادەنرێت، ئەم پرۆگرامانە  یارمەتی تاک دەدەن بۆ ئەوەی گەشە بە بواری خوێندنەوە و نووسینی و زانینی بدات، یەکێک لە تەکنیکەکانی ئەم پرۆگرامانە بەکارهێنانی زیاتر لە هەستەوەرێکە لە کاتی فێربووندا، بۆ نموونە لەم پرۆگرامەدا کاتێک نووسینێک دەبینیت، گوێت لێدەبێت، و بەشەکانی جەستەی لەگەڵدا دەجولێنیت، پاشان یارمەتی دیسلێکسەکان دەدرێت لە رێگای دووبارەکردنەوەی نووسینەکان لە یادگەی کورتخایەن  بۆ دروستکردنی وێنەی هزری بۆ نووسینەکان (Oakland et al., 1998, p. 140). ئەو پرۆگرامانەی لەسەر بنەمای (Orton- Gillingham) دانراون، گرنگترینیان بریتین لەم سێ پرۆگرامەی خوارەوە:

### ١.١٢.٢  پرۆگرامەکانی فێرکردنی دیسلێکس: پرۆگرامی بارتۆن

پرۆگرامی بارتۆن یەکێکە لەو پرۆگرامانەی کە لەسەر بنەمای ( Multi- Sensory) لە ساڵی (١٩٩٨) دانراوە. ئەم پرۆگرامە دەتواندرێت لە بواری ئەکادیمی و نائەکادیمیدا بۆ گەشەپێدانی  بواری خوێندنەوە و نووسین لەلای گەورەکان و منداڵەکان بەکاربهێنرێت. لەم پرۆگرامەدا هاوکار (tutor) هەیە یارمەتی دیسلێکسیەکەکان دەدات بۆ دووبارە فێربوونەوەی دروست گۆکردنی فۆنیمەکان. لە رێگای تێگەیشتن لە دەنگەکانەوە یارمەتی دیسلێکسەکان دەدرێت باشتر بخوێننەوە و وشەکان بناسنەوە. ئەم پرۆگرامە چەندین (DVD) لەخۆدەگرێت بە شێوازێکی ئاسان هەنگاو بە هەنگاو یارمەتیی دووبارە فێربوونەوەی دیسلێکسەکان دەدات. پرۆگرامەکە بە شێوازێکی ئاشکراو ڕاستەوخۆ یارمەتی تاک بۆ گەشەپێدانی فەرهەنگ دەدات. لە هەمان کاتدا ئەم پرۆگرامە یارمەتی تاک بۆ دووبارە فێربوونی یاساکانی نووسین دەدات، فێربوونی فۆنیمە کۆنسنانت و ڤاوڵەکان،

پێشگر و پاشگرەکان. ئەم پڕۆگرامە لە (١٠) ئاست پێکهاتووە و لە کۆتایی هەر ئاستێکدا هەڵسەنگاندن هەیە بۆ زانینی بەرەوپێشچوونی تاک. لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بۆ یارمەتیدانی منداڵان و پێگەیشتووانی دیسلێکس بەکاردەهێنرێت و لە زۆر سەنتەر و زانکۆکانی دونیا بۆ یارمەتیدانی دیسلێکسەکان ئەم پڕۆگرامە بەکاردەهێنرێت (Barton, 2020). ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم پڕۆگرامە لە وڵاتی ئێران لە توێژینەوەیەکدا بەکارهاتووە و ئەوە دەرکەوتووە ئەم پڕۆگرامە کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبووە لە یارمەتیدانی ئەو دیسلێکسانەی بەشداری توێژینەوەکەیان کردووە (Mihandoost et al., 2011, p. 187).

### ٢.١٢.٢ سیستەمی خوێندنەوەی ویڵسۆن

ئەم پڕۆگرامەش لەسەر بنەمای (Orton-Gillingham) بونیادنراوە، ئەم پڕۆگرامە تایبەتە بە دیسلێکسە پێگەیشتووەکان، هەروەها ئەم پڕۆگرامە لە ڕێگای پڕۆگرامی فرە هەستەوەرییەوە یارمەتی دیسلێکسەکان دەدات بۆ زاڵبوون بەسەر دیسلێکسیادا. لەم سیستەمەدا چەند پڕۆگرامێک بە شێوازی دەنگی، بینینی، هەستی بەرکەوتن ئامادەکراوە بۆ فێرکردنی گەورەکان. لە سەرجەم وانەکاندا سەرنجێکی زۆر دەخرێتە سەر خوێندنەوە و ڕێنووسکردن. یارمەتی دیسلێکسەکان دەدرێت بۆ ناسینەوەی ئەو دەنگانەی وشەکان دروست دەکەن و پاشان لە ڕێگای دەست لێدانەوە پرۆسەکانی فێربوون جێبەجێدەکرێت.

لەم پڕۆگرامەدا زیاتر سەرنج لەسەر ئەو بابەتانە دەدرێت کە دیسلێکس ئارەزووی دەکات و پاشان بەرە بەرە ئاستەکان بەرزتر دەبێتەوە. ئەم پڕۆگرامە دیسلێکسەکان فێری سەرجەم پێکهاتەکانی زمان دەکات بۆ ئەوەی ببن بە خوێنەری سەربەخۆ، باوەڕبەخۆبوون لە کاتی خوێندنەوە و نووسیندا بەرز دەکاتەوە. بە شێوازێکی گشتی ئەم پڕۆگرامە کار لەسەر (بەکۆدکردنی فۆنۆلۆژی، ئاگایی فۆنۆمیکی، فێربوونی وشەی

فەرهەنگی، ڕەوانی، گوزارشت لەخۆکردن، ڕێنووسکردن و هەڵەچنی، مۆرفۆلۆژی و تێگەیشتن) دەکات( Cicerchia, 2020, p. 5; Wilson Language Training, 2020; Hossfeld, 2019; Stebbins et al., 2012, p. 60; Cushing, 2017, p. 2).

وانەکانی سیستمی ویلسۆن لە (١٠) دە هەنگاو پێکدێت، شەش هەنگاوی یەکەم بریتین لە گەشەپێدانی کارامەییەکانی بەکۆدکردن کە تایبەتە بە خوێندنەوە، هەنگاوی حەوتەم و هەشتەم تایبەتە بە ڕێنووس کردن و هەنگاوی نۆیەم و دەیەم تایبەتە بە ڕەوانی. لەم سیستەمەدا چەند ئامرازێک بۆ یارمەتیدانی دیسلێکسەکان بەکاردێت لە گرنگترینیان، ڕاهێنان لەسەر دەنگەکان و بە کۆدکردنیان لە ڕێگای بەکارهێنانی کارتی ڕەنگاو ڕەنگەوە، پێداچوونەوە بە بنەماکانی کۆدکردن لە ڕێگای کارتەوە، خوێندنەوەی وشە بە گشتی لە ڕێگای فلاش کارتەوە، خوێندنەوەی  ڕەوان لە ڕێگای هێڵکارییەوە، خوێندنەوەی ڕستە لە نووسینێکی کۆنترۆڵکراو، گوتنەوە و پێداچوونەوەی بنەماکانی ڕێنووسکردن، خوێندنەوەی نووسینێک بۆ کارامەیی ڕەوانی و چالاکی گوێگرتن و تێگەیشتن (Hossfeld, 2019, p.2; Bowe, 2016, p. 17).

### ٣.١٢.٢ پڕۆگرامی دەیڤس

ئەم پڕۆگرامە لەسەر بنەمای کتێبەکەی (Davis & Braun, 2011)  بە ناوی (The Gift of Dyslexia) نووسراوە. ئەم پڕۆگرامەش هەروەکو پڕۆگرامەکانی تر لەسەر بنەمای فرە هەستەوەری بونیادنراوە سەرچاوەکەی بۆ (Orton-Gillingham) دەگەڕێتەوە. ئەم پڕۆگرامە بە (٤٢) زمانی جیاواز بەردەستە و زمانی عەرەبی یەکێکە لە زمانەکان. ئەم پڕۆگرامە لە زۆربەی وڵاتای دنیا بەردەستە بۆ یارمەتیدانی دیسلێکسەکان، هەروەها لە شەش وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەم پڕۆگرامە بەردەستە کە بریتین لە وڵاتەکانی (سعودیە، قوبرس، بەحرەین، لوبنان، سعودیە و ئیمارات).

پرۆگرامی دەیڤس بۆ ڕاستکردنەوەی دیسلێکسیا ( Davis Dyslexia Correction Program) یەکێکە لە پرۆگرامەکانی دەیڤس ئەم پرۆگرامە گەشە بە کارامەییەکانی خوێندنەوە، ڕێنووسکردن، دەست و خەت دەدات. ئەم پرۆگرامە لە ڕێگای ڕێکخستنەوە و کۆنترۆڵکردنی درککردنەوە ئەنجام دەدرێت و تاک فێری چەند تەکنیکێک دەکرێت بۆ بە دەستهێنانی ڕەوانی و تێگەیشتن لە خوێندنەوە. ماوەی ئەم پرۆگرامە (٣٠) کاتژمێرە و دەتواندرێت لە ماوەی پێنج ڕۆژی چڕدا جێبەجێ بکرێت. ئەم پرۆگرامانە لە ڕێگای هاوکارێکەوە ئەنجام دەدرێت. کەسی دیسلێکس فێری تەکینیکی کارامەیی سەرنجدانی درککردن دەکرێت (Attention Focus Skills)، کە لە ڕێگای وێنەی هزریەوە (Mental Picture) کەسی تووشبوو پەیوەندیی لە نێوان وشە و دەنگ و وێنەکاندا دروستدەکات. تاک لە ڕێگای کۆمەڵە تەکنیکێکەوە فێری خوێندنەوە و ڕەوانی و تێگەیشتن دەبێت، هەروەها تاک فێری خاڵبەندی دەکرێت. لە هەمان کاتدا سەرنجی زۆر دەخرێتە سەر ئەو وشانەی تاک دوچاری گرفت دەکات، لە ڕێگای تەکنیکی فرە هەستەوەرەوە یارمەتی تاک دەدرێت بۆ زاڵبوون بەسەر گرفتەکانیدا، هەروەها لە پرۆگرامەکەدا تەکینیکی ڕێنمایکردن جێبەجێدەکرێت بۆ کۆنترۆڵکردنی لادانەکان، هەروەها تاک ڕادەهێنرێت لەسەر بەکارهێنانی فرە درککردن. لە هەمان کاتدا تاک فێری بیرکردنەوەی دەرنەبڕدراو دەکرێت بۆ ئەو وشانەی گرفت دروست دەکەن. کەسی دیسلێکس ڕادەهێنرێت بۆ دروستکردنی واتا بۆ وشەکان یاخود هێماکان لە ڕێگای ڕاهێنانی سێ ڕەهەندییەوە کە بریتییە لە خوێندنەوەی شتێک و تێگەیشتن لە واتاکەی، هێما بۆ دانانی، پاشان گوتنەوەی بە دەنگی بەرز و بەکارهێنانی لە ڕستەدا بەپێی بوارەکانی خوێندنەوە و نووسین و تێگەیشتن(Davis & Braun, 2011, p. 65-122.197-222).

پرۆگرامی دەیڤس لە چەند توێژینەوەیەکدا بەکارهێنراوە و لە ئەنجامدا کاریگەری ئەرێنی بەرنامەکە لەسەر بەشداربوونی توێژینەوەکان دەرکەتووە، بۆ نموونە ( Shayan et al., 2010, p.23) توێژینەوەیەکیان لەسەر (١٦) دیسلێکسی (١٧-٤٠) ساڵی ئەنجامدا. لە توێژینەوەکەیاندا میتۆدی تاقیکارییان بەکارهێنا، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە پرۆگرامەکە کاریگەریی ئەرێنی هەبوو لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنەوە و تێگەیشتن لەلای دیسلێکسەکان.

## ٤.١٢.٢ هەندێک ڕێگای تر بۆ زاڵبوون بەسەر دیسلێکسیادا

چەند ڕێگایەکی تر بۆ زاڵبوون بەسەر دیسلێکسیادا هەن، یەکێک لەو ڕێگایانە بریتییە لە ڕێگای زمانیی دەماریی بۆ خوێندنەوە ( Neurolinguistic Approach to reading). ئەم ڕێگایە لە لایەن (Carol A. Kamara) لە ساڵی (٢٠١٥) بونیادنراوە. ئەو ڕێگایانەی کامارا دەستنیشانی کردوون بە توێژینەوە پشت ڕاستکراوەتەوە. لە ڕێگای ئەم پرۆگرامەوە یارمەتی کەسی دیسلێکس دەدرێت کە گەشە بە بوارەکانی خوێندنەوە و نووسین و ڕەوانی و تێگەیشتن بدات. هەروەها یارمەتی کەسی دیسلێکس دەدرێت لە ڕێگاکانی، درککردنی فۆنۆلۆژی، پرۆسەی بیستن، یادگەی کورتخایەن، گەڕاندنەوە لە یادگەی درێژخایەنەوە، چاککردنی نووسین، ڕێنووس کردنەوە. ئەو کەسانەی ئەم پرۆگرامە پێشکەش دەکەن دەبێت مۆڵەت لەم دەزگایە وەربگرن، هەروەها پێش پێشکەشکردنی ئەم پرۆگرامە دەبێت هەندێک کۆرس وەربگرن لەوانە کۆرسی (فۆنۆلۆژی، فۆنەتیک، ئامار، دەروونزانی، فسیۆلۆژی، زانستی بیستن و بینین)، ( Kamara, 2015, p.1-8).

پرۆگرامێکی ئەلیکترۆنی هەیە بەناوی (CogniFit) بۆ یارمەتیدانی دیسلێکسەکان. ئەم پرۆگرامەش بە پرۆگرامێکی زانستی دادەنرێت بۆ زاڵبوون بەسەر دیسلێکسیادا. ئەم پرۆگرامە لە ڕێگای توانا زانینییەکانەوە یارمەتی دیسلێکسەکان دەدات. هەورەها یارمەتی

چالاکی تۆڕەکانی مێشک دەدات کە پەیوەندییان بە پرۆسەکانی خوێندنەوە و نووسین و تێگەیشتنەوە هەیە. ئەم پڕۆگرامە کار لەسەر چەند پرۆسەیەکی زانینی دەکات لەوانە، یادگە، بۆ باشتر کردن و چاککردنەوەی ئەو شتانەی پێشتر خوێندراونەتەوە و لە یادگەدا کۆگاکراون و گەڕاندنەوەی هەمان زانیارییەکان بە شێوازێکی دروست. کارکردن لەسەر درککردن بۆ شیکردنەوەی وروژێنەرەکان. کاتێک هەست بە زانیارییەک دەکەین و پاشان ئەم زانیارییە لە ڕێگای هەستەوەرەوە دەگاتە درککردن، لە درککردن ئەم زانیارییە شیدەکرێتەوە، بۆیە لەم پڕۆگرامەدا کار لەسەر ڕاستکردنەوەی زانیارییەکانی تایبەت بە خوێندنەوە و تێگەیشتن دەکرێت. هەروەها لە پڕۆگرامەکەدا کار لەسەر بەکارهێنان و دروستکردنی پەیوەندیی لە نێوان پیت و وشە و ڕستەکان لە کاتی خوێندنەوە و نووسیندا دەکرێت. لە هەمان کاتدا لە ڕێگای یادگەی بینینی کورتخایەن و یادگەی بیستن چەند ڕاهێنانێکی خوێندنەوە و نووسین ئەنجام دەدرێت بۆ دروستکردنی پەیوەندیی لە نێوان زانیارییە بینراوەکان و بیرهاتنەوەی پیت و وشەکان. بۆ هەر وانەیەکی ئەم پڕۆگرامە پێویستیمان بە (١٥-٢٠) خولەک هەیە، هەروەها باشترە هەموو ڕۆژێک یاخود سێ ڕۆژ لە هەفتەیەکدا ئەم پڕۆگرامە جێبەجێبکرێت. هەروەها ماوەی بەکارهێنانی پڕۆگرامەکە لە کەسێکەوە بۆ کەسیکی تر دەگۆڕێت (Cognifit, 2020).

کۆمەڵە توێژەرێک توێژینەوەیەکیان لەسەر (٤١) قوتابیی دیسلێکسی زانکۆ ئەنجامدا بۆ زانینی کاریگەری پڕۆگرامی (Cognifit). لە پاش بەکارهێنانی ڕاهێنانەکانی یادگەی بیستن، یادگەی بینین، یادگەی بینینی شوێنی، لە ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوت کە ڕاهێنانەکان کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ڕەوانی خوێندنەوە و خێرای لە خوێندنەوە هەبووە (Shiran & Breznitz, 2011, p. 533).

کۆمەڵێک پڕۆگرام و ئەپڵیکەیشنی تایبەت بە یارمەتیدانی قوتابیانی دیسلێکس هەن هەر پڕۆگرامێک بە جۆرێک کارئاسانی بۆ قوتابیانی دیسلێکس لە زانکۆدا دەکات، بۆ

نموونه پرۆگرام و ئەپلیکەیشنەکانی ( DSA Text Help Read and Write, ATW, Text help, DSA SONOCent audio Note Taker) هەر یەکێکیان بە شێوازێک یارمەتی دیسلێکسەکان دەدەن بۆ گۆڕینی قسەکردن بە نووسین. قوتابی دەتوانێت بۆ نووسینی ئەرک و نووسینی ڕاپۆرت و توێژینەوە، نووسینەوەی تێبینیەکان لە کاتی وانەدا بەکاریان بهێنێت. ئەم پرۆگرامانە نەک تەنیا قسەکردن دەگۆڕن بۆ نووسین، بەڵکو هەڵەچنین و پێداچوونەوەش بۆ نووسینەکان دەکەن لە ڕووی ڕێنووس و ڕێزمانییەوە.

سەرجەم ئەو ڕاهێنان و پرۆگرام و ئەپلیکەیشنانەی باسکران یارمەتی دیسلێکسەکان دەدات بۆ زاڵبوون بەسەر کێشە و گرفتەکانیان، بەڵام هیچیان چارەسەری دیسلێکسیا بە تەواوی ناکات.

### ٥.١٢.٢ چەند ڕێنماییەکی خودی بۆ دیسلێکس

چەند ڕێنماییەکی خودی هەیە کە قوتابیانی دیسلێکسی ئاستی زانکۆ دەتوانن بەکاریبهێنن بۆ کەمکردنەوەی ئەو گیروگرفتانەی لە ژیانی ئەکادیمیدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، لە گرنگترینیان:

١ – بەرزکردنەوەی ئاستی بڕوابەخۆبوون و کارکردنی زیاتر.

٢- دابەشکردنی وانە و کتێب و ئەرکەکان بۆ چەند بەشێکی کەم.

٣- نووسین و تێبینی لە کاتی خوێندنەوە و خەت بە ژێرداهێنانی ئەو وشانەی گرانن بۆ بیرهاتنەوە و پاشان بەکارهێنانەوەیان لە ڕستەدا.

٤- وێنەکیشان یان نەخشەکێشان لە کاتی خوێندنەوە و لەبەرکردنی بابەتێک بۆ دروستکردنی پەیوەندییەک لە نێوان نەخشە یاخود وێنە و بابەتەکان.

٥- بەکارهێنانی هایلایتەر بۆ ڕەنگکردنی بابەتەکان و جیاکردنەوەیان لە کاتی نووسین.

٦- کورتکردنەوەی بابەتەکان و بەکارهێنانی فلاش کارت (Olofsson& Taube, 2012, p.8).

٧- بەکارهێنانی بەرنامەی (نووسین بۆ قسەکردن و قسەکردن بۆ نووسین) بە تایبەتی بۆ ئەو بابەتانەی بە زمانی ئینگلیزین، چونکە ئەم بەرنامانە لە کوردیدا نین.

٨- تۆمارکردنی دەنگی وانەکان، چونکە دیسلێکسەکان هەندێکجار ناتوانن گوێ بگرن و بنووسن لە یەک کاتدا (Wells, D. K., & Legg, T. J. (2017).

٩- کاتی زۆر تر تەرخان بکرێت بۆ بە هێواشی خوێندنەوە و نووسین.

١٠- ئەگەر ئەرکێکی زۆر لەسەریان بوو باشترە یەک یەک بە جیاواز کاریان لەسەر بکەن، نەک بە شێوازی هەرەمەکی کار لەسەر پرۆژە و ئەرکەکان بکرێت.

١١- ئەگەر تاقیکردنەوەیان هەبوو بە تایبەتی ئەو تاقیکردنەوانەی پێویستییان بە لەبەرکردنە، باشترە شەوی پێش تاقیکردنەوە شتەکان دووبارە بخوێننەوە.

١٢- هەرگیز بیر لەوە نەکرێتەوە ئەم هەفتەیە ئەرکیان نییە، بەڵکو سەیری ڕۆژژمێر بکرێت بۆ زانینی ئەو ئەرکانەی لە هەفتەکانی دواتر دێن.

١٣- هێڵ بەژێردا کێشانی هەر ئەرک و  پرۆژەیەک پێش ئەنجامدانی. دروستکردنی هێما، دروستکردنی چارت و دایەگرام بۆ بیرهاتنەوەی بابەتەکان.

١٤- دروستکردنی فلاش کارتی ڕەنگاوڕەنگ بۆ بیرهاتنەوەی یاسا بیرکارییەکان، ساڵەکان، ڕاستییەکان، بابەتە ئەبستراکتەکان.

١٥- خوێندن لە شوێنێکی ئارام کە هیچ دەنگەدەنگێک و ڕووناکی بەهێزی لێ نەبێت بە مەبەستی بە لاڕێدا نەبردنی قوتابی لە کاتی خوێندن و نووسیندا. هەندێکجار دەتوانرێت

هێدفۆنی دەنگگر بەکاربهێنرێت بۆ زیاتر سەرنجدان لە کاتی خوێندنەوە و نووسیندا (Yale Center for Dyslexia and Creativity, 2017).

## ١٣.٢ توێژینەوەکانی پێشوو سەبارەت بە دیسلکێسیا لە زمانی کوردیدا:

لەگەڵ ئەوەی دیسلێکسیا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان گرنگییەکی زۆری پێ دەدرێت و چەندین سەنتەر و ناوەندی ئەکادیمی ڕاهێنان و توێژینەوە لەم بوارەدا دەکەن. بەڵام لە هەرێمی کوردستان گرنگییەکی ئەوتۆ بەم بابەتە نەدراوە و دەتوانین بڵێین لە کەمترین سەرنج لە لایەن توێژەران و ناوەندە ئەکادیمییەکان لەسەر ئەم بوارە هەیە، لەگەڵ ئەوەدا لە هیچ زانکۆ و قوتابخانەیەک ڕاهێنان بۆ قوتابیانی دیسلێکس نییە و پێداویستییەکانیان پشتگوێ خراون.

یەکێک لە توێژینەوەکان لە زمانی کوردیدا لە لایەن (مەحموود، ٢٠١٦) لە ژێر ناونیشانی (گرفتی زمانی-پەروەردەیی (دیسلێکسیا وەک نموونە) لەسەر (٥٦) قوتابی قۆناغی بنەڕەتی ئەنجام دراوە. لە ئەنجامی توێژینەوەکە ئەوە دەرکەوت کە میکانیزمی حونجەکردن بۆ فێرکردنی منداڵانی دیسلێکس میکانزیمێکی باش نییە، زمانەکان بە پێ پەیڕەوی فۆنۆلۆژییان بە جیاواز کار لەسەر دیسلێکسەکان دەکەن، بەو واتایەی دیسلێکسیا لە سەرجەم زمانەکان وەکو یەکتر کار ناکاتە سەر تاک، تایبەت بە زمانی کوردی تێکەڵاوکردن لەلای منداڵانی دیسلێکس دروست دەبێت لە سەر ئاستی ڤاوڵەکانی (ا-ە) و شوێنی کۆنسنانتەکانی (پ-ب). منداڵە دیسلێکسەکان وشەی درێژیان پێ نانووسرێت و شوێنی سترێسەکان نادۆزنەوە.

لەلایەکی ترەوە توێژینەوەیەک لە ژێر ناونیشانی (شرۆڤەی ئاریشە زمانییەکان لە زمانی کوردیدا (دیسلێکسیا لە فێربوونی زمانی دووەمدا وەک نموونە) لە لایەن (عبدولکەریم، ٢٠١٥) ئەنجام دراوە. لەم توێژینەوەیەدا (٢٢) قوتابی قۆناغی سەرەتایی وەکو نموونە وەرگیراوە، کە (١١) قوتابیان دیسلێکسی توند و (١١) قوتابیان دیسلێکسی

سانا بوون، پاشان نموونەیەکی تر کە لە (٧٥) منداڵ لە سێ قوتابخانەی شاری سلێمانی لە سێ ناوچەی جیاواز لە ڕووی ئابووری، ڕۆشنبیری و پەروەردەییەوە هەڵبژێردرابوو، سەرەتا لە ئەنجامی توێژینەوەکە لەسەر (٢٢) منداڵەکە ئەوە دەرکەوت کە لە کۆی هەر (٥) قوتابییەک دوو تا سێ قوتابی دیسلێکسن. هەروەها لە توێژینەوەکەدا کە لەسەر (٧٥) منداڵەکە ئەنجام درابوو دەرکەوت کە هەرچەندە منداڵەکان لە سێ ناوچەی جیاوازبوون، بەڵام بەهۆی ژینگە و پەروەردەی جیاواز ئاستی جێبەجێکردنی ڕاهێنان بە دیسلێکسەکان بەپێی ناوچەکان جیاوازبوون و قوتابیانی ئەو ناوچانەی کە ئاستی ئابوورییان باش نییە و ژینگەی پەروەردەییان تەواو گونجاو نییە، باشتر خۆیان لەگەڵ ڕاهێنانەکان دەگونجاند.

لەم بەشەدا بە درێژی باسی ئەو پێناسەنانە کرا کە لەلایەن زانا و دەزگاکانەوە بۆ دیسلێکسیا ئەنجام دراون، هەروەها باسی مێژووی دیسلێکسیا و تیۆرەکانی دیسلێکسیا و جۆرەکان و بنەماکانی دیسلێکسیا کرا. پاشان بەراوردی دیسلێکسیا لای ڕەگەزی نێر و مێ کرا، هەروەها پەیوەندیی لە نێوان دیسلێکسیا و شێوانە زمانییەکانی تر کرا. لەلایەکی ترەوە پەیوەندیی لە نێوان دیسلێکسیا و زیرەکی خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لە کۆتاییدا باس لە توێژینەوەکانی پێشوو لە زمانی کوردی سەبارەت بە دیسلێکسیا و چەند ڕێگاو پرۆگرامێک بۆ زاڵبوون بەسەر دیسلێکسیادا کرا. لە بەشی سێیەمدا تیشک دەخرێتە سەر میتۆدی توێژینەوەکە، ڕێگاکانی هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکە، بونیادنانی پرسیارنامەی توێژینەوەکە و جێبەجێکردنی سەرجەم هەنگاوە سایکۆمەترییەکان.

## ٣. بەشی سێیەم

### ٣.١ دیزانی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر میتۆدی چەندێتیی بەکارهێنا. لە ڕێگای ئەم میتۆدەوە توێژەر دەتوانێت داتا لە ڕێگای پێوەرەوە کۆبکاتەوە و لە شێوەی ژمارەدا داتاکان ڕێکبخات، دواتر لە ڕێگای ئامرازە ئامارییەکانەوە شیکردنەوە بۆ داتاکان ئەنجام بدات و بگاتە ئەنجامی کۆتایی. ئەم میتۆدە ڕێگا بە توێژەر دەدات بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر داتاکان بە ڕێگای (خشتە، پای چارت، لاین گراف) بخاتەڕوو (Lucas-Alfieri, 2015, p. 20; Sheard, 2018, p. 430; Williams, 2007, p. 66).

### ٣.٢ بونیادنانی پرسیارنامەی دیسلێکسیا

**١.٢.٣ ئامانجی یەکەم:** ئامانجی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە بریتیبوو لە بونیادنانی پێوەرێک بۆ بوارەکانی دیسلێکسیا (لەبەشی دووەمدا ڕوونکراوەتەوە)، لەبەرئەوەی ئەم توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی چەندێتی دەبەستێت، بۆیە توێژەر پێویستی بە پێوەرێک هەیە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی توێژینەوەکە کاریان لەسەر دەکات. لەگەڵ بوونی چەندین پێوەری ئامادەکراو بۆ دیسلێکسیا، بەڵام ئەوەندەی توێژەر ئاگادارە هیچ کام لە پێوەرەکان بە زمانی کوردی نین، هەروەها هیچ کام لە پێوەرەکان بۆ کۆمەڵگەی کوردی و زمانی کوردی ئامادە نەکرابوون (بەپێی زانیاریی توێژەر). بۆیە توێژەر بە پێویستی زانی پێوەرێکی تایبەت بە کۆمەڵگەی کوردی و بە زمانی کوردی بونیاد بنێت.

بە مەبەستی بونیادنانی پێوەرێک بە زمانی کوردی بۆ پێوانی دیسلێکسیا لای دیسلێکسە کوردەکان، توێژەر گەڕایەوە بۆ توێژینەوە و ئەدەبیاتی تایبەت بەم بوارە، پاش گەڕانێکی ورد بە ناو توێژینەوەکانی پێشوو دەرکەوت چەندین پێوەری جیاواز بۆ پێوانەکردنی دیسلێکسیا لە لای پێگەیشتوان دروستکراوە. توێژەر گەیشتە ئەو ڕاستییەی

لەگەڵ بوونی مەرج و بنەما سایکۆمەترییەکان لە زۆربەی پێوەرە بەردەستەکان ڕاستگۆیی و جێگیری هەن و پێوەرەکان هیچ کێشەیەکیان لە ڕووی زانستی بونیادنانی پرسیارنامەوە نییە، بەڵام لەبەرئەوەی هەر پێوەرێک لەو پێوەرانە پشتی بە تیۆرێکی دیاریکراو بەستووە بۆ پێوانەکردنی دیسلێکسیا، پێوەرەکان نەیانتوانیوە جیهانیبن و هەموو ڕەهەند و فاکتەرەکانی دیسلێکسیا لەخۆبگرن. بۆ نموونە ئەو پێوەرەی کە (Diagnostic and Statistical Manual of Mental Disorders, 5th Edition) (DSM.V) دایناوە لەگەڵ ئەو پێوەرەی کە کۆمەڵەی دیسلێکسیای نێودەوڵەتی بونیادی ناوە بۆ پێوانەکردنی دیسلێکسیا زیاتر جەخت لەسەر لایەنی خوێندنەوە و نووسین دەکەنەوە، بەڵام توێژینەوەکان و ئەو تیۆرانەی دیسلێکسیایان ڕوون کردۆتەوە ئاماژە بە چەندین ڕەهەند و فاکتەری جیاواز دەکەن بە جۆرێک تەنیا کاریگەرییەکانی دیسلێکسیا لە گرفتی خوێندنەوە و نووسیندا نابیننەوە، بەڵکو دیسلێکسیا بوارەکانی تێگەیشتن، قسەکردن و زانینیش دەگرێتەوە.

بە خوێندنەوەیەکی گشتگیر بۆ تیۆرەکانی دیسلێکسیا ئەوە دەردەکەوێت کەوا دیسلێکسیا لە پێنج فاکتەر و ڕەهەند یاخود بوار پێکدێت، کە بریتین لە بوارەکانی خوێندنەوە، نووسین، تێگەیشتن، قسەکردن و زانینی. بۆیە ئەگەر بمانەوێت پێوانەی دیسلێکسیا بکەین، ئەوا پێویست دەکات لە هەموو ڕەهەندەکانەوە سەیری ئەو حاڵەتە بکەین نەک تەنها گرنگی بە لایەنێک بدەین و لایەنەکانی تر پشتگوێ بخەین. جیهانینەبوونی پێوەرەکانی دیسلێکسیا و لەخۆنەگرتنی هەموو ڕەهەند و بوارەکان وای لە توێژەر کرد کە جارێکی تر لەسەر بنەمای زۆربەی تیۆرەکانی دیسلێکسیا و سەنتەرەکانی توێژینەوەی تایبەت بە دیسلێکسیا لە بەشی دووەمدا ئاماژەی پێکرا، توێژەر پێوەرێک بونیادبنێت کە گوزارشت لە هەموو فاکتەرکانی خوێندنەوە، نووسین، تێگەیشتن، قسەکردن و زانینی

بکات. ئەمەش بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنرێت بۆ تێگەیشتن لە دیسلێکسیا وەک بابەتێکی فرەڕەهەند و پێوانەکردنی دیسلێکسیا لەسەر بنەمای گشت فاکتەرەکان.

کەواتە ئەم پێوەرە دوو کێشەمان بۆ چارەسەر دەکات؛ یەکەم، پێوانەی دیسلێکسیا دەکات لە هەموو ڕەهەندەکانەوە. دووەم، پێوەرێکی دیسلێکسیا بە زمانی کوردی لەسەر بنچینەیەکی زانستی فەراهەم دەکات، ئەمەش هەنگاوێکە بۆ دۆزینەوەی ئاستی دیسلێکسیا لە لای تاکی کورد و بەتایبەتیش قوتابیانی زانکۆ.

ئەمە و سەرەڕای ئەوەی توێژەر بۆ بونیادنانی ئەم پێوەرە خوێندنەوەیەکی وردی کرد بۆ سەرجەم تیۆرەکانی دیسلێکسیا و ئەو دەزگا و ناوەندە ئەکادیمییانەی لەم بوارەدا توێژینەوە ئەنجامدەدەن. لە هەمان کاتدا یەکێک لە مەرجەکانی بونیادنانی پێوەر بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر تیۆرەکان و توێژینەوەکانی پێشوو و پشت پێبەستنیان بۆ بونیادنانی پێوەرێکی زانستی ورد ( Nardi, 2018, p.22; Jenn, 2006, p.32; Burgess, 2001, p.6). بۆ پێوانەکردنی دیسلێکسیا، توێژەر (٨٨) بڕگەی داڕشت دابەشبووبوون بەسەر پێنج بواردا، بواری تێگەیشتن (١٤) بڕگە، بواری خوێندنەوە (٢٦) بڕگە، بواری نووسین (١٩) بڕگە، بواری قسەکردن بە (٩) بڕگە، بواری زانینی (٢٠) بڕگە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١). جیاوازی ژمارەی بڕگەکان بۆ هەر بوارێک دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی لە ئاڵۆزی بوارەکان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، چونکە هەندێک بوار بە بەراورد لەگەڵ بوارەکانی تر لە تیۆرەکاندا زیاتر جەختی لەسەر کراوەتەوە، هەر بۆیە لە کاتی داڕشتنی بڕگەکانی پێوەرە نوێیەکەی دیسلێکسیادا، ڕەچاوی ئەو خاڵە کراوە بەوەی هەموو بوارەکان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە وەک یەک نین و هەندێک بوار بە زەحمەتتر لە بوارەکانی تر پێوانە دەکرێن، بۆیە ئەو بوارە پێویستی بە پرسیاری زیاترە بۆ پێوانەکردن و هەڵسەنگاندنی.

سەبارەت بە بژاردەکانی پێوەرەکە، لە بەرانبەر هەموو پرسیارێک یەک جۆر لە بژاردە بوونی هەیە کە پێکهاتووە لە پێوانەی بژاردەی پێنجی (Five Likert Scale) (هەمیشە، زۆربەی کات، هەندێکجار، بەکەمی و هەرگیز) و لەبەرانبەر هەر بژاردەیەک ژمارەیەک دانراوە (هەمیشە= ٥، زۆربەی کات= ٤، هەندێکجار= ٣، بە کەمی=٢، هەرگیز= ١) ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانین وەڵامی بەشداربووەکان بگۆڕین بۆ ژمارە و بە ئامرازە ئامارییەکان ژمارەکان شیکردنەوەیان بۆ بکرێت.

خشتەی (١) بوارەکانی دیسلێکسیا و ژمارەی بڕگەکان

| ژ | بوارەکان | ژمارەی بڕگەکان |
|---|---|---|
| ١ | بواری تێگەیشتن | ١٤ |
| ٢ | بواری خوێندنەوە | ٢٦ |
| ٣ | بواری نووسین | ١٩ |
| ٤ | بواری قسەکردن | ٩ |
| ٥ | بواری زانینی | ٢٠ |

## ٣.٣ ڕاستگۆیی

بەپێی زانستی پێوانەکردنی دەروونی (psychometrics)، ڕاستگۆیی یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی دروستکردنی پرسیارنامە. شارەزایانی بواری دروستکردنی پرسیارنامە ئاماژە بەوە دەکەن کەوا هیچ پرسیارنامەیەک ناتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت و بەکاربهێنرێت ئەگەر ڕاستگۆیی نەبێت. ڕاستگۆیی بریتیە لەو بنەمایەی کە بەکاردەهێنرێت بۆ زانینی ئەوەی کە ئاخۆ پرسیارنامەکە پێوانەی ئەو دیاردەیە دەکات پێویستە پێوانەی بکات یان پێوانەی ئەو دیاردەیە ناکات و پرسیارنامەکە پەیوەندی بەو

دیاردەوە نییە. هەروەها لە ڕاستگۆییدا جەخت لەسەر مانای بڕگەکانی پرسیارنامەکە و دابەشکردنی بڕگەکانی توێژینەوەکە بەسەر بوارە جیاوازەکاندا دەکرێتەوە. بۆیە بۆ دەستکەوتنی ئەنجامێکی ورد و دروستی زانستی پێویستمان بە دەرهێنانی ڕاستگۆییە بۆ پرسیارنامەی ئەم توێژینەوەیە ( Messick, 1987,p .2; Drost, E. A. (2011, p. .114; Bölenius et al., 2012, p. 2; Whittemore et al., 2011, p.522).

توێژەر بۆ دۆزینەوەی ڕاستگۆیی، جۆرێک لە ڕاستگۆیی بەکارهێناوە پێی دەگوترێت ڕاستگۆیی ڕواڵەتی (Face validity). ئەم جۆرە ڕاستگۆییە بۆ هەڵسەنگاندنی بڕگەکانی پرسیارنامە بە شێوەیەکی ڕواڵەتیانە بەکاردەهێنرێت. ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێمان دەڵێت ئاخۆ بڕگەکانی پرسیارنامەکە وا دەردەکەون پێوانەی بابەتەکە بکەن یاخود نا. لە ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پرسیارنامە لە لایەن شارەزایانەوە لە ڕووی ناوەڕۆکی پرسیارەکان و شێوازی داڕشتنی بڕگەکانەوە هەڵدەسەنگێنرێت. هەروەها لە ڕاستگۆیی ڕواڵەتیدا شارەزایان بڕگە گونجاو و نەگونجاوەکان دیاریدەکەن، ئەگەر هەر بڕگەیەک پێویستی بە دووبارە داڕشتنەوە هەبێت ئاماژەی پێ دەکەن ( Bölenius et al., 2012, p.2; Bolarinwa, 2015, p. 196; Leary, 2004, p.66; Sangoseni, O., Hellman & Hill, 2013, p. 3).

بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر (١٣) سیانزە پسپۆڕی لە بوارەکانی (زمانەوانی، زمانەوانیی دەروونی، سینتاکس، پراگماتیکس، پزیشکیی دەروونی، پزیشکیی زمان و قسەکردن، پزیشکیی مێشک و دەمار، دەروونزانیی کلینیکی، دەروونزانیی پەروەردەیی، دەروونزانیی تێست و پێوانە دەروونییەکان و دەروونزانیی زانینی) دیاری کرد بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو پرسیارنامەیەی کە توێژەر ئامادەی کردبوو. شارەزایان ماوەی (١٥) ڕۆژیان لەبەر دەست بوو بۆ هەڵسەنگاندن و ڕاستاندنی پرسیارنامەکە. بۆ زانینی ناوی شارەزایان و پسپۆڕی و شوێنی کارکردنیان بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢).

بۆ دەرهێنانی ڕێژەی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پرسیارنامەکە، توێژەر دوو یاسای بەکارهێناوە کە پێکهاتوون لە دەرهێنانی ڕێژەی سەدی بۆ هەموو بڕگەکان و هەروەها دەرهێنانی بەهای (Chi-Squared) بۆ دەستنیشانکردنی ئاستی بەڵگەداری ئاماریی هەر بڕگەیەک. بۆ ئەم مەبەستە توێژەر بەهای ( Chi-Squared) دەرچووی بە بەهای ( Chi-Squared) خشتەی بەراورد کرد کە دەکاتە ( ٣.٨٤١). واتە ئەگەر هەر بڕگەیەک بەهای ( Chi-Squared)ەکەی لە ( ٣.٨٤١) کەمتر بوو، ئەوا ئەو بڕگەیە لادەبرێت ( Turner, 2014, p.9.) یاخود بڕگەیەکی تری لە جێگا دادەنرێت کە شارەزایان بە کۆی دەنگ پەسەندیان کردبوو.

لە بواری تێگەیشتندا بڕگەی ژمارە (٨) هەشت لا براوە، لەبەرئەوەی ڕێژەی سەدی و ئاستی گونجاوی بڕگەکە بەپێی هەڵسەنگاندنی (١٣) سیانزە شارەزاکە ئەنجامی بڕگەی ژمارە (٨) هەشت دەکاتە (٥٣.٨٤٪)، لەبەرئەوەی بەهای ($X^2$ =٠.٣٨) و بچووکترە لە بەهای خشتەی (٣.٨٤١)، کەواتە بڕگەی ژمارە (٨) هەشت بەڵگەداری ئاماریی نییە و پێویستە لە لیستی بڕگەکان لابدرێت. لە ئەنجامدا لە کۆی (١٤) چواردە بڕگەی بواری تێگەیشتن (١٣) سیانزە بڕگەیان بەڵگەداری ئامارییان هەبوو، ئەمەش ئەوە دەردەخات دەتوانین تەنها بە (١٣) بڕگە پێوانەی بواری تێگەیشتنی دیسلێکسیا بکەین.

خشتەی (٢)دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بە ڕێژەی سەدی و بەهای ( Chi-Squared) بۆ سەرجەم بڕگەکانی بواری تێگەیشتنی دیسلێکسیا

| ژ | بڕگەکان | ڕێژەی سەدی | Chi Squared $X^2$ | ئاستی گوزارشتی ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | .کاتێک بابەتێکی مام ناوەند دەخوێنمەوە، لە هەموو شتەکان تێناگەم | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٢ | کێشەی تێگەشتنم هەیە لەکاتی گوێگرتن لە بابەتێکی مام ناوەند، لە وانەی مامۆستا، گۆرانی، چیرۆک و نوکتە...هتد. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٣ | .لە پڕکردنەوەی فۆرمدا کێشەی تێگەیشتنم هەیە | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٤ | .بەباشی لە بیرۆکە ئەبستراکتەکان تێناگەم | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٥ | ناتوانم شتەکان شی بکەمەوە و قسە لەسەر بابەتە مام ناوەندەکان بکەم. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٦ | بەجۆرێکی جیاوازتر لە خەڵک لە بابەتە مام ناوەندەکان تێدەگەم. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٧ | بە سەختی دەتوانم بیرۆکەکانم کۆبکەمەوە بۆ دروستکردنی ڕستە. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٨ | لە ئاراستەکاندا کێشەم هەیە، بە ئاسانی ڕاست و چەپم بۆ جیا ناکرێتەوە. | ٥٣.٨٤ ٪ | ٠.٣٨ | بەڵگەدار نییە |
| ٩ | بەبێ بەکارهێنانی پەنجەکان بەسەختی دەتوانم شتەکان بژمێرم. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١٠ | لە تێگەیشتنی ئیدیۆم و وشە و ڕستە فرەواتاکاندا گرفتم هەیە. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١١ | بەسەختی لەو شتانە تێدەگەم کە بۆم دەخوێندرێتەوە. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١٢ | لە کاتی خوێندنەوەدا بە هەڵە لە دەقەکان تێ دەگەم و شیان دەکەمەوە. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١٣ | دەبێت چەند جارێک دێڕێک بخوێنمەوە بۆ ئەوەی لە واتاکەی تێبگەم. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١٤ | زۆربەی کات کێشەی جیاکردنەوە ئاراستەکانت ڕاست و چەپم هەیە. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |

لە بواری خوێندنەوەدا بڕگەی ژمارە (٦) شەش لابراوە، لەبەرئەوەی ڕێژەی سەدی و ئاستی گونجاوی بڕگەکە بەپێی هەڵسەنگاندنی (١٣) سیانزە شارەزاکە دەکاتە (٥٣.٨٤٪)، بەهای ($X^2$ =٠.٣٨) بچووکتربوو لە بە های خشتەیی (٣.٨٤١)، کەواتە بڕگەی ژمارە (٦) بەڵگەداری ئاماری نییە و لە لیستی بڕگەکان لابرا. هەروەها لەبەرئەوەی ئاستی گونجاوی بڕگەکەی ژمارە (٩) بەپێی هەڵسەنگاندنی (١٣) سیانزە شارەزاکە دەکاتە (٦١.٥٪)، و بەهای ($X^2$ = ٠.٦٩) بچووکتر بوو لە بەهای خشتەیی (٣.٨٤١)، کەواتە ئەم بڕگەیەش بەڵگەداری ئاماری نییە و لە لیستی بڕگەکان ڕەشکراوەتەوە. لە ئەنجامدا لە کۆی (٢٦) بیست و شەش بڕگە لە بواری خوێندنەوە (٢٤) بیست و چوار بڕگە بەڵگەداری ئامارییان هەبوو و لە لیستی بڕگەکاندا ماونەتەوە.

خشتەی (٣)دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بە ڕێژەی سەدی و بەهای ( Chi-Squared) بۆ سەرجەم بڕگەکانی بواری خوێندنەوەی دیسلێکسیا

| ژ | بڕگەکان | ڕێژەی سەدی | Chi Squared $X^2$ | ئاستی گوزارشتی ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | لە کاتی خوێندنەوەی بەروار و ساڵدا تووشی هەڵە دەبم. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢ | لە کاتی خوێندنەوەی نووسینێکدا وا هەست دەکەم پیت و وشەکان دەجوڵێن. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٣ | .لە کاتی خوێندنەوەدا ناتوانم ڕیزبەندی پیتی وشەکان لەبەر بکەم | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٤ | لە کاتی خوێندنەوەی ڕستەیەک یان پەرەگرافێکدا وشەکان تێکەڵ دەکەم/پاش و پێش دەکەم/ جێی وشەکان دەگۆڕم. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٥ | لە کاتی خوێندنەوەی ڕستەیەک یان پەرەگرافێکدا پیتەکانم لێ تێکەڵ دەبێت. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٦ | .لەکاتی خوێندنەوەدا ماندوو دەبم | ٥٣.٨٤ ٪ | ٠.٣٨ | بەڵگەدار نییە |
| ٧ | .چێژ لە خوێندنەوە وەرناگرم | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٨ | کاتێکی زیاترم پێویستە لە خەڵکانی تر بۆ خوێندنەوەی لاپەرەیەکی دیاریکراو. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٩ | گرفتم هەیە لە خوێندنەوە بە دەنگی بەرز. | ٦١.٥٪ | ٠.٦٩ | بەڵگەدار نییە |
| ١٠ | لەکاتی خوێندنەوەدا بە ئاسانی پیتە لێکنزیکەکانم بۆ جیاناکرێتەوە وەکو (ب،ن و ت،ي). | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١١ | خۆم بەدوور دەگرم لە خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی ژمارەی لاپەرەیان زۆرە. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١٢ | زۆرکات ناتوانم دەست و خەتی خۆم بە تەواوی بخوێنمەوە. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١٣ | هەوڵ دەدەم خۆم بە دوور بگرم لەو چالاکیانەی کە پێویستیان بە خوێنندەوە هەیە. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١٤ | .لە کاتی خوێندنەوەدا هەندێک پیت نابینم | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١٥ | .هەندێک پیت دەکرتێنم لە کاتی خوێندنەوەدا | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١٦ | لە کاتی خوێندنەوە هەندێک پیت زیاد دەکەم. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١٧ | .لە کاتی خوێندنەوەدا هەندێک پیت دەگۆڕم | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١٨ | وشە داڕێژرا و لێکدراوەکانم بە زەحمەت بۆ دەخوێندرێتەوە. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١٩ | .حەزدەکەم ڕۆژنامەیەک بخوێنمەوە نەک کتێبێک | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٢٠ | بەزەحمەت دەتوانم ئەو ووشانە بخوێنمەوە کە پێشتر ئاشنایان نەبووم. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٢١ | هەندێک وشە زۆر بەباشی دەزانم بەڵام لەکاتی خوێندنەوەیاندا تووشی کێشە دەبم. | ٩٢.٣٪ | ٩.٣ | بەڵگەدارە |
| ٢٢ | هەندێک وشەی گران بە نزیکەیی دەخوێنمەوە. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٢٣ | لە کاتی خوێندنەوەدا زۆر دەوەستم. | ٨٤.٦١ ٪ | ٦.٢٣ | بەڵگەدارە |
| ٢٤ | لەکاتی خوێنندنەوەدا بە دەنگی بەرز هەڵەی زۆر دەکەم. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٢٥ | .لە کاتی خوێندنەوە دا دێرەکان دەپەڕێنم | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٢٦ | .بە زەحەمەت دەتوانم وشە درێژەکان بخوێنمەوە | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |

له بواری نووسیندا بڕگەی ژمارە (١٢) دوانزە لابراوە، لەبەرئەوەی ڕێژەی سەدی ئاستی گونجاوی بڕگەکە بەپێی هەڵسەنگاندنی (١٣) سیانزە شارەزاکە دەکاتە (٦١.٥٪)، و بەهای ($X^2$ = ٠،٦٩) بچووکتربوو لە بە های خشتەیی (٣.٨٤١)، کەواتە بڕگەی ژمارە (١٢) بەڵگەداری ئاماری نییە و ڕەشکراوەتەوە لە لیستی بڕگەکان. هەروەها لەبەرئەوەی ئاستی گونجاوی بڕگەی ژمارە (١٣) بەپێی هەڵسەنگاندنی (١٣) سیانزە شارەزاکە دەکاتە (٥٣.٨٤٪)، و بەهای ($X^2$ = ٠.٣٨) بچووکتر بوو لە بەهای خشتەیی (٣.٨٤١)، کەواتە ئەم بڕگەیەش بەڵگەداری ئاماری نییە لە لیستی بڕگەکان ڕەشکراوەتەوە. لە ئەنجامدا لە کۆی (١٩) نۆزدە بڕگە (١٧) حەڤدە بڕگە ماونەتەوە بۆ پێوانەکردنی بواری نووسینی دیسلێکسیا.

خشتەی (٤)دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بە ڕێژەی سەدی و بەهای ( Chi- Squared) بۆ سەرجەم بڕگەکانی بواری نووسین

| ژ | بڕگەکان | ڕێژەی سەدی | Chi Squared $X^2$ | ئاستی گوزارشتی ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | .دووچاری تێکەڵکردنی پیتەکان دەبم لە کاتی نووسینی وشەیەکدا | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٢ | .هەندێکجار ناتوانم وشەیەک بە تەواوی بنووسم | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٣ | .هەڵەی ڕێنووسیم زۆرە | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٤ | دەست و خەتم بەگشتی تێکەڵ پێکەڵ و ناڕێکە. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٥ | لەکاتی وانە و سیمنیارەکاندا کە دەمەوێت کۆمێنت بنووسم، تووشت گرفت دەبم و سەرم لێ دەشێوێت. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٦ | .ناتوانم وەکو هاوڕێکانم بە تەواوی و بەخێرایی بنووسمەوە | ٨٤.٦١ | ٦.٢٣ | بەڵگەدارە |
| ٧ | .ئارەزووی نووسین ناکەم هەر بۆیەش کەم دەنووسم | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٨ | بە زەحمەت خەڵکانی تر دەست و خەتی منیان پێ دەخوێندرێتەوە. | ٨٤.٦١ | ٦.٢٣ | بەڵگەدارە |
| ٩ | لەکاتی نووسیندا هەندێک پیتی لێکنزیکی (ت و ي، ب و ن) لەبری یەکتر دەنووسم. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١٠ | ناتوانم ئەوە شتانە بنووسمەوە کە مامۆستا لەسەر تەختە نووسیویەتی. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١١ | لە کاتی نووسیندا دەبێت دووبارە و بگرە زیاتریش بەسەر نووسینەکانمدا بچمەوە. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٢ | زۆر بە هێواشی دەنووسم بۆیە پێویستم بە کاتی زۆرە بۆ نووسین. | ٦١.٥٪ | ٠.٦٩ | بەڵگەدار نییە |
| ١٣ | .ئەو ڕستانەی دەیان نووسم سادە و ساکارن | ٥٣.٨٤ ٪ | ٠.٣٨ | بەڵگەدار نییە |
| ١٤ | لە ڕێنووسی وشە داڕێژراو و لێکدراوەکاندا هەڵە دەکەم. | ٨٤.٦١ ٪ | ٦.٢٣ | بەڵگەدارە |
| ١٥ | هەندێک وشە هەیە زۆر بە باشی دەزانم، بەڵام لە کاتی نووسینیاندا هەڵەی ڕێنووسی دەکەم. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١٦ | کێشەی ڕێکخستنی نووسینەکانم هەیە. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١٧ | لەکاتی نووسیندا لە خەت دەردەچم. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١٨ | هەندێک پیت زیاد دەکەم لە کاتی نووسین. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١٩ | هەندێک پیت دەکرتێنم لە کاتی نووسین. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |

لە بواری قسەکردندا بڕگەی ژمارە (٤) چوار لادەبەین، لەبەرئەوەی ڕێژەی سەدی و ئاستی گونجاوی بڕگەکە بەپێی هەڵسەنگاندنی (١٣) سیانزە شارەزاکە دەکاتە (٥٣.٨٤٪)، هەروەها لەبەرئەوەی بەهای ($X^2$ = ٠.٣٨) کە ئەم بەهایەش بچووکترە لە بەهای خشتەی (٣.٨٤١)، کەواتە بڕگەی ژمارە چوار بەڵگەداری ئاماریی نییە و پێویستە بڕگەکە لاببرێت. لە ئەنجامدا لە کۆی (٩) نۆ بڕگەی بواری تێگەیشتن (٨) هەشت بڕگەمان بۆ ماونەتەوە بۆ پێوانەکردنی بواری  تێگەیشتنی دیسلێکسیا.

خشتەی (٥)دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بە ڕێژەی سەدی و بەهای ( Chi-Squared) بۆ سەرجەم بڕگەکانی بواری قسەکردن

| ژ | بڕگەکان | ڕێژەی سەدی | Chi Squared $X^2$ | ئاستی گوزارشتی ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هەندێکجار خەڵک نازانن چی دەڵێم. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٢ | بە زەحمەت دەتوانم قسەکانم کورت بکەمەوە. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٣ | گرفتم بۆ دروست دەبێت کاتێک کە دەمەوێت بابەتێک بە درێژی باس بکەم، لەوانە چیرۆکێک یان ڕوداوێک. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٤ | کاتێک دەمەوێت باسی بابەتێک بکەم، بەسەختی دەتوانم بیرۆکەکانم ڕێکبخەم. | ٥٣.٨٤ ٪ | ٠.٣٨ | بەڵگەدار نییە |
| ٥ | لە کاتی قسەکردندا هەموو دەنگەکانم بە ئاسانی بۆ دەرنابرێت. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٦ | هەست دەکەم ئەو ڕستانەی دەریان دەبڕم شێواون و ڕێک و پێک نین. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٧ | بەلامەوە گرانە چەند بیرۆکەیەک بەیەکەوە ببەستمەوە و قسەی لەسەر بکەم. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٨ | ناتوانم لەناو خەڵک بە بەردەوامی و تەواوی قسە بکەم | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٩ | لە کاتی گۆکردنی پیتی وشەکاندا پیتەکانم لێ تێکەڵ دەبێت و کەم و زیادیان دەکەم. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |

لە کۆتاییدا، لە بواری زانینیدا هیچ بڕگەیەک لەلایەن (١٣) سیانزە شارەزاکەوە لانەدراوە و سەرجەم بڕگەکان وەکو خۆیان ماونەتەوە.

خشتەی (٦)دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بە ڕێژەی سەدی و بەهای (Chi-Square) بۆ سەرجەم بڕگەکانی بواری زانینی

| ژ | بڕگەکان | ڕێژەی سەدی | Chi Squared $X^2$ | ئاستی گوزارشتی ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هەرچەندە چاوم کێشەی نییە، بەڵام ناتوانم وشەکان بە تەواوی ببینم | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٢ | هەرچەندە کێشەی گوێم نییە، بەڵام وشەکان وەکو خۆیان نابیستم. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٣ | بەزەحمەت دەتوانم بۆچوونەکانم لەسەر کاغەز ڕێکبخەم. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٤ | کێشەم هەیە لە دۆزینەوەی ئەو ووشانەی لەکاتی نووسیندا پێویستم پێیانە. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٥ | لەکاتی گەڕان بە دوای زانیاریەک لە ناو نووسیندا بۆم نادۆزرێتەوە. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٦ | لەکاتی خوێندنەوەی ڕستەکاندا بە تایبەت ڕستە درێژەکان، سەرەتای ڕستەکەم لە بیر دەچێتەوە. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٧ | کاتێک دەمەوێت پرسیارێک بکەم کە دارشتنەکەی دوور و درێژە، سەرەتای پرسیارەکەم لەبیر دەچێتەوە. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٨ | ناتوانم لە کاتی پێویست ناوی شتەکان و کەسەکانم بیر بکەوێتەوە. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٩ | وا هەست دەکەم توانای دەربڕینم لە نووسین، باشترە. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١٠ | دەتوانم وەڵامی پرسیارەکان بە گوتن بدەمەوە، بەڵام توانای وەڵامدانەوەی هەمان پرسیارم بە نووسین نییە. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١١ | ناتوانم ئەو شتانەم بیر بێتەوە کە خوێندومەتەوە. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١٢ | گرفتم هەیە لە لەبەرکردن و بە بیرهاتنەوەی زانیارییەکاندا. | ٨٤.٦١٪ | ٦.٢٣ | بەڵگەدارە |
| ١٣ | ئەوشتانەی ئێستا دەیخوێنمەوە و گوێم لێ دەبێت لە بیرم دەچێتەوە. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١٤ | .لە کاتی خوێندنەوەدا لە بیرم دەچێتەوە کە چی دەکەم | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١٥ | .لە یەک کاتدا تەنها دەتوانم لەسەر یەک شت تەرکیز بکەم | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٦ | .ناتوانم وشەکان بە تەواوی لەبەر بکەم | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١٧ | زۆربەی کات سەرم لێ دەشێوێت لە ناسینەوەی هەندێک وشە لەوانە (ژێر/ژیر، ساڵ/شاڵ، زەنگ/ژەنگ....هتد. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١٨ | .کێشەم لە ناسینەوەی شێوە ئەندازەییەکاندا هەیە | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١٩ | کاتێک وشەیەکی دوور و درێژ دەبیستم، ناتوانم بە شێوازێکی تەواو وشەکە دووبارەی بکەمەوە. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٢٠ | کاتێک وشەیەکی دوور و درێژ دەبینم، ناتوانم بە شێوازێکی تەواو وشەکە بنووسمەوە. | ١٠٠٪ | ١٣ | بەڵگەدارە |

لەدوای جێبەجێکردنی یاسای ($X^2$) بۆ هەموو بڕگەکان، هەندێک بڕگە لادراون، هەروەها هەندێک بڕگە دووبارە داڕێژراونەتەوە و زۆربەی بڕگەکانیش وەک خۆیان ماونەتەوە، لە کۆتاییدا ژمارەی بڕگەکان لە خشتەی ژمارە (٧) خراونەتەڕوو.

خشتەی (٧) بوار و ژماری بڕگەکانی پێوەرەکە لە دوای بەکارهێنانی یاسای ($X^2$)

| ژ | بوارەکان | ژمارەی بڕگەکان |
|---|---|---|
| ١ | بواری تێگەیشتن | ١٣ |
| ٢ | بواری خوێندنەوە | ٢٤ |
| ٣ | بواری نووسین | ١٧ |
| ٤ | بواری قسەکردن | ٨ |
| ٥ | بواری زانینی | ٢٠ |

## ٤.٣ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە قوتابیانی زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان کە خوێندنیان بە شێوەزاری سۆرانییە و گومان هەیە دیسلێکسبن، بەڵام لەبەرئەوەی هەتا ئێستا هیچ داتایەک لەلایەن زانکۆکانی هەرێمی کوردستانەوە سەبارەت بە دیسلێکسەکان بەردەست نییە، بۆیە توێژەر ناتوانێت کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دیاریبکات. هەر بۆیەش بۆ هەڵبژاردنی نموونەکە توێژەر ئەو ڕێگایانەی گرتەبەر کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێکراوە.

## ٥.٣ نموونەی توێژینەوە

نموونەی ئەم توێژینەوە پێکهاتووە لە سێ جۆر بەشداربوو. نموونەی یەکەم، بریتی بوون لەو بەشداربووانەی کەوا بەشدارییان کرد بە مەبەستی دروستکردنی پێوەری دیسلێکسیا. نموونەی دووەم، بریتی بوو لەو کەسانەی کەوا بەشدارییان کردبوو بۆ دەرهێنانی ڕێژەی جێگیری بە ڕێگای پێوانەکردنەوە و نموونەی سێیەم بریتیبوون لەو بەشداربووانەی کە بۆ زانینی ئامانجەکانی توێژینەوەی دیسلێکسیا هەڵبژێردرابوون.

١ - بۆ دروستکردنی پێوەری دیسلێکسیا پێویستمان بە نموونەی توێژینەوە هەبوو. بۆ دەرهێنانی گەڕانی شیکاری هۆکارەکان (Exploratory Factor analysis) جێگیری یەکگرتوویی ناوەکی (Internal Consistency Reliability) یاسای شیکاری هۆکارەکان و ئەلفا کرۆنباخ بەکارهێنراوە، بۆ ئەم مەبەستە لە نێوان بەرواری (٢٠١٩/١٢/٩ بۆ ٢٠١٩/١٢/١٤) داتا لە ڕێگای فۆڕمی ئۆنلاینەوە کۆکرایەوە، بۆ ئەم مەبەستەش بۆ بڵاوکردنەوەی پرسیارنامەکە میتۆدی نموونەی تۆپەڵە بەفر (Snowball Sampling) بەکارهێنراوە، لەبەرئەوەی ئەم میتۆدە دەرفەت بۆ هەموو کەس دەڕەخسێت بۆ ئەوەی بەشداری بکات لە توێژینەوەکەدا و بەشداربووان دەتوانن خۆیان پرسیارنامەکە بۆ کەسانی تر بنێرن کە هەست دەکەن ئەو گرفتەیان هەیە، هەروەها تاک ئازادە لەوەی بەشداری لە توێژینەوەکە دەکات یاخود نا (Goodman, 1961, p.148; Biernacki & Waldorf, 1981, p142).

بۆ هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکە ڕێگای نموونەی ناهەڕەمەکی مەبەستدار (Non Random Purposive Sampling) بەکارهێندراوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بەشداربووانی توێژینەوەکە دەبێت هەندێک تایبەتمەندییان تێدا بێت توێژەر هەندێکجار بەکاریدەهێنێت لە بەربوونی چەند بارودۆخێکی تایبەت (Tongco, 2007,p. 147; Topp et al., 2004, p. 33). بەم پێیەش نموونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە

(٤٥٤) قوتابی. گرنگترین تایبەتمەندییەکانی نموونەی توێژینەوەکە بریتبوو لەوەی دەبێت بەشداربوو پرسیارنامەی کۆمەڵەی دیسلێکسیای نێودەوڵەتی پڕبکاتەوە بەو مەرجانەی لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە، هەروەها دەبوو بەشداربوو قوتابیی زانکۆ بێت لە یەکێک لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان کە خوێندن تیایاندا بە شێوەزاری سۆرانییە.

بەشدابووەکان وەڵامی دوو جۆر لە پرسیارنامەیان داوەتەوە، پرسیارنامەیەک بۆ ناسینەوەی ئاستی دیسلێکسیا، ئەم پرسیارنامەیە لەلایەن کۆمەڵەی دیسلێکسیای نێودەوڵەتییەوە دروستکراوە و لە (١٠) بڕگە پێکهاتووە، و لە بەرانبەر هەر بڕگەیەک دوو بژاردەی هەیە (بەڵێ = ١) و (نەخێر = ٠)، ئەم پرسیارنامە لە پاشکۆی ژمارە (٣) خراوەتەڕوو. بەپێی نمرە دانان و شیکردنەوەی ئەو پرسیارنامەیە، دەبوو بەشداربووەکان لە کۆی (١٠) بڕگە (٧) بڕگە بە بەڵێ وەڵام بدەنەوە، ئەو کاتە بەشداربووەکە دەبوو بە نموونەی ئەم توێژینەوەیە، بە پێچەوانەوە بەشداربوو بە نموونەی توێژینەوەکە هەژمار نەدەکرا، چونکە بەپێی فۆڕمی هەڵسەنگاندنی کۆمەڵەکە لە کاتێکدا بەشداربوویەک بە نموونەی توێژینەوەکە هەژمار دەکرێت کە پێ دەچێت دیسلێکس بێت کە بەلای کەمەوە لەو (١٠) نمرەیە (٧)نمرە بەدەستبهێنێت (Bowman & Culotta, 2010). هۆکاری دانانی ئەم (١٠) پرسیارە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بۆ دروستکردنی پێوەری دیسلێکسیا دەبوو بەشداربووەکان ئەو کەسانە بن کە دسلێکسیایان هەیە. لەبەرئەوەی لە هەرێمی کوردستان کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە دیار نییە و دیسلێکسەکان دیاری نەکراون و تەنانەت خودی دیسلێکسەکانیش زۆر جار خۆشیان نازانن کە دیسلێکسیایان هەیە.

٢- هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکە بۆ دەرهێنانی ڕێژەی جێگیری بە ڕێگای پێوانەکردنەوە، ئەمجارەیان نموونەی توێژینەوەکە بریتیبوو لە (٨٩) کەس. نموونەکە بە هەمان ئەو ڕێگایەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد هەڵبژێردرا، بەڵام ئەمجارەیان بە شێوازی ئۆنلاین نەبوو بەڵکو بە شێوازی پرسیارنامەی کۆپیکراو بوو کە هەر

بەشداربوویەک کۆدێکی بۆ دانرا، مەبەست لە دانانی ئەم کۆدانە بۆ ئەوەبوو بەراوردی وەڵامدانەوەی هەمان بەشداربوو بکرێت لە دوو کاتی جیاواز و لەژێر هەمان باردودۆخدا.

٣- هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکە بۆ زانینی ئامانجەکانی توێژینەوەکە بە هەمان ڕێگای دووەم بوو، بەشداربووان بریتیبوون لە (٤١٤) بەشداربوو. هۆکاری هەڵبژاردنی قەبارەی ئەم نموونەیە لە جێبەجێکردنی کۆتایی توێژینەوەکە ڕوونکراوەتەوە.

### ٦.٣ گەڕانی شیکاریی هۆکارەکان

شیکاری هۆکارەکان بریتییە لە بەدیارخستنی بونیادی هۆکاری سەرجەم بڕگەکان. ئەویش بە پشتبەستن بە هەڵبژاردنی (٤٥٤) نموونەی بەشداربوو بە ڕێگای ناهەڕەمەکی مەبەستدار. هەروەها ژمارەی بڕگەکان بریتیبوو لە (٨٢) بڕگە، بۆیە بەپێی (Gorsuch 2015 ,) بۆ ئەنجامدانی شیکاریی هۆکارەکان دەبێت بەلای کەمەوە بۆ هەر بڕگەیە (٥) بەشداربوو وەربگیرێت و نابێت نموونەی توێژینەوە لە (١٥٠) بەشداربوو کەمتربێت. پاشان هەموو بڕگەکان خرانە ژێر تاقیکردنەوەی شیکاری هۆکارەکان. لە ئەنجامی توێژینەوەکە ئەو پێنج بوارەی دیاری کرابوون باریان کەوتە سەر هەروەکو لە خشتەی (٨) دەردەکەوێت. هەروەها بۆ دڵنیابوون لە گونجاوی نموونەی داتاکە بۆ شیکردنەوەی هۆکارەکان، توێژەر (Kaiser Meyer Olkin measure of sampling adequacy) بەکارهێنا. بەپێی (Kaiser,1974, p. 35) ئەگەر ئەنجامی (KMO) زیاتر بوو لە (٠.٩٠) ئەوا ئەوە دەردەکەوێت نموونەی هەڵبژێردراو بۆ شیکاری هۆکارەکان نایابە. ئەنجامی (KMO) ئەم توێژینەوەیە یەکسان بوو بە (٠.٩٨٨) بە ($X^2$ =٤٣٢٦٨.١٧٤) بە نمرەی ئازادی (٣٣٢١) بە (sig = ٠.٠٠٠)، ئەم ئەنجامە بچووکترە لە (٠.٠٥)، کەواتە نموونەی توێژینەوەکە بۆ شیکاریی هۆکارەکان لە ئاستێکی نایابدایە، بڕوانە خشتەی (٨).

خشتەی (٨) گونجاوی نموونەکە بۆ شیکاری هۆکارەکان

| **KMO and Bartlett's Test** | | |
|---|---|---|
| Kaiser-Meyer-Olkin Measure of Sampling Adequacy. | | ٠.٩٨٨ |
| Bartlett's Test of Sphericity | Approx. Chi-Square | ٤٣٢٦٨.١٧٤ |
| | Df | ٣٣٢١ |
| | Sig. | ٠.٠٠٠ |

لەم توێژینەوەیەدا بۆ ئەوەی بڕگەکان پەیوەندییان بە هۆکارەکانەوە هەبێت، بنەمایەک بەکارهات بریتیبوو لە هەڵسەنگاندنی هۆکارەکان بە ڕێگای بەکارهێنانی ئەم پۆلێنە، (٠.٣٢)(لاواز)، ٠.٤٥ (پەسەند)، ٠.٥٥ (باش)، ٠.٦٣ ( زۆرباشە)، ٠.٧١ (باڵا یاخود نایاب) (Tabachnick & Fidell, 2007, p.649). بەپێی بەکارهێنانی ئەم پێوانەیە لە کۆی (٨٢) بڕگەکە (٨٠) بڕگە بارەکەیان لە (٠.٥٥) زیاتر بوو، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بە شێوازێکی گشتی سەرجەم بڕگەکان بێجگە لە دوو بڕگە بارەکەیان لە نێوان باشە بۆ نایابە. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا تەنیا ئەو بڕگانە وەردەگرین کە بارەکەیان لە نێوان باشە بۆ نایابدایە. کەواتە ئەو دوو بڕگەیەی بارەکانیان پەسەندن و بەهاکانیان لە خوار باشەوەن لە لیستی پرسیارنامەکە لابردرا، لە خشتەی (٩) بە کاڵی ئاماژە بۆ ئەو بڕگانە دەکرێت کە لابردراون بریتین لە بڕگەکانی ژمارە (٦) و ژمارە (٧١). بۆ بینی پرسیارنامەکە لە دوای شیکاریی هۆکارەکان، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٤)

خشتەی (٩) گەڕانی شیکاریی هۆکارەکان

| بڕگەکان | تێگەیشتن | خوێندنەوە | نووسین | قسەکردن | زانینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١- کاتێک بابەتێکی ئاسایی دەخوێنمەوە، لە هەموو بابەتەکە تێناگەم. | ٠.٨٠٧ | -٠.٠٥١ | -٠.٠٢٧ | -٠.٠٧ | ٠.٠٦ |
| ٢-کێشەی تێگەیشتنم هەیە لەکاتی گوێگرتن لە بابەتێکی ئاسایی، لە (وانەی مامۆستا، گۆرانی، چیرۆک و نوکتە). | ٠.٨٣٣ | ٠.٠٠٨ | -٠.٠٨٢ | -٠.٠٧ | ٠.١٠٣ |
| ٣-لە پڕکردنەوەی فۆرمدا کێشەی تێگەیشتنم هەیە لە پرسیارەکان. | ٠.٨١٨ | -٠.٠٧٤ | -٠.١٥٥ | -٠.٠٨٧ | ٠.٠٣٨ |
| ٤-بەباشی لە بیرۆکە ئەبستراکتەکان ( مجەرەدەکان) ە-تێناگەم. | ٠.٧٧٩ | ٠.٠٠١ | -٠.١٢٩ | -٠.٠٨٧ | ٠.٠٣١ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٥-ناتوانم بابەتە ئاساییەکان شی بکەمەوە و قسەیان لەسەر بکەم. | ٠.٨٢ | -٠.٠٠٧ | ٠.٠٢٢ | -٠.١٠٥ | ٠.١٣٣ |
| ٦-تێگەیشتنم لە بابەتە ئاساییەکان جیاوازە لە خەڵکی تر. | ٠.٥٤٣ | -٠.١٦٣ | -٠.١٠٥ | ٠.٠٣٥ | ٠.٢١١ |
| ٧-بە ئاسانی ناتوانم بیرۆکەکانم کۆبکەمەوە بۆ ٨-دروستکردنی ڕستە. | ٠.٧٧١ | ٠.١٥١ | ٠.٠٠٦ | -٠.١٧٦ | ٠.١٥٤ |
| ٨-لە ئاراستەکاندا کێشەم هەیە، بە ئاسانی ڕاست و چەپم بۆ جیا ناکرێتەوە. | ٠.٨١٩ | -٠.١٦٧ | ٠ | -٠.٠٧ | ٠.٠٨٢ |
| ٩-بەبێ بەکارهێنانی پەنجەکان بەسەختی دەتوانم شتەکان بژمێرم. | ٠.٧٥٢ | -٠.٠٧٣ | ٠.٠٦ | -٠.٠١٣ | ٠.٠٥٩ |
| ١٠-لە تێگەیشتنی ئیدیۆم و وشە و ڕستە فرەواتاکاندا گرفتم هەیە. | ٠.٧٩ | -٠.٠٥١ | -٠.٠٩٤ | -٠.٠١٦ | ٠.٠٨٨ |
| ١١-بەسەختی لەو شتانە تێدەگەم کە بۆم دەخوێندرێنەوە. | ٠.٨١٧ | -٠.٠٥٣ | -٠.٠٢١ | -٠.٠٧٢ | ٠.٠٥٩ |
| ١٢-لە کاتی خوێندنەوەدا بە هەڵە لە دەقەکان تێ دەگەم و شیان دەکەمەوە. | ٠.٨٦٥ | -٠.٠٣٨ | -٠.٠٤٣ | -٠.٠٦١ | ٠.٠٨٩ |
| ١٣-دەبێت چەند جارێک دێرێک بخوێنمەوە بۆ ئەوەی لە واتاکەی تێبگەم. | ٠.٦٩٦ | ٠.٠٩٣ | -٠.١٢٧ | -٠.١٦٤ | ٠.٠٨٣ |
| ١٤-لە کاتی خوێندنەوەی بەروار وساڵدا تووشی هەڵە دەبم. | -٠.١٧٣ | ٠.٨٧١ | -٠.٠٢٩ | -٠.٠٣٢ | -٠.٠٣٩ |
| ١٥-لە کاتی خوێندنەوەی نووسینێکدا وا هەست دەکەم پیت و وشەکان دەجوڵێن. | -٠.١٦٧ | ٠.٨٦٩ | -٠.٠٧٢ | -٠.٠٦٣ | -٠.٠٢١ |
| ١٦-لە کاتی خوێندنەوەدا ناتوانم ( بەدوایەکدا هاتنی) پیتی وشەکان لەبەر بکەم. | -٠.٠٤٧ | ٠.٧٧٣ | -٠.٠٤٥ | -٠.٠٣٨ | ٠.١٠٦ |
| ١٧-لە کاتی خوێندنەوەی ڕستەیەک یان پەرەگرافێکدا وشەکان تێکەڵ دەکەم/پاش و پێش دەکەم/ جێی وشەکان دەگۆڕم. | -٠.٠٧١ | ٠.٨٤٩ | -٠.١٠٥ | -٠.١١٢ | ٠.٠١ |
| ١٨-لە کاتی خوێندنەوەی ڕستەیەک یان پەرەگرافێکدا پیتەکانم لێ تێکەڵ دەبن. | -٠.١٦٤ | ٠.٨٦٦ | -٠.١١٦ | -٠.٠٩١ | -٠.٠١٥ |
| ١٩- چێژ لە خوێندنەوە وەرناگرم. | -٠.١٠٣ | ٠.٧٥١ | ٠.٠٨٩ | ٠.٠٥ | ٠.٣١٨ |
| ٢٠-کاتێکی زیاترم پێویستە لە خەڵکانی تر بۆ خوێندنەوەی لاپەرەیەکی دیاریکراو. | ٠.١٣٥ | ٠.٧٥٤ | -٠.٠٦١ | -٠.٠٨ | ٠.٢١ |
| ٢١-لەکاتی خوێندنەوەدا بە ئاسانی پیتە لێکنزیکەکانم بۆ جیاناکرێتەوە وەکو (ب،پ،ت،ن)، (ج،چ،ح،خ). | -٠.٢ | ٠.٨٠١ | ٠.٠٢٧ | -٠.٠٨ | -٠.٠٣٧ |
| ٢٢-خۆم بەدوور دەگرم لە خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی ژمارەی لاپەرەیان زۆرە. | -٠.٠٠٧ | ٠.٦٢٥ | ٠.٠٥٥ | ٠.٠٩١ | ٠.٥٥٥ |
| ٢٣-زۆرکات ناتوانم دەست و خەتی خۆم بە تەواوی بخوێنمەوە. | -٠.٠٩٥ | ٠.٨٣٥ | ٠.١٩١ | ٠.١٣٣ | -٠.٠٢ |
| ٢٤-هەوڵ دەدەم خۆم بە دوور بگرم لەو چالاکیانەی کە پێویستیان بە خوێنندەوە هەیە. | ٠.٠٠٥ | ٠.٧٩٦ | ٠.١٣٤ | ٠.٠٦٩ | ٠.٢٩٥ |
| ٢٥-لە کاتی خوێندنەوەدا هەندێک پیت نابینم. | -٠.١٥٨ | ٠.٨٤٩ | -٠.١٠٦ | -٠.٠٤ | -٠.٠٥٥ |
| ٢٦-هەندێک پیت دەکرتێنم لە کاتی خوێندنەوەدا. | -٠.١٩٦ | ٠.٨٤١ | -٠.١٣٢ | -٠.٠٦٦ | -٠.٠٥٦ |
| ٢٧-لە کاتی خوێندنەوە هەندێک پیت زیاد دەکەم. | -٠.٢٢١ | ٠.٨٦٤ | -٠.٠٩٧ | -٠.٠٥٧ | -٠.٠٩٩ |
| ٢٨-لە کاتی خوێندنەوەدا هەندێک پیت دەگۆڕم. | -٠.٢١٣ | ٠.٨٥٥ | -٠.١٣٢ | -٠.٠٢٩ | -٠.٠٥٧ |
| ٢٩-وشە داڕێژرا و لێکدراوەکانم بە زەحمەت بۆ دەخوێندرێتەوە. | -٠.١٦٩ | ٠.٩٠٥ | -٠.٠٤٨ | -٠.٠١٨ | -٠.٠١٣ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣٠-حەزدەکەم ڕۆژنامەیەک بخوێنمەوە نەک کتێبێک. | -٠.١٩ | ٠.٧٣٩ | ٠.٠٧١ | ٠.٠٥٥ | ٠.٣٠١ |
| ٣١-بەزەحمەت دەتوانم ئەو ووشانە بخوێنمەوە کە پێشتر ئاشنایان نەبووم. | -٠.٠٤٨ | ٠.٨٤٤ | ٠.٠٥٤ | ٠.٠٥١ | ٠.٠٢٩ |
| ٣٢-ئاشنای هەندێک وشەم، بەڵام لە کاتی خوێندنەوەیاندا تووشی کێشە دەبم | -٠.٠٧٦ | ٠.٨٨١ | -٠.٠٢٨ | -٠.٠٤٨ | ٠.٠٢٥ |
| ٣٣-هەندێک وشەی گران بە نزیکەیی دەخوێنمەوە. | -٠.١٣٥ | ٠.٨٢٤ | -٠.٠٦٢ | -٠.٠٦ | ٠.٠٢٣ |
| ٣٤-لە خوێندنەوەی دوا بە دوای یەکی دەقێکدا، شوێنی وەستانەکان نادۆزمەوە | -٠.١٠٥ | ٠.٨٦ | -٠.٠٣ | -٠.٠٣٢ | -٠.٠٣٥ |
| ٣٥-لەکاتی خوێندنەوەدا بە دەنگی بەرز هەڵەی زۆر دەکەم. | -٠.١٠١ | ٠.٨١١ | -٠.٠٤٧ | -٠.٠٥٢ | ٠.٠٠٢ |
| ٣٦-لە کاتی خوێندنەوەدا ناتوانم پابەندی ڕیزبەندی دێڕەکان بم. | -٠.١٧٩ | ٠.٨٦٨ | ٠.٠٠٧ | -٠.٠١٦ | ٠.٠٣٤ |
| ٣٧-بە گران دەتوانم وشە درێژەکان بخوێنمەوە. | -٠.٠٥١ | ٠.٨٦٨ | ٠.٠٥١ | -٠.٠١٦ | -٠.٠٥٥ |
| ٣٨-دووچاری تێکەڵکردنی پیتەکان دەبم لە کاتی نووسینی وشەیەکدا. | -٠.٠١٩ | -٠.١٢٣ | ٠.٨٨٨ | ٠.٠٠٨ | -٠.٠٥١ |
| ٣٩-هەندێکجار ناتوانم وشەیەک بە دروستی بنووسم. | -٠.٠١٧ | -٠.١١٥ | ٠.٨٨٧ | ٠.٠٦ | -٠.٠٧ |
| ٤٠-هەڵەی ڕێنووسیم زۆرە. | ٠.٠٩ | -٠.١٦٢ | ٠.٨٥٥ | ٠.١١٤ | -٠.١٢٤ |
| ٤١-دەست و خەتم بەگشتی تێکەڵ پێکەڵ و ناڕێکە. | ٠.٤٢٣ | ٠ | ٠.٧ | ٠.٣٦٥ | -٠.٠٢٣ |
| ٤٢-لەکاتی وانە و سیمینارەکاندا کە دەمەوێت کۆمێنت بنووسم، تووشی گرفت دەبم و سەرم لێ دەشێوێت و ناتوانم ڕستەکان بە تەواوی دابڕێژم. | ٠.٢٠٨ | ٠.٢٣٩ | ٠.٨ | -٠.٠٣١ | ٠.١١٦ |
| ٤٣-ناتوانم وەکو هاوڕێکانم بە خێرایی بنووسم. | ٠.١٨٤ | -٠.٠٤٢ | ٠.٧٩٢ | ٠.٠٨٣ | ٠.٠٠٩ |
| ٤٤-ئارەزووی نووسین ناکەم هەر بۆیەش کەم دەنووسم. | ٠.٣١ | -٠.٠٥٢ | ٠.٧١٣ | ٠.٢١ | ٠.١٧٥ |
| ٤٥-بە زەحمەت خەڵکانی تر دەست و خەتی منیان پێ دەخوێندرێتەوە. | ٠.٣١١ | -٠.٠١٧ | ٠.٧٥ | ٠.٢٩٧ | -٠.١٠٩ |
| ٤٦-لەکاتی نووسیندا هەندێک پیتی لێکنزیکی وەکو (ب،پ،ت،ن)، (ج،چ،ح،خ) (ر،ڕ)، (ل،ڵ) لەبری یەکتر دەنووسم. | ٠.٠٥٥ | -٠.١٥٢ | ٠.٨٢٤ | ٠.٠٠٧ | -٠.١٢١ |
| ٤٧-ناتوانم ئەوە شتانە بنووسمەوە کە مامۆستا لەسەر تەختە نووسیویەتی. | ٠.٠٧٦ | -٠.٠٥١ | ٠.٨٥٧ | ٠.٠١٣ | -٠.٠٧٥ |
| ٤٨-لە کاتی نووسیندا دەبێت دووبارە و بگرە زیاتریش بەسەر نووسینەکانمدا بچمەوە. | ٠.٠٢ | -٠.١٢٩ | ٠.٨٤٣ | -٠.٠٢٢ | -٠.٠٣٢ |
| ٤٩-لە ڕێنووسی وشە داڕێژراو و لێکدراوەکاندا هەڵە دەکەم. | -٠.٠٢٤ | -٠.١٢١ | ٠.٨٨٦ | ٠.٠٣٤ | -٠.٠٨٥ |
| ٥٠-هەندێک وشە هەیە زۆر بە باشی دەزانم، بەڵام لە کاتی نووسینیاندا هەڵەی ڕێنووسی دەکەم. | ٠.٠٦٣ | -٠.١٥٧ | ٠.٨٦٧ | ٠.٠٤٧ | -٠.١١٩ |
| ٥١-کێشەی ڕێکخستنی پلانی نووسینەکانم هەیە. | ٠.٠٦٥ | ٠.٠٧٢ | ٠.٧٩٧ | ٠.٠٣ | -٠.١٣ |
| ٥٢-لەکاتی نووسیندا لە خەت دەردەچم و نووسینەکانم بەرز و نزم دەبنەوە. | ٠.٢٨٥ | -٠.٠١٣ | ٠.٧٧ | ٠.١٣ | -٠.٠٨٢ |
| ٥٣-هەندێک پیت زیاد دەکەم لە کاتی نووسین. | ٠.٠٢٩ | -٠.١٧١ | ٠.٨٨٩ | -٠.٠٠٢ | -٠.١٣٨ |
| ٥٤-هەندێک پیت دەکرتێنم لە کاتی نووسین. | ٠.٠٢٢ | -٠.١٧٣ | ٠.٨٧٢ | -٠.٠٣١ | -٠.١٢١ |
| ٥٥-هەندێکجار خەڵک نازانن چی دەڵێم. | -٠.١٩٨ | ٠.٠٨٦ | ٠.١٧٤ | ٠.٧٦٤ | -٠.١٢ |
| ٥٦- بە زەحمەت دەتوانم قسەکانم کورت بکەمەوە. | -٠.٠٧١ | ٠.١٠٢ | ٠.١٨٢ | ٠.٧٧٨ | -٠.١٦٦ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٥٧-گرفتم بۆ دروست دەبێت کاتێک کە دەمەوێت بابەتێک بە درێژی باس بکەم، لەوانە چیرۆکێک یان ڕوداوێک. | -٠.٢٥٦ | ٠.٣ | ٠.٢٠٥ | ٠.٧٢٦ | -٠.٠٣١ |
| ٥٨-لە کاتی قسەکردندا هەموو دەنگەکانم بە ئاسانی بۆ دەرنابرێت. | -٠.١٩٧ | ٠.١٧٣ | ٠.١٥ | ٠.٧٨٥ | -٠.١١ |
| ٥٩- هەست دەکەم ئەو ڕستانەی دەریان دەبرم شێواون و ڕێک و پێک نین. | -٠.١٨٢ | ٠.٣٣١ | ٠.٢٠٨ | ٠.٧٥٧ | -٠.٠٧٨ |
| ٦٠-بەلامەوە گرانە چەند بیرۆکەیەک بەیەکەوە ببەستمەوە و قسەی لەسەر بکەم. | -٠.١٩٩ | ٠.٣٤١ | ٠.١٦٨ | ٠.٧٤٤ | -٠.٠٣٧ |
| ٦١-ناتوانم لەناو خەڵک بە بەردەوامی و تەواوی  قسە بکەم | -٠.٢٦٨ | ٠.٤٣٧ | ٠.١٧٧ | ٠.٦٨٧ | -٠.٠١٦ |
| ٦٢-لە کاتی گۆکردنی پیتی وشەکاندا پیتەکانم لێ تێکەڵ دەبێت  و کەم و زیادیان دەکەم. | -٠.١٤٤ | ٠.١١٧ | ٠.١٤٣ | ٠.٨١٦ | -٠.١٠٨ |
| ٦٣-هەرچەندە چاوم کێشەی نییە، بەڵام ناتوانم وشەکان بە تەواوی ببینم. | -٠.٠٦٣ | -٠.٠٨ | -٠.١٦٧ | -٠.٠٦١ | ٠.٨١٣ |
| ٦٤-هەرچەندە کێشەی گوێم نییە، بەڵام وشەکان وەکو خۆیان نابیستم. | -٠.٠١٧ | ٠.٠٥٦ | -٠.٠٥٥ | -٠.٠٥ | ٠.٨٤٧ |
| ٦٥-بەزەحمەت دەتوانم بۆچوونەکانم لەسەر کاغەز ڕێکبخەم. | ٠.١٠٢ | ٠.١٦٦ | -٠.٠٥٢ | ٠.٠٢٤ | ٠.٨٠٩ |
| ٦٦-کێشەم هەیە لە دۆزینەوەی ئەو ووشانەی لەکاتی نووسیندا پێویستم پێیانە. | ٠.٠٤٧ | ٠.١٧٥ | -٠.٠٥٢ | ٠.٠٧٢ | ٠.٧٩١ |
| ٦٧-لەکاتی گەڕان بە دوای زانیارییەک لە ناو نووسیندا بۆم نادۆزرێتەوە. | -٠.٠٧٤ | ٠.٠٦٣ | -٠.٠٧٥ | ٠.٠٥ | ٠.٨٥٣ |
| ٦٨-لەکاتی خوێندەوەی ڕستەکاندا بە تایبەت ڕستە درێژەکان، سەرەتای ڕستەکەم لە بیر دەچێتەوە. | -٠.٠٤ | ٠.٢٢٦ | -٠.٠٨٩ | ٠.٠٣٤ | ٠.٧٨٤ |
| ٦٩-کاتێک دەمەوێت پرسیارێک بکەم کە داڕشتنەکەی دوور و درێژە، سەرەتای پرسیارەکەم لەبیر دەچێتەوە. | ٠.٠٦٤ | ٠.٢٢٧ | -٠.١٦٧ | -٠.٠٤ | ٠.٧٩٥ |
| ٧٠-ناتوانم لە کاتی پێویست ناوی شتەکان و کەسەکانم بیر بکەوێتەوە. | -٠.٠١١ | ٠.٢٧٥ | -٠.١٢٧ | ٠.٠١٩ | ٠.٧١ |
| ٧١-وا هەست دەکەم توانای دەربڕینم لە نووسین، باشترە. | -٠.١٠٢ | -٠.١٥١ | -٠.١٢٩ | ٠.٣٣١ | ٠.٥٢٦ |
| ٧٢-دەتوانم وەڵامی پرسیارەکان بە گوتن بدەمەوە، بەڵام توانای وەڵامدانەوەی هەمان پرسیارم بە نووسین نییە. | -٠.٠٢٩ | -٠.١٠٩ | -٠.١٣٩ | ٠.١٢٧ | ٠.٧٣٨ |
| ٧٣-ناتوانم ئەو شتانەم بیر بێتەوە کە خوێندومەتەوە. | -٠.٠٢٨ | ٠.٣٤٣ | -٠.٢٠٩ | ٠.١٨١ | ٠.٧٣٩ |
| ٧٤-گرفتم هەیە لە بەبیرهاتنەوەی زانیارییەکاندا. | -٠.٠١٦ | ٠.٤٥٤ | -٠.٢٧ | ٠.٢٦٤ | ٠.٦٣٤ |
| ٧٥-ئەوشتانەی ئێستا دەیخوێنمەوە و گوێم لێ دەبێت لە بیرم دەچێتەوە. | ٠.٠١٦ | ٠.٤١ | -٠.٢٣٢ | ٠.١٧٥ | ٠.٧٠٩ |
| ٧٦-لە کاتی خوێندنەوەدا لە بیرم دەچێتەوە کە چی دەکەم. | -٠.٠٦٥ | ٠.٢٩٧ | -٠.٢١١ | ٠.١٢١ | ٠.٧٧٢ |
| ٧٧-لە یەک کاتدا تەنها دەتوانم لەسەر یەک شت تەرکیز بکەم. | ٠.٠٠٦ | ٠.٢٨٢ | -٠.٠١٩ | ٠.٢٨٥ | ٠.٦١٦ |
| ٧٨-ناتوانم وشەکان بە تەواوی لەبەر بکەم. | -٠.٠٢ | ٠.٢٦ | -٠.٠٤٧ | ٠.٢٢٤ | ٠.٧١٨ |
| ٧٩- زۆربەی کات سەرم لێ دەشێوێت لە ناسینەوەی هەندێک وشە لەوانە (ژێر/ژیر، سال/شاڵ، زەنگ/ژەنگ....هتد. | -٠.١١٨ | -٠.٠٤٩ | -٠.٠٥١ | ٠.٠٧٦ | ٠.٨٤٥ |
| ٨٠-کێشەم لە ناسینەوەی شێوە ئەندازەییەکاندا هەیە. | -٠.١٤٥ | ٠ | -٠.١٤٢ | ٠.٠٩١ | ٠.٨٠٩ |
| ٨١-کاتێک وشەیەکی دوور و درێژ دەبیستم، ناتوانم بە شێوازێکی تەواو وشەکە دووبارە بکەمەوە. | -٠.٠٧٣ | ٠.١١٤ | -٠.٠٨٥ | ٠.٠٤٧ | ٠.٨٢٣ |
| ٨٢- کاتێک وشەیەکی دوور و درێژ دەبینم، ناتوانم بە شێوازێکی تەواو وشەکە بنووسمەوە. | -٠.٠٧٢ | ٠.٠٨ | ٠.٠٠١ | ٠.٠٠٧ | ٠.٨٠٥ |

خشتەی (١٠) بوار و ژماری بڕگەکان لە دوای گەڕانی شیکاری هۆکارەکان.

| ژ | بوارەکان | ژمارەی بڕگەکان |
|---|---|---|
| ١ | بواری تێگەیشتن | ١٢ |
| ٢ | بواری خوێندنەوە | ٢٤ |
| ٣ | بواری نووسین | ١٧ |
| ٤ | بواری قسەکردن | ٨ |
| ٥ | بواری تێگەیشتن | ١٩ |

### ٧.٣ جێگیری بە ڕێگای یەکگرتوویی ناوەکی

جێگیری بە ڕێگای یەکگرتوویی ناوەکی یەکێکە لە جۆرەکانی جێگیری و زۆربەی پێوەرەکان گرنگییەکی زۆر بەم جۆرە جێگیرییە دەدەن. ئەم جێگیرییە باس لەوە دەکات ئەگەر بێت و بەشێک لە پێوەر یاخود پرسیارنامە پێوانەی گۆڕاوێک بکات، ئەوا دەبێت بەشەکەی تری هەمان پێوەر پێوانی هەمان گۆڕاو بکات ( Osburn, 2000, p. 343, Streiner, 2003, p. 103).

بۆیە بۆ ئەم جۆرەی جێگیری ڕێگای ئەلفا کرۆنباخ (Cronbach’s Alpha) بەکارهێنرا. ئەلفا کرۆنباخ پێوانەیەکە بەکاردهێنرێت بۆ دەرهێنانی جێگیری یەکگرتوویی ناوەکی بۆ هەر پێوەرێک ئەنجامەکەی لە نێوان (٠ بۆ ١) دەبێت. هەروەها بەم یاسایە ئەوە دەدۆزێتەوە کە سەرجەم بڕگەکان پێوانەی هەمان بابەت دەکەن پەیوەندی بە یەکگرتوویی نێوان بڕگەکانی پێوانەکە هەیە لەناو خۆیاندا. بۆیە پێش ئەوەی هەر توێژینەوەیەک جێبەجێ بکرێت، دەبێت ئەم جۆرە جێگیرییەی بۆ دەربکرێت و هەر لە ڕێگای ئەلفا کرۆنباخەوە پەیوەندیی نێوان بڕگەکانی پێوانەکە بدۆزرێتەوە ( Tavakol& Dennick, 2011, p. 53; Forero, 2014, p.568).

بۆ پەسەندکردنی بەهای ئەلفا کرۆنباخ چەند بۆچوونێکی جیاواز هەیە. کۆمەڵێک لە توێژەران و شارەزایانی بواری ئاماریی وەسفی و هەڵێنجان پێیان وایە نابێت بەهای ئەلفا کرۆنباخ لە (٠.٧) کەمتر بێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر لەو بەهایە کەمتربوو ئەوا ئەو پێوەرە جێگیری یەکگرتوویی ناوەکی نییە (Taber, 2018, 1282; Nunnally, 1994, Forero , 2014, p.700). بەڵام هەندێک بۆچوونی تر هەیە دەڵێن نابێت بەهای جێگیری ناوەکی لە (٠.٨) کەمتربێت (Peters, 2014, p. 57). لەم توێژینەوەیەدا کار لەسەر ئەو بۆچوونە دەکرێت دەبێت ئەلفا کرۆنباخ بەهاکەی لە (٠.٨) کەمتر نەبێت. بەم پێیە بۆ هەر بوارێکی پرسیارنامەکە ئەلفا کرۆنباخی جیاواز دۆزراوەتەوە:

**١ – بواری تێگەیشتن:** ئەم بوارە لە (١٣) بڕگە پێکهاتووە، پاش دەرهێنانی بەهای ئەلفا کرۆنباخ بۆ (٤٥٤) بەشداربوو، بەهای ئەلفا کرۆنباخ (٠.٩٥٧) دەرچوو، ئەم بەهایەش گەورەترە لە (٠.٨)، کەواتە ئەنجامەکە پەسەند دەکرێت، ئەوە دەردەکەوێت کە جێگیریی یەکگرتوویی ناوەکی ئەم بوارە زۆر بەرزە.

خشتەی (١١) دەرهێنانی بەهای جێگیریی یەکگرتوویی ناوەکی بواری تێگەیشتن

| ئاماری جێگیری | |
|---|---|
| ژمارەی بڕگەکان | Cronbach's Alpha |
| ١٣ | ٠.٩٥٧ |

**٢- بواری خوێندنەوە:** ئەم بوارە لە (٢٤) بڕگە پێکهاتووە، پاش دەرهێنانی بەهای ئەلفا کرۆنباخ بۆ (٤٥٤) بەشداربوو، بەهای ئەلفا کرۆنباخ (٠.٩٨٢) دەرچوو، ئەم بەهایەش گەورەترە لە (٠.٨)، کەواتە ئەنجامەکە پەسەند دەکرێت، ئەوە دەردەکەوێت جێگیریی یەکگرتوویی ناوەکی ئەم بوارە زۆر بەرزە.

خشتەی (١٢) دەرهێنانی بەهای جێگیری یەکگرتوویی ناوەکی بواری خوێندنەوە

| ئاماری جێگیری | |
|---|---|
| Cronbach's Alpha | ژمارەی بڕگەکان |
| ٠.٩٨٢ | ٢٤ |

**٣- بواری نووسین:** ئەم بوارە لە (١٧) بڕگە پێکهاتووە، پاش دەرهێنانی بەهای ئەلفا کرۆنباخ بۆ (٤٥٤) بەشداربوو، بەهای ئەلفا کرۆنباخ (٠.٩٧٥) دەرچوو، ئەم بەهایەش گەورەترە لە (٠.٨)، کەواتە ئەنجامەکە پەسەند دەکرێت، ئەوە دەردەکەوێت کە جێگیری یەکگرتوویی ناوەکی ئەم بوارە زۆر بەرزە.

خشتەی (١٣) دەرهێنانی بەهای جێگیریی یەکگرتوویی ناوەکی بواری نووسین

| ئاماری جێگیری | |
|---|---|
| Cronbach's Alpha | ژمارەی بڕگەکان |
| ٠.٩٧٥ | ١٧ |

**٤- بواری قسەکردن:** ئەم بوارە لە (٨) بڕگە پێکهاتووە، پاش دەرهێنانی بەهای ئەلفا کرۆنباخ بۆ (٤٥٤) بەشداربوو، بەهای ئەلفا کرۆنباخ (٠.٩٤٦) دەرچوو، ئەم بەهایەش گەورەترە لە (٠.٨)، کەواتە ئەنجامەکە پەسەند دەکرێت، ئەوە دەردەکەوێت جێگیریی یەکگرتوویی ناوەکی ئەم بوارە زۆر بەرزە.

خشتەی (١٤) دەرهێنانی بەهای جێگیریی یەکگرتوویی ناوەکی بواری قسەکردن

| ئاماری جێگیری | |
|---|---|
| Cronbach's Alpha | ژمارەی بڕگەکان |
| ٠.٩٤٦ | ٨ |

**٥- بواری زانینی:** ئەم بوارە لە (٢٠) بڕگە پێکهاتووە، پاش دەرهێنانی بەهای ئەلفا کرۆنباخ بۆ (٤٥٤) بەشداربوو، بەهای ئەلفا کرۆنباخ (٠.٩٦٨) دەرچوو، ئەم بەهایەش

گەورەترە لە (٠.٨)، کەواتە ئەنجامەکە پەسەند دەکرێت، ئەوە دەردەکەوێت جێگیریی یەکگرتوویی ناوەکی ئەم بوارە زۆر بەرزە.

خشتەی (١٥) دەرهێنانی بەهای جێگیریی یەکگرتوویی ناوەکی بواری زانینی

| ئاماری جێگیری | |
|---|---|
| ژمارەی بڕگەکان | Cronbach's Alpha |
| ٢٠ | ٠.٩٦٨ |

**٨.٣ جێگیریی پێوانەکردنەوە**

جێگیری لە جۆری پێوانەکردنەوە، پێوانەی جێگیری نمرە بەدەستهاتووەکانی کەسێک دەکات لە دوو کاتی جیاواز و لەژێر هەمان بارودۆخدا. بە واتایەکی تر لەم جۆرەی جێگیریدا کەسێک دوو جار و لە دوو کاتی جیاوازدا هەمان پرسیارنامە پڕدەکاتەوە. ئەم جۆرەی جێگیری جەخت لەسەر لێک نزیکی بەها بەدەستهاتووەکانی نێوان ئەو دوو کاتە جیاوازە دەکاتەوە. هەتا نمرەکان نەگۆڕبن یاخود لێک نزیک بن ئەوا جێگیری بەرزتر دەبێت (Vilagut , 2014, p. 6622; Berchtold, 2016, p.1).

بۆ دەرهێنانی ڕێژەی جێگیری بە ڕێگای پێوانەکردنەوە یاسای هاوکۆلکەی پەیوەستی پێرسۆن (Pearson Correlation Coefficient) بەکارهێنرا. ئەم ڕێگایە یەکێکە لە ڕێگا بەربلاوەکان بەکاردێت بۆ دەرهێنانی جێگیری بە ڕێگای پێوانەکردنەوە. بەهای جێگیری بە یاسای پێرسۆن لە نێوان (+١ بۆ -١)، (+١) بە واتای بەرزترین بەهای پەیوەندییەکی ئەرێنی دێت لە نێوان پێوانەکردنی یەکەم و دووەم، (-١) بە واتای نزمترین بەهای پەیوەندییەکی نەرێنی دێت لە نێوان پێوانەکردنی یەکەم و دووەم، هەروەها (سفر) بە واتای ئەوە دێت هیچ پەیوەندییەک نییە لە نێوان پێوانەکردنی یەکەم و دووەمدا (Nettleton, 2014, p. 1).

لەم توێژینەوەیەدا (٨٩) بەشداربوو بە ڕێگای ناهەڕەمەکی مەبەستدار هەڵبژێردران پێشتر ئاماژەی بە شێوازی هەڵبژاردنەکە کراوە، بەڵام ئەمجارەیان ناوی سەرجەم بەشداربووەکان تۆمارکرا، پاش وەرگرتنی ڕەزامەندیی بەشداربووان لە ڕێگای پڕکردنەوەی فۆرمی ڕەزامەندی، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٥) بۆ بینینی فۆرمەکە. هۆکاری تۆمارکردنی ناوی بەشداربووەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەم جۆرەی جێگیریدا پێویستە کە هەر بەشداربوویەک هەمان پرسیارنامە لە دوو کاتی جیاوازدا پڕبکاتەوە، ئەمەش بۆ ئەوەیە ئاستی جێگیری پرسیارنامەکە لە دوو کاتی جیاواز و لەژێر هەمان بارودۆخدا بدۆزرێتەوە. پاش تۆمارکردنی ناوی بەشداربووەکان، بۆ پارێزگاری کردن لە ناوی بەشداربووان کۆدی نهێنی بۆ سەرجەم بەشداربووان دانرا. دانانی ئەو کۆدە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە توێژینەوەکە دووربێت لە کێشەی ئاکاریی توێژینەوە. ماوەی نێوان پێوانەکردنی یەکەم و دووەم سێ هەفتەبوو لە ڕێکەوتی (١٢/١٦/ ٢٠١٩ تاکو ٢٠٢٠/١/٥). ئەمەش لەبەرئەوەیە ماوەیەک هەبێت لەو نێوەندەدا بۆئەوەی بەشداربووان وەڵامی پرسیارنامەکەیان لەبەر نەکردبێت. هۆکاری دانانی سێ هەفتە دەگەڕێتەوە بۆ بۆچوونی (Greenaway et al., 2015, p.2) دەڵێت سێ هەفتە ڕێگەپێدراوە بەو مەرجەی ئەنجامی پەیوەندیی نێوان هەردوو پێوانەکە لە (٠.٨٥=$r$) کەمتر نەبێت. لەم خشتانەی خوارەوەدا ئەنجامی جێگیری بە یاسای پەیوەستی پێرسۆن شی دەکرێتەوە:

١ – **بواری تێگەیشتن:** لەم خشتەیەی خوارەوەدا یاسای پێرسۆن بۆ دەرهێنانی جێگیری بە یاسای پێوانەکردنەوە بەکارهێنراوە. لە ئەنجامدا دەرکەوت بەهای (٠.٩٠٢ = $r$) بە (sig 2-tailed= ٠.٠٠٠) ئەم بەهایە کەمتر لە (٠.٠٥) کەواتە بەڵگەداری ئاماری هەیە و پەیوەندییەکی ئەرێنی لە نێوان هەردوو کاتی دابەشکردنی پرسیارنامەکە هەیە. هەروەها بەپێی (Greenaway et al., 2015, p.2) ئەنجامەکە پەسەندکراوە لەبەرئەوەی ماوەی تێستەکە سێ هەفتە بووە و ئەنجامی پێرسۆن لە (٠.٨٥) گەورەتربووە.

خشتەی (١٦) دەرهێنانی بەهای جێگیریی پێوانەکردنەوە بۆ بواری تێگەیشتن

| قەبارەی نموونەکە | Pearson Correlation | Sig(2-tailed) ٠.٠٥ | بڕیار |
|---|---|---|---|
| ٨٩ | ٠.٩٠٢ | ٠.٠٠٠ | بەڵگەداری ئاماری هەیە |

**٢- بواری خوێندنەوە:** لەم خشتەیەی خوارەوەدا یاسای پێرسۆن بۆ دەرهێنانی جێگیری بە یاسای پێوانەکردنەوە بەکارهێنراوە. لە ئەنجامدا دەرکەوت کە بەهای ($r =$ ٠.٩٣١) بە (sig 2-tailed= ٠.٠٠٠) ئەم بەهایە کەمتر لە (٠.٠٥) کەواتە بەڵگەداری ئاماری هەیە و پەیوەندییەکی ئەرێنی لە نێوان هەر دوو کاتی دابەشکردنی پرسیارنامەکە هەیە. هەروەها بەپێی (Greenaway et al., 2015, p.2) ئەنجامەکە پەسەندکراوە لەبەرئەوەی ماوەی تێستەکە سێ هەفتە بووە و ئەنجامی پێرسۆن لە (٠.٨٥) گەورەتربووە.

خشتەی (١٧) دەرهێنانی بەهای جێگیریی پێوانەکردنەوە بۆ بواری خوێندنەوە

| قەبارەی نموونەکە | Pearson Correlation | Sig(2-tailed) ٠.٠٥ | بڕیار |
|---|---|---|---|
| ٨٩ | ٠.٩٣١ | ٠.٠٠٠ | بەڵگەداری ئاماری هەیە |

**٣- بواری نووسین:** لەم خشتەیەی خوارەوەدا یاسای پێرسۆن بۆ دەرهێنانی جێگیری بە یاسای پێوانەکردنەوە بەکارهێنراوە. لە ئەنجامدا دەرکەوت بەهای ($r =$ ٠.٩٢٩) بە (sig 2-tailed= ٠.٠٠٠) ئەم بەهایە کەمتر لە (٠.٠٥) کەواتە بەڵگەداری ئاماری هەیە و پەیوەندییەکی ئەرێنی لە نێوان هەر دوو کاتی دابەشکردنی پرسیارنامەکە هەیە. هەروەها بەپێی (Greenaway et al., 2015, p.2) ئەنجامەکە پەسەندکراوە لەبەرئەوەی ماوەی تێستەکە سێ هەفتە بووە و ئەنجامی پێرسۆن لە (٠.٨٥) گەورەتربووە.

خشتەی (١٨) دەرهێنانی بەهای جێگیریی پێوانەکردنەوە بۆ بواری نووسین

| قەبارەی نموونەکە | Pearson Correlation | Sig(2-tailed) ٠.٠٥ | بڕیار |
|---|---|---|---|
| ٨٩ | ٠.٨٩٨ | ٠.٠٠٠ | بەڵگەداری ئاماری هەیە |

**٤- بواری قسەکردن:** لەم خشتەیەی خوارەوەدا یاسای پێرسۆن بۆ دەرهێنانی جێگیری بە یاسای پێوانەکردنەوە بەکارهێنراوە. لە ئەنجامدا دەرکەوت بەهای ($r =$ ٠.٨٩٩) بە (sig 2-tailed= ٠.٠٠٠) ئەم بەهایە کەمتر لە (٠.٠٥) کەواتە بەڵگەداری ئاماری هەیە و پەیوەندییەکی ئەرێنی لە نێوان هەر دوو کاتی دابەشکردنی پرسیارنامەکە هەیە. هەروەها بەپێی (Greenaway et al., 2015, p.2) ئەنجامەکە پەسەندکراوە لەبەرئەوەی ماوەی تێستەکە سێ هەفتە بووە و ئەنجامی پێرسۆن لە (٠.٨٥) گەورەتربووە.

خشتەی (١٩) دەرهێنانی بەهای جێگیریی پێوانەکردنەوە بۆ بواری قسەکردن

| قەبارەی نموونەکە | Pearson Correlation | Sig(2-tailed) ٠.٠٥ | بڕیار |
|---|---|---|---|
| ٨٩ | ٠.٨٩٩ | ٠.٠٠٠ | بەڵگەداری ئاماری هەیە |

**٥- بواری زانینی:** لەم خشتەیەی خوارەوەدا یاسای پێرسۆن بۆ دەرهێنانی جێگیری بە یاسای دووبارە پێوانەکردنەوە بەکارهێنراوە. لە دەرئەنجامدا دەرکەوت بەهای ($r$ ٠.٩٢١ =) بە (sig 2-tailed= ٠.٠٠٠) ئەم بەهایە کەمتر لە (٠.٠٥) کەواتە بەڵگەداری ئاماری هەیە و پەیوەندییەکی ئەرێنی لە نێوان هەر دوو کاتی دابەشکردنی پرسیارنامەکە هەیە. هەروەها بەپێی (Greenaway et al., 2015, p.2) ئەنجامەکە پەسەندکراوە لەبەرئەوەی ماوەی تێستەکە سێ هەفتە بووە و ئەنجامی پێرسۆن لە (٠.٨٥) گەورەتربووە.

خشتەی (٢٠) دەرهێنانی بەهای جێگیریی پێوانەکردنەوە بۆ بواری زانینی

| بڕیار | Sig(2-tailed) ٠.٠٥ | Pearson Correlation | قەبارەی نموونەکە |
|---|---|---|---|
| بەڵگەداری ئاماری هەیە | ٠.٠٠٠ | ٠.٩٢١ | ٨٩ |

## ٩.٣ جێبەجێکردنی توێژینەوە

بە مەبەستی جێبەجێکردنی کۆتایی توێژینەوەکە، (٢٠٠٠) پرسیارنامە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بڵاوکرانەوە، لە کۆی ئەو ژمارەیە، (٤١٤) بەشداربوو بەپێی فۆرمی کۆمەڵەی دیسلێکسیای نێودەوڵەتی دیسلێکس بوون، بەشداربووان لە بەرواری (٢٠٢٠/١/٩ بۆ ٢٠٢٠/٢/٢٠) هەڵبژێردران، بەشداربووان بریتیبوون لە قوتابیانی دیسلێکسی زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان، ئەم نموونەیە بە شێوازی ناهەڕەمەکی مەبەستدار هەڵبژێردرا. بەشداربووان سەرەتا فۆرمی کۆمەڵەی دیسلێکسیای نێودەوڵەتییان پڕکردەوە، پاشان پرسیارنامەی ئەم توێژینەوەیان پڕکردەوە و هەروەها فۆرمی ڕەزامەندیی بەشداریکردنیان لە توێژنەوەکەدا پڕکردەوە. دیاریکردنی نموونەی توێژینەوەکە بەندبوو لەسەر پڕکردنەوەی فۆرمی کۆمەڵەی دیسلێکسیا نێودەوڵەتی و هەڵبژاردنی (٧) حەوت وەڵامی بەڵی یاخود زیاتر لە کۆی (١٠) دە پرسیاری فۆرمی کۆمەڵەکە. نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٣١٠) نێر و (١٠٤) مێ، (٣٨٩) ڕاستە و (٢٥) چەپلەر، (١٢) زەبر لەلای چەپی مێشک (٣) زەبر لەلای ڕاستی مێشک (٣٩٩) هیچ زەبرێکی مێشکی نییە بڕوانە خشتەی ژمارە (٢١). بۆ هەڵبژاردنی ئەم ڕێژەیە پشت بەستراوە بەو خشتەیەی کە ( Sekaran& Bougie, 2016, p. 264; Saunders, Lewis & Thornhill, 2007, p.212؛ Krejcie., & Morgan, 1970, p. 608) دایان ناوە. بەپێی ئەم سەرچاوانە زۆرترین جار لەلایەن توێژەرانەوە بەکارهێنراون، ئەگەر هاتوو کۆمەڵگەی توێژینەوە لە (١.٠٠٠.٠٠٠) یەک ملیۆن کەس زیاتر بوو، ئەوا نموونەیەکی گونجاو بریتییە لە (٣٨٤) کەس بە ڕێژەی هەڵەی (margin error) (٥٪)ە،

هەروەها (٩٥٪)(confidence level) ئەمەش بە واتای ئاستی دڵنیابوون لە قەبارەی نموونەی وەرگیراو دێت. لەبەرئەوەی ژمارەیەکی وردی قوتابییان دەستنەکەوتووە، زۆرترین بەشداربوو وەرگیراوە، پێشبینی ئەوەش کراوە کە بەشێک لە پرسیارنامەکان نەگەڕێنەوە بۆیە نەریتێکی ئاماری (١٠٪) ژمارەی نموونەکە زیادکراوە، دواجار ژمارەی نموونەکە بۆتە (٤١٤) بەشداربوو.

گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان پێکهاتبوون لە گۆڕاوی ڕەگەز، شێوازی نووسین، گرفتی زمانی باوان و زەبری مێشک، بەڵام لەبەرئەوەی لەلای هیچ کام لە بەشداربووانی توێژینەوەکە ئاماژە بە گرفتی زمانی باوان نەکرابوو، گۆڕاوی گرفتی زمانی باوان لە لیستی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان لابرا. بەشداربووانی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٣١٠) نێر بە ڕێژەی سەدی (٧٤،٨٨٪) و (١٠٤) ڕەگەزی مێ بە ڕێژەی سەدی (٢٥،١٢٪). (٣٨٩) ڕاستە بە ڕێژەی سەدی (٩٣،٩٦٪) و (٢٥) چەپلەر بە ڕێژەی سەدی (٦،٠٤٪). (٣٩٩) کەس هیچ زەبرێک بەر مێشکیان نەکەوتبوو بە ڕێژەی سەدی (٩٦،٣٨٪)، (٣) کەس زەبری بەر لای ڕاستی مێشکیان کەوتبوو بە ڕێژەی سەدی(٠،٧٢٪)  و (١٢) کەس زەبر بەر لای چەپی مێشکیان کەوتبوو بە ڕێژەی سەدی (٢،٩٠٪)، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢١).

خشتەی(٢١) گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان، ڕەگەز، شێوازی نووسین و زەبری مێشک

| گۆڕاوەکان | | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|---|
| **ڕەگەز** | نێر | ٣١٠ | ٧٤.٨٨٪ |
| | مێ | ١٠٤ | ٢٥.١٢٪ |
| **شێوازی نووسین** | ڕاستە | ٣٨٩ | ٩٣.٩٦٪ |
| | چەپلەر | ٢٥ | ٦.٠٤٪ |
| **زەبری مێشک** | هیچ زەبرێک نیە | ٣٩٩ | ٩٦.٣٨٪ |
| | لای ڕاست | ٣ | ٠.٧٢٪ |
| | لای چەپ | ١٢ | ٢.٩٠٪ |

له خشتەی (٢٢) ئاماژە بە ناوی زانکۆی و ژمارەی بەشداربووانی دیسلێکس کراوە. ژمارەی زانکۆکان بریتین لە (١٠) زانکۆ لە هەرێمی کوردستان ژمارەی بەشداربووانی زانکۆی سۆران بریتیبوو لە (٨١) بەژداربوو کە دەکاتە (١٩،٥٧٪)، زانکۆی سلێمانی (٩٤) بەشداربوو کە دەکاتە (٢٢،٧١٪)، زانکۆی سەلاحەدین (٤٨) بەشداربوو کە دەکاتە (١١،٥٩٪)، زانکۆی چەرمۆ (٣٨) بەشداربوو کە دەکاتە (٩،١٨٪)، زانکۆی کۆیە (٣١) بەشداربوو کە دەکاتە (٧،٤٩٪)، زانکۆی ڕاپەڕین (٢٨) بەشداربوو کە دەکاتە (٧،٧٦٪)، زانکۆی گەرمیان (١٨) بەشداربوو کە دەکاتە (٤،٣٥٪)، زانکۆی هەڵەبجە (٢١) بەشداربوو کە دەکاتە (٥،٠٧٪)، زانکۆی پۆلیتەکیکی سلێمانی (٢٧) کە دەکاتە (٦،٥٢٪) و زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر (٢٨) بەشداربوو کە دەکاتە (٦،٧٦٪).

خشتەی (٢٢) ناوی زانکۆ و ژماری بەشداربووان

| ژ | ناوی زانکۆ | ژمارەی بەشداربووانی دیسلێکس | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | زانکۆی سۆران | ٨١ | ٪١٩،٥٧ |
| ٢ | زانکۆی سلێمانی | ٩٤ | ٪٢٢،٧١ |
| ٣ | زانکۆی سەلاحەددین | ٤٨ | ٪١١،٥٩ |
| ٤ | زانکۆی چەرمۆ | ٣٨ | ٪٩،١٨ |
| ٥ | زانکۆی کۆیە | ٣١ | ٪٧،٤٩ |
| ٦ | زانکۆی ڕاپەڕین | ٢٨ | ٪٦،٧٦ |
| ٧ | زانکۆی گەرمیان | ١٨ | ٪٤،٣٥ |
| ٨ | زانکۆی هەڵەبجە | ٢١ | ٪٥،٠٧ |
| ٩ | زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی | ٢٧ | ٪٦،٥٢ |
| ١٠ | زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر | ٢٨ | ٪٦،٧٦ |

## ١٠.٣ ئامرازە ئامارییەکان

بۆ دەستکەوتنی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە چەند یاسایەکی ئاماری بەکارهێندرا، ئەو یاسایانە گونجاو بوون لەگەڵ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، یاساکان بریتیبوون لەمانەی خوارەوە:

١ – یاسای کا$^{٢}$ (Chi- Squared) بۆ ڕاستگۆیی ڕواڵەتی.

٢- یاسای (Kaiser-Meyer-Olkin Measure of Sampling) بۆ دڵنیابوون لە گونجاوی نموونەی توێژینەوەکە بۆ شیکاریی هۆکارەکان.

٣- گەڕانی شیکاری هۆکارەکان (Exploratory Factor analysis) بۆ تاقیکردنەوەی شیکاریی هۆکارەکان و دیاریکردنی بوارەکان.

٤- ئەلفا کرۆنباخ (Cronbach's Alpha) بۆ دەرهێنانی جێگیری بە ڕێگای یەکگرتوویی ناوەکی.

٥- هاوکۆلکەی پەیوەستی پێرسۆن ( Pearson Correlation Coefficient) بۆ دۆزینەوەی جێگیری بە ڕێگای پێوانەکردنەوە و دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان بوارەکانی (تێگەیشتن، خوێندنەوە، نووسین، قسەکردن و زانینی).

٦- یاسای تی تێستی یەک نموونە (One Sample T. Test) بۆ زانینی ئاستی دیسلێکسیا بەپێی بوارەکانی (تێگەیشتن، خوێندنەوە، نووسین، قسەکردن و زانینی).

٧- یاسای تی تێستی نموونەی سەربەخۆ (Independent Sample T. Test) بۆ زانینی ئاستی بوارەکانی (تێگەیشتن، خوێندنەوە، نووسین، قسەکردن و زانینی) بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز و شێوازی نووسین).

٨- یاسای ئەنۆڤا (One Way ANOVA) بۆ زانینی ئاستی بوارەکانی (تێگەیشتن، خوێندنەوە، نووسین، قسەکردن و زانینی) بەپێی گۆڕاوی زەبری مێشک.

٩- یاسای (Cohen) بۆ زانینی کاریگەریی قەبارە.

١٠- یاسای (Eta Squared) بۆ زانینی کاریگەریی قەبارە.

١١- شیکاری (Regression) بۆ زانینی سروشتی پەیوەندی لە نێوان گۆڕاوە سەربەخۆکان و بوارەکانی دیسلێکسیا.

لەم بەشەدا باس لە هەنگاوەکانی دروستکردنی پرسیارنامەی ئەم توێژینەوەیە کرا، هەروەها ئەوە ڕوونکرایەوە چۆن بە پشتبەستن بە تیۆرەکان، توێژینەوەکانی پێشوو، سەنتەر و دەزگا زانستییەکان پرسیارنامەی ئەم توێژینەوەیە بونیادنرا. پاشان باس لە دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕووکەش بۆ ڕاستی و دروستیی پرسیارنامەکە، تاقیکردنەوە شیکاریی هۆکارەکان بۆ دیارکردنەی بوارەکانی پرسیارنامەکە، جێگیریی یەکگرتوویی ناوەکی و جێگیری بە ڕێگای پێوانەکردنەوە کرا. هەروەها باس لە شێوازی هەڵبژاردنی سێ نموونەی جیاواز بۆ ئەم توێژینەوەیە بە ڕێگای ناهەڕەمەکی مەبەستدار کرا، لە کۆتاییدا ئەو ئامرازە ئامارییانە خرانەڕوو توێژەر بۆ بە دەستهێنانی ئامانجەکانی ئەم توێژنەوەیە بەکاری هێنابوو.

## ٤. بەشی چوارەم: خستنەڕووی ئەنجام و گفتوگۆکردن

### ٤.١ ئامانجی دووەم

ئامانجی دووەمی ئەم توێژینەوەیە بریتیبوو لە زانینی ئاستی دیسلێکسیا بەپێی بواری (تێگەیشتن، خوێندنەوە، نووسین، قسەکردن و زانینی)، بۆ ئەم مەبەستەش هاوکێشەی تاقیکردنەوەی تائی یەک نموونە (One Sample T. Test) بەکارهات، ئەم یاسایە جیاوازیی ئاماری دەدۆزێتەوە لە نێوان دوو ناوەندا، ئەوانیش ناوەندی گریمانەیی و ناوەندە ژمێرەیین (Ross & Willson ,2017, p. 10; Cohen, Lea & Welkowitz, 2012, p. 83). هەروەها بەکارهێنانی ئاستی گوزارشتی (٠.٠٥) کە ئەگەر (p < ٠.٠٥) ئەوا بەڵگەداری ئاماری هەیە (Dahiru, 2008, p. 23; Greenland, 2016, p.240). ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت هەر بوارێکی دیسلێکسیا ئەنجامەکەی بەڵگەداری ئامارییی هەبوو، ئەوا ئەو بوارەی دیسلێکسیا لای بەشداربووانی توێژینەوەکە لە ڕووی ئامارییەوە گرنگە و کاریگەریی هەیە. پاشان بۆ دەرهێنانی کاریگەریی قەبارە بۆ سەرجەم بوارەکانی دیسلێکسیا، یاسای (Cohen's d) بەکارهێنرا. (Cohen, 1988, p. 26; Lakens, 2013 p. 3; Howell, 2012, p.230) خشتە و یاسای (Cohen's d) یان بەکارهێناوە بۆ دۆزینەوە کاریگەریی قەبارە (Effect size) بۆ (T. Test)، خشتەکەی (Cohen's d) بەم شێوەیە بوو، (٠.٢) کاریگەریی قەبارەی بچووک، (٠.٥) کاریگەریی قەبارەی مامناوەند و (٠.٨) کاریگەریی قەبارەی گەورە. کاریگەریی قەبارە زانیاری لەسەر پێوانەکردنی ماوەی جیاوازی لە نێوان ناوەندە ژمێرەیی و ناوەندی گریمانەیی دەدات. هەروەها ئەم یاسایە کاتێک بە کاردەهێنرێت کە ئەنجامی توێژینەوەکە بەڵگەداری ئامارییی هەبوو. لە هەمان کاتدا هەبوونی بەڵگەداری ئاماری تەنیا بەس نییە بۆ ئەوەی بڕیار بدرێت دوو ناوەندە ژمێرەیی لە ڕووی ئامارییەوە جیاوازن، بۆیە لەم کاتەدا پەنا دەبرێتە بەر کاریگەریی قەبارە بۆ پشت ڕاستکردنەوەی بەڵگەداری ئاماری.

له دوای بەکارهێنای یاسای (One Sample T. Test) بۆ بواری تێگەیشتن، نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٤١٤) بەشداربوو. ئەنجامی (ناوەندە ژمێرەیی= ٤٣.٩٦٥٧) بە (لادانی پێوەری =٥.٧٥٨١٧)، (ناوەندی گریمانەیی= ٣٦)، (نمرەی ئازاد=٤١٣). (T= ٢٧.١٩٣، P= ٠.٠٠٠ < ٠.٠٥)، لەبەرئەوەی ناوەندی گریمانەیی لە ناوەندە ژمێرەیی بچووکترە و لە هەمان کاتدا بەهای (P=٠.٠٠٠)کە ئەم بەهایە بچووکترە لە (٠.٠٥)، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت بواری تێگەیشتن لە دیسلێکسیادا بەڵگەداری ئاماریی هەیە، بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە ئاستی دیسلێکسیایان لە بواری تێگیەشتن زۆر بەرزە. هەروەها کاریگەریی قەبارەی (Effect size) دەکاتە (١.٣٨) ئەم بەهایەش گەورەترە لە (٠.٨)، کەواتە بواری تێگەیشتن کاریگەرییەکی زۆر گەورەی لەسەر دیسلێکسیا هەیە.

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بۆ بواری تێگەیشتنی دیسلێکسیا لەلایەن ( Mayo Clinic Dyslexia, 2019; National Center for Learning Disabilities, 2012, p. 14-15; Croft & Mercer, 2013, p.1; Barton, 2012) پشت ڕاست دەکرێتەوە، پێیانوایە دیسلێکسەکان بە زەحمەت دەتوانن لە نوکتە و ئیدۆم تێبگەن، هەندێکجار بۆ تێگەیشتن لە بابەتێک دەبێت دوو تا سێ جار شتێک بخوێننەوە بۆ ئەوەی لە بابەتەکە تێبگەن، دیسلێکسەکان گرفتیان لە دەستنیشانیکردنی ناونیشانی شوێنەکان هەیە و هەندێکجار توانای جیاکردنەوەی ڕاست و چەپیان نییە، ناتوانن تێبگەن لە مانای ئەو شتانەی خوێندویانەتەوە، یاخود واتا ببەخشن بە نووسینە خوێندراوەکان. لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەرکەوت کە بواری تێگەیشتنی دیسلێکسیا بەڵگەداری ئاماریی هەیە و بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە ئاستی دیسلێکسیایان لە بواری تێگەیشتن زۆر بەرزە.

خشتەی (٢٣) زانینی ئاستی بواری تێگەیشتن

| ناونیشان | قەبارەی نموونەکە | ناوەندە ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەری | تاقیکردنەوەی T. Test | نمرەی ئازاد | P. Sig. (2-tailed) | ئاستی گوزارشتی ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بواری تێگەیشتن | ٤١٤ | ٤٣.٩٦٥٧ | ٣٦ | ٥.٧٥٨١٧ | ٢٧.١٩٣ | ٤١٣ | ٠.٠٠٠ | بەڵگەداری ئاماری هەیە |

لە پاشاندا یاسای (One Sample T. Test) بۆ بواری خوێندنەوە بەکارهێنرا، نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٤١٤) بەشداربوو. ئەنجامی (ناوەندە ژمێرەیی= ٨٦.٩٢٠٣) بە (لادانی پێوەری =١١.٤٦٤٦٩)، (ناوەندی گریمانەیی= ٧٢)، (نمرەی ئازاد=٤١٣). (T= ٢٦.٤٨٠، P= ٠.٠٠٠ > ٠.٠٠٥)، لەبەرئەوەی ناوەندی گریمانەیی لە ناوەندە ژمێرەیی بچووکترە و لە هەمان کاتدا بەهای (P=٠.٠٠٠) کە ئەم بەهایە بچووکترە لە (٠.٠٥)، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت بواری خوێندنەوە لە دیسلێکسیادا بەڵگەداری ئاماریی هەیە، بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە ئاستی دیسلێکسیایان لە بواری خوێندنەوە زۆر بەرزە. هەروەها کاریگەریی قەبارەی (Effect size) دەکاتە (١.٣) ئەم بەهایەش گەورەترە لە (٠.٨)، کەواتە بواری خوێندنەوە کاریگەرییەکی زۆر گەورەی لەسەر دیسلێکسیا هەیە.

لێرەوە دەتوانین پشت ڕاستی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بکەینەوە لەلایەن (Davis ,1992; Shaywitz, 2003, p. 125-127; National Center for Learning Disabilities, 2012, p. 14-15; Mayo Clinic Dyslexia, 2019; Croft, Mercer, 2013, p.1; Barton, 2012 & American Psychiatric Association, 2013, p.66)، پێیان وایە لەگەڵ ئەوەی ماوەیەکی زۆرە دیسلێکسەکان دەخوێننەوە، بەڵام پێویستیان بە توانا و کاتێکی زۆرە بۆ خوێندنەوە، خوێندنەوەیان

لەسەرەخۆیە بە تایبەتی کاتێک بە دەنگی بەرز دەخوێننەوە، لە کاتی خوێندنەوە هەڵە دەکەن، جێ گۆڕکێ بە پیتەکان دەکەن، پیتەکان کەم و زیادیان دەکەن، هەندێکجار لە جیاتی خوێندنەوەی وشەیەک بە نزیکەیی وشەکە دەخوێننەوە، بە کەمی چێژ لە خوێندنەوە دەبینین خۆیان لەو چالاکیانە دووردەخەنەوە کە پێویستیان بە خوێندنەوە هەیە (Mayo Clinic Dyslexia, 2019)، لە کاتی خوێندنەوەدا باوەڕبەخۆبوونیان لاوازە (National Center for Learning Disabilities, 2012, p. 14-15)، کاتێک دەیانەوێت وشەیەکی درێژ بخوێننەوە، ناتوانن سەرجەم دەنگی وشەکان لە شوێنی خۆیان بخوێننەوە (Croft & Mercer, 2013, p.1). لە دوای دەرهێنانی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەرکەوت کە دیسلێکسیای بواری خوێندنەوە لای بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە بەڵگەداری ئاماریی هەبووە و بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە ئاستی دیسلێکسیای بواری خوێندنەوەیان زۆر بەرزە. بۆیە بۆمان دەردەکەوێت ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە سەبارەت بە بواری خوێندنەوە لەلایەن کۆمەڵێک توێژینەوە و دەزگا و تیۆرەوە پشت ڕاست دەکرێتەوە.

خشتەی (٢٤) زانینی ئاستی بواری خوێندنەوە

| ناونیشان | قەبارەی نموونەکە | ناوەندە ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەری | تاقیکردنەوەی T. Test | نمرەی ئازاد | P. Sig. (2-tailed) | ئاستی گوزارشتی ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بواری خوێندنەوە | ٤١٤ | ٨٦.٩٢٠٣ | ٧٢ | ١١.٤٦٤٦٩ | ٢٦.٤٨٠ | ٤١٣ | ٠.٠٠٠ | بەڵگەداری ئاماری هەیە |

یاسای (One Sample T. Test) بۆ بواری نووسین بەکارهێنرا، نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٤١٤) بەشداربوو. ئەنجامی (ناوەندە ژمێرەیی= ٧٢.٨٢٦١) بە (لادانی پێوەری =٦.٧٥٧٢)، (ناوەندی گریمانەیی= ٥١)، (نمرەی ئازاد=٤١٣). (T= ٦٥.٧٢٢، P= ٠.٠٠٠ < ٠.٠٥)، لەبەرئەوەی ناوەندی گریمانەیی لە ناوەندە ژمێرەیی بچووکترە و

له هەمان کاتدا بەهای (P=٠.٠٠٠)کە ئەم بەهایە بچووکترە لە (٠.٠٥)، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت بواری نووسین لە دیسلێکسیادا بەڵگەداری ئاماریی هەیە، بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە ئاستی دیسلێکسیایان لە بواری نووسین زۆر بەرزە. هەروەها کاریگەریی قەبارەی (Effect size) دەکاتە (٣.٢٣) ئەم بەهایەش گەورەترە لە (٠.٨)، کەواتە بواری نووسین کاریگەرییەکی زۆر گەورەتری لەسەر دیسلێکسیا هەیە، هەروەها کاریگەریەکەی لەسەر جەم بوارەکانی تری دیسلێکسیا گەورەترە.

پاش بەراوردکردنی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بە ئەدەبیاتی پێشوو ئەوە دەرکەوت ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە لەلایەن ئەدەبیاتی توێژینەوەکەوە پشت ڕاست دەکرێتەوە بۆ بواری نووسینی دیسلێکسیا. هەروەکو لە ئەدەبیاتدا هاتووە دیسلێکسەکان کێشەی ڕێنووسکردنیان هەیە، واتە لە کاتی نووسیندا هەڵەی زۆر دەکەن، جێگۆڕکی بە پیتەکان دەکەن یاخود پیتەکان کەم و زیاد دەکەن، زۆر هێواشن لە نووسیندا، خەتیان تێکەڵە و زەحمەتە بۆ خوێندنەوە ( Davis ,1992; Shaywitz, 2003, p. 125-127; National Center for Learning Disabilities, 2012, p. 14-15; Mayo Clinic Dyslexia, 2019; Croft, Mercer, 2013, p.1; Barton, 2012 & American Psychiatric Association, 2013, p.66). ناتوانن لە کاتی نووسیندا بە تەواوی یاسا ڕێزمانییەکان پەیڕەو بکەن، دیسلێکسەکان دەبێت نووسینەکانیان چەند جارێک چاک بکەنەوە و هێشتا هەڵە دەکەن، توانای ڕێکخستنی نووسینەکانیان نییە (National Center for Learning Disabilities, 2012, p. 14-15). لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەدا ئەوە دەرکەوت کە ئاستی بواری نووسینی دیسلێکسیا لەسەرجەم بوارەکان بەرزترە، ئەمەش لەوە دەچێت هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە لە قوتابخانەکاندا گرنگییەکی ئەوتۆ بە بابەتی خۆشنووسی نادرێت بە قوتابیان و بە

تایبەتتر قوتابیانی دیسلێکس پشتگوێ خراون لەبەرئەوەی دیسلێکسەکان هیچ ڕاهێنانێکیان لە قوتابخانەکان سەبارەت بە بابەتی خۆشنووسی پێنەکراوە.

خشتەی (٢٥) زانینی ئاستی بواری نووسین

| ناونیشان | قەبارەی نموونەکە | ناوەندە ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەری | تاقیکردنەوەی T. Test | نمرەی ئازاد | P. Sig. (2-tailed) | ئاستی گوزارشتی ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بواری نووسین | ٤١٤ | ٧٢.٨٢٦١ | ٥١ | ٦.٧٥٧٢ | ٦٥.٧٢٢ | ٤١٣ | ٠.٠٠٠ | بەڵگەداری ئاماری هەیە |

یاسای (One Sample T. Test) بۆ بواری قسەکردن بەکارهێنرا، نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٤١٤) بەشداربوو. ئەنجامی (ناوەندە ژمێرەیی= ٢٩.٥٨٩٤) بە (لادانی پێوەری =٤.٠٣٥٠١)، (ناوەندی گریمانەیی= ٢٤)، (نمرەی ئازاد=٤١٣). (T= ٢٨.١٨٥، P= ٠.٠٠٠ < ٠.٠٥)، لەبەرئەوەی ناوەندی گریمانەیی لە ناوەندە ژمێرەیی بچووکترە و لە هەمان کاتدا بەهای (P=٠.٠٠٠) کە ئەم بەهایە بچووکترە لە (٠.٠٥)، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە بواری قسەکردن لە دیسلێکسیادا بەڵگەداری ئاماریی هەیە، بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە ئاستی دیسلێکسیایان لە بواری قسەکردن زۆر بەرزە. هەروەها کاریگەریی قەبارەی (Effect size) دەکاتە (١.٣٨) ئەم بەهایەش گەورەترە لە (٠.٨)، کەواتە بواری قسەکردن کاریگەرییەکی زۆر گەورەی لەسەر دیسلێکسیا هەیە.

دوای بەراوردکردنی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بە ئەدەبیاتی پێشوو ئەوە دەرکەوت ئەنجامی بواری قسەکردنی دیسلێکسیا بە ئەدەبیاتی پێشوو پشت ڕاست دەکرێتەوە. بەپێی ئەدەبیاتی پێشوو ئەو وشانەی دیسلێکسەکان دەریدەبڕن لە کاتی قسەکردندا زۆر سادەن بە بەراورد لەگەڵ تەمەنیان، خۆیان لە دەربڕینی ئەو وشانە دوور دەخەنەوە کە لەوە دەچێت بە هەڵە بیخوێننەوە بەهۆی درێژیی وشەکان یان نوێیی

وشەکان، لە قسەکردندا هەندێکجار ڕەوان نین بۆیە (ئم، ئا، ئۆ، ئێ هتد) زۆر بەکاردەهێنن، دووچاری دڵەڕاوکێ دەبن لە کاتی قسەکردندا، ناوی شوێن و شت و کەسەکان بەهەڵە دەخوێننەوە ( Davis ,1992; Shaywitz, 2003, p. 125-127)، کاتێک دەبێت لەناو خەڵکدا قسە بکەن هەندێکجار سەریان لێتێکدەچێت و هەڵەی زۆر دەکەن ( Croft & Mercer, 2013, p.1). بۆیە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بۆ بواری قسکردنی دیسلێکسیا بەڵگەداری ئاماریی هەبوو، بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە ئاستی بواری قسەکردنی دیسلێکسیایان بەرز بوو.

خشتەی (٢٦) زانینی ئاستی بواری قسەکردن

| ناونیشان | قەبارەی نموونەکە | ناوەندە ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەری | تاقیکردنەوەی T. Test | نمرەی ئازاد | P. Sig. (2-tailed) | ئاستی گوزارشتی ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بواری قسەکردن | ٤١٤ | ٢٩.٥٨٩٤ | ٢٤ | ٤.٠٣٥٠١ | ٢٨.١٨٥ | ٤١٣ | ٠.٠٠٠ | بەڵگەداری ئاماری هەیە |

لە کۆتاییدا یاسای (One Sample T. Test) بۆ بواری زانینی بەکارهێنرا، نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٤١٤) بەشداربوو. ئەنجامی (ناوەندە ژمێرەیی= ٧٢.٢٥٨٥) بە (لادانی پێوەری =٨.٥٣٧٢٥)، (ناوەندی گریمانەیی= ٥٧)، (نمرەی ئازاد=٤١٣). (T= ٣٦.٣٦٦، P= ٠.٠٠٠ < ٠.٠٥)، لەبەرئەوەی ناوەندی گریمانەیی لە ناوەندە ژمێرەیی بچووکترە و لە هەمان کاتدا بەهای (P=٠.٠٠٠) کە ئەم بەهایە بچووکترە لە (٠.٠٥)، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت بواری زانینی لە دیسلێکسیادا بەڵگەداری ئاماریی هەیە، بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە ئاستی دیسلێکسیایان لە بواری زانینی زۆر بەرزە. هەروەها کاریگەریی قەبارەی (Effect size) دەکاتە (١.٧٨) ئەم بەهایەش

گەورەترە لە (٠.٨)، کەواتە بواری زانینی کاریگەرییەکی زۆر گەورەی لەسەر دیسلێکسیا هەیە.

پاش بەراوردکردنی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بە ئەدەبیاتی پێشوو، ئەمجارەشیان ئەوە دەرکەوت کە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بە ئەدەبیاتی پێشوو پشت ڕاست دەکرێتەوە. هەروەکو لە ئەدەبیاتی پێشودا هاتووە دیسلێکسەکان هەندێکجار توانای بەبیرهاتنەوەی ئەلفوبێیان نییە بە تەواوی (Croft & Mercer, 2013, p.1)، یادگەیان زۆر لاوازە بە زوویی شتەکانیان بیردەچێتەوە، لەوانە بەبیرهاتنەوەی ناوی کەس و شوێن وشتەکان( Davis ,1992; Croft & Mercer, 2013, p.1; Shaywitz, 2003, p. 125-127)، هەندێکجار ئەو وشانە تێکەڵ دەکەن کە لەیەکترەوە نزیکن، کێشەی گەڕاندنەوەی زانیارییەکانیان هەیە لە یادگەوە، ناتوانن زۆر بە خێرایی وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە لە کاتی گفتوگۆکردندا، هەروەها ناتوانن بە خێرایی ناوی شتەکان بێنن (Shaywitz, 2003, p. 125-127)، ناتوانن چیرۆک و نووسینەکان پوخت بکەنەوە ( National Center for Learning Disabilities, 2012, p. 14-15; Barton, 2012). ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەی دەرخست بواری زانینی دیسلێکسیا بەڵگەداری ئاماریی هەیە و بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە ئاستی دیسلێکسیایی بواری زانینیان بەرزە.

خشتەی (٢٧) زانینی ئاستی بواری زانینی

| ناونیشان | قەبارەی نموونەکە | ناوەندە ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەری | تاقیکردنەوەی T. Test | نمرەی ئازاد | P. Sig، (2-tailed) | ئاستی گوزارشتی ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بواری زانینی | ٤١٤ | ٧٢.٢٥٨٥ | ٥٧ | ٨.٥٣٧٢٥ | ٣٦.٣٦٦ | ٤١٣ | ٠.٠٠٠ | بەڵگەداری ئاماری هەیە |

## ٤.٢ ئامانجی سێیەم:

ئامانجی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە بریتیبوو لە زانینی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی ڕەگەز لەسەر ئاستی بوارەکانی (تێگەیشتن، خوێندنەوە، نووسین، قسەکردن و زانینی) دیسلێکسیا. بۆ ئەم مەبەستە یاسای تاقیکردنەوەی تائی نموونەی سەربەخۆ (Independent Sample T. Test) بۆ دۆزینەوەی جیاوازیی ئاماری لە نێوان دوو گۆڕاوی سەربەخۆ بەکارهات، ئەم یاسایە جیاوازی دەدۆزێتەوە لە نێوان دوو ناوەندە ژمێرەیی سەربەخۆدا ( Archie, 1985, p. 629; Cressie & Whitford, 1986, p. 132; Allua & Thompson, 2009, p. 168). هەروەها بە بەکارهێنانی ئاستی گوزارشتی (٠.٠٥) کە ئەگەر (p > ٠.٠٥) ئەوا بەڵگەداری ئاماری هەیە ( Dahiru, 2008, p. 23; Greenland, 2016, p.240). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەگەر بەهای (P> ٠.٠٥) ئەوا جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان دوو گۆڕاوی سەربەخۆدا هەیە، بە واتای ئەوە دێت گۆڕاوێک لە گۆڕاوێکی تر زیاتر کاردەکاتە سەر دیسلێکسیا. پاشان بۆ دەرهێنانی کاریگەریی قەبارە بۆ سەرجەم بوارەکان یاسای (Cohen'd) بەکارهێنرا. بەپێی (Cohen, 1988, p. 26; Lakens, 2013 p. 3; Howell, 2012, p.230) کە خشتە و یاسای (Cohen) یان بەکارهێناوە بۆ دۆزینەوە کاریگەریی قەبارە ( Effect size) بۆ (T.Test)، خشتەکە بەم شێوەیە بوو، (٠.٢) کاریگەریی قەبارەی بچووک، (٠.٥) کاریگەریی قەبارەی مامناوەند و (٠.٨) کاریگەریی قەبارەی گەورە.

بۆ زانینی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی ڕەگەزی نێر و مێ لەسەر بواری تێگەیشتنی دیسلێکسیا یاسای (Independent Sample T. Test) بەکارهێنرا، لە ئەنجامدا ئەوە دەرکەوت کە ڕەگەزی نێر (٣١٠) بەشداربوو بە ناوەندە ژمێرەیی (٤٥) بە لادانی پێوەری (٥.٦٥٨٥٧)، و ڕەگەزی مێ (١٠٤) بەشداربوو بە ناوەندە ژمێرەیی (٣٨.٨٠٧٧) بە لادانی پێوەری (٤.٠٦٢٨٠)، (نمرەی ئازاد=٤١٢). بەهای (T= ٨.٦٣٧، P=

۰.۰۰۰ < ۰.۰٥). لەبەرئەوەی ناوەندە ژمێرەیی ڕەگەزی نێر لە ناوەندنی ژمێری ڕەگەزی مێ گەورەترە و لە هەمان کاتدا بەهای (P=۰.۰۰۰) کە ئەم بەهایە بچووکترە لە (۰.۰٥) کەواتە بەڵگەداری ئاماری هەیە، بواری تێگەیشتنی دیسلێکسیا لە لای ڕەگەزی نێر بەرزترە بە بەراورد لەگەڵ ڕەگەزی مێ. هەروەها کاریگەریی قەبارەی (Effect size) دەکاتە (۱.۲٦)، کەواتە ڕەگەز کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بواری تێگەیشتنی دیسلێکسیا هەیە.

هەروەها بۆ زانینی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی ڕەگەزی نێر و مێ لەسەر بواری خوێندنەوەی دیسلێکسیا یاسای (Independent Sample T. Test) بەکار هێنرا، لە ئەنجامدا ئەوە دەرکەوت کە ڕەگەزی نێر (۳۱۰) بە شداربوو بە ناوەندە ژمێرەیی (۸۹.۳۹٦۸) بە لادانی پێوەری (۱۱.٦۱۱۷۸)، و ڕەگەزی مێ (۱۰٤) بەشداربوو بە ناوەندە ژمێرەیی (۷۹.٥۳۸٥) بە لادانی پێوەری (۷.۰۰۳۳٦)، (نمرەی ئازاد=٤۱۲). بەهای (T= ۸.۱۷۰، P= ۰.۰۰۰ < ۰.۰٥). لەبەرئەوەی ناوەندە ژمێرەیی ڕەگەزی نێر لە ناوەندە ژمێرەیی ڕەگەزی مێ گەورەترە و لە هەمان کاتدا بەهای (P=۰.۰۰۰)کە ئەم بەهایە بچووکترە لە (۰.۰٥) کەواتە بەڵگەداری ئاماری هەیە، بواری خوێندنەوەی دیسلێکسیا لە لای ڕەگەزی نێر بەرزترە بە بەراورد لەگەڵ ڕەگەزی مێ. هەروەها کاریگەریی قەبارەی (Effect size) دەکاتە (۱.۰۲)، کەواتە ڕەگەز کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بواری نووسینی دیسلێکسیا هەیە.

لە هەمان کاتدا بۆ زانینی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی ڕەگەزی نێر و مێ لەسەر بواری نووسینی دیسلێکسیا بە بەکارهێنانی یاسای ( Independent Sample T. Test)، لە ئەنجامدا ئەوە دەرکەوت کە ڕەگەزی نێر (۳۱۰) بەشداربوو بە ناوەندە ژمێرەیی (۷٥.۳۱۹٤) بە لادانی پێوەری (٥.۰٦۱۲٤)، و ڕەگەزی مێ (۱۰٤) بەشداربوو بە ناوەندە ژمێرەیی (٦٥.۳۹٤۲) بە لادانی پێوەری (٥.٦۳٥۲۲)، (نمرەی ئازاد=٤۱۲). بەهای

(T= ١٦.٨٠٩، P= ٠.٠٠٠ < ٠.٠٥). لەبەرئەوەی ناوەندە ژمێرەیی ڕەگەزی نێر لە ناوەندنی ژمێری ڕەگەزی مێ گەورەترە و لە هەمان کاتدا بەهای (P=٠.٠٠٠) کە ئەم بەهایە بچووکترە لە (٠.٠٥) کەواتە بەڵگەداری ئاماری هەیە، بواری نووسینەوەی دیسلێکسیا لە لای ڕەگەزی نێر بەرزترە بە بەراورد لەگەڵ ڕەگەزی مێ. هەروەها کاریگەریی قەبارەی (Effect size) دەکاتە (١.٨٥)، کەواتە ڕەگەز کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بواری نووسینی دیسلێکسیا هەیە.

بۆ زانینی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی ڕەگەزی نێر و مێ لەسەر بواری قسەکردنی دیسلێکسیا بە بەکارهێنانی یاسای (Independent Sample T. Test)، لە ئەنجامدا ئەوە دەرکەوت کە ڕەگەزی نێر (٣١٠) بەشداربوو بە ناوەندە ژمێرەیی (٣٠.٥٤٨٤) بە لادانی پێوەری (٣.٦٤٢٩٥)، و ڕەگەزی مێ (١٠٤) بەشداربوو بە ناوەندە ژمێرەیی (٢٦.٧٣٠٨) بە لادانی پێوەری (٣.٨٠١٤٦)، (نمرەی ئازاد=٤١٢). بەهای (T= ٩.١٤٧، P= ٠.٠٠٠ < ٠.٠٥). لەبەرئەوەی ناوەندە ژمێرەیی ڕەگەزی نێر لە ناوەندنی ژمێری ڕەگەزی مێ گەورەترە و لە هەمان کاتدا بەهای (P=٠.٠٠٠) کە ئەم بەهایە بچووکترە لە (٠.٠٥) کەواتە بەڵگەداری ئاماری هەیە، بواری قسەکردنی دیسلێکسیا لە لای ڕەگەزی نێر بەرزترە بە بەراورد لەگەڵ ڕەگەزی مێ. هەروەها کاریگەریی قەبارەی (Effect size) دەکاتە (١.٠٢)، کەواتە ڕەگەز کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بواری قسەکردنی دیسلێکسیا هەیە.

لە کۆتاییدا بۆ زانینی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی ڕەگەزی نێر و مێ لەسەر بواری زانینی دیسلێکسیا بە بەکارهێنانی یاسای (Independent Sample T. Test)، لە ئەنجامدا ئەوە دەرکەوت کە ڕەگەزی نێر (٣١٠) بەشداربوو بە ناوەندە ژمێرەیی (٧٤.٢٩٣٥) بە لادانی پێوەری (٨.٢٤٦٦٦)، و ڕەگەزی مێ (١٠٤) بەشداربوو بە ناوەندە ژمێرەیی (٦٦.١٩٢٣) بە لادانی پێوەری (٦.٢١٣١٧)، (نمرەی ئازاد=٤١٢). بەهای (T=

٩.١٧٩، P= ٠.٠٠٠ > ٠.٠٥). لەبەرئەوەی ناوەندە ژمێرەیی ڕەگەزی نێر لە ناوەندنی ژمێری ڕەگەزی مێ گەورەترە و لە هەمان کاتدا بەهای (P=٠.٠٠٠) کە ئەم بەهایە بچووکترە لە (٠.٠٥) کەواتە بەڵگەداری ئاماری هەیە، بواری زانینی دیسلێکسیا لە لای ڕەگەزی نێر بەرزترە بە بەراورد لەگەڵ ڕەگەزی مێ. هەروەها کاریگەریی قەبارەی (Effect size) دەکاتە (١.٠٢)، کەواتە ڕەگەز کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بواری زانینی دیسلێکسیا هەیە.

ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە هاوشێوەی توێژینەوەکانی (مەحموود، ٢٠١٦ و عبدولکەریم، ٢٠١٥)ە، هەروەها هاوشێوەی تیۆر و توێژینەوەکانی ( Geschwind & Behan, 1982; Rutter et al., 2004, p. 5; Arnett et al.,2017, p. 8; Serrallach et al, 2016, p. 4; Lambe, 1999, p. 530;)ە، پێیانوایە ڕەگەزی نێر ئەگەری تووشبوونی بە دیسلێکسیا لە ڕەگەزی مێ زیاترە. هەروەها توێژینەوەی تاقیکاری لە ڕێگای بەکارهێنانی ئامێری (MRI) لە ( Georgetown University Medical Center) لە ساڵی ٢٠١٣ ئەوەی سەلماند کە مێشکی ڕەگەزی نێر و مێ لە کاتی قسەکردندا بە جیاواز کاردەکەن و ڕەگەزی نێر دوو تا سێ جار ئەگەری تووشبوونی بە دیسلێکسیا لە ڕەگەزی مێ زیاترە. هەروەها بەپێی توێژینەوەی ( Quinn, & Wagner, 2015,p.433) ڕەگەزی نێر زیاتر لە ڕەگەز مێ دووچاری گرفتی خوێندنەوە دەبێتەوە و لە توێژینەوەکەیاندا لە هەر چوار کوڕ یەکێکیان کێشەی خوێندنەوەیان هەبوو لە کاتێکدا لە هەر حەوت کچ تەنیا یەک کچ کێشەی خوێندنەوەی هەبوو. لە ئەنجامی خوێندنەوەیەک بۆ تیۆرەکان و توێژینەوەکان پێشوو ئەوە ڕووندەبێتەوە کە گۆڕاوی ڕەگەز بە گۆڕاوێکی گرنگ دادەنرێت بۆ پێوانەکردنی دیسلێکسیا، هەروەها ڕەگەز کاریگەرییەکی بەرچاوی لە تووشبوونی تاک بە دیسلێکسیا هەیە و ڕەگەزی نێر زیاتر لە ڕەگەزی مێ دووچاری دیسلێکسیا دەبێتەوە. لەگەڵ ئەوەی

لەم توێژینەوەیەدا ژمارەی بەشداربووانی ڕەگەزی نێر لە ڕەگەزی مێ زیاتر بووە، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا پشت بە ناوەندە ژمێرەیی هەردوو گۆڕاوەکە بەستراوە بۆ دۆزینەوەی جیاوازیی ڕەگەزی.

خشتەی (٢٨) زانینی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی ڕەگەزی نێر و مێ لەسەر بوارەکانی (تێگەیشتن، خوێندنەوە، نووسین، قسەکردن و زانینی) دیسلێکسیا

| بوارەکان | ڕەگەز | قەبارەی نموونەکە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | تاقیکردنەوەی T. Test | نمرەی ئازاد | P. Sig(2-tailed) | ئاستی گوزارشتی ٠،٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تێگەیشتن | نێر | ٣١٠ | ٤٥ | ٥.٦٥٨٥٧ | ٨.٦٣٧ | ٤١٢ | ٠.٠٠٠ | بەڵگەداری ئاماری هەیە |
| | مێ | ١٠٤ | ٣٨.٨٠٧٧ | ٤.٠٦٢٨٠ | | | | |
| خوێندنەوە | نێر | ٣١٠ | ٨٩.٣٩٦٨ | ١١.٦١١٨٧ | ٨.١٧٠ | ٤١٢ | ٠.٠٠٠ | بەڵگەداری ئاماری هەیە |
| | مێ | ١٠٤ | ٧٩.٥٣٨٥ | ٧.٠٠٣٣٦ | | | | |
| نووسین | نێر | ٣١٠ | ٧٥.٣١٩٤ | ٥.٠٦١٢٤ | ١٦.٨٠٩ | ٤١٢ | ٠.٠٠٠ | بەڵگەداری ئاماری هەیە |
| | مێ | ١٠٤ | ٦٥.٣٩٤٢ | ٥.٦٣٥٢٢ | | | | |
| قسەکردن | نێر | ٣١٠ | ٣٠.٥٤٨٤ | ٣.٦٤٢٩٥ | ٩.١٤٧ | ٤١٢ | ٠.٠٠٠ | بەڵگەداری ئاماری هەیە |
| | مێ | ١٠٤ | ٢٦.٧٣٠٨ | ٣.٨٠١٤٦ | | | | |
| زانینی | نێر | ٣١٠ | ٧٤.٢٩٣٥ | ٨.٢٤٦٦٦ | ٩.١٧٩ | ٤١٢ | ٠.٠٠٠ | بەڵگەداری ئاماری هەیە |
| | مێ | ١٠٤ | ٦٦.١٩٢٣ | ٦.٢١٣١٧ | | | | |

### ٤.٣ ئامانجی چوارەم:

ئامانجی چوارەمی ئەم توێژینەوەیە بریتیبوو لە زانینی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی شێوازی نووسین لە سەر ئاستی بوارەکانی (تێگەیشتن، خوێندنەوە، نووسین،

قسەکردن و زانینی) دیسلێکسیا. بۆ زانینی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی  شێوازی نووسینی ڕاستە و چەپلەر لەسەر  بواری تێگەیشتنی دیسلێکسیا بە بەکارهێنانی یاسای تاقیکردنەوەی تائی نموونەی سەربەخۆ (Independent Sample T. Test)، لە ئەنجامدا ئەوە دەرکەوت ڕاستەکان (٣٨٩) بەشداربوو بە ناوەندە ژمێرەیی (٤٣.٧٥٠٦) بە لادانی پێوەری (٥.٥٤١٩٧)، و چەپلەرەکان (٢٥) بەشداربوو بە ناوەندە ژمێرەیی (٤٢.٨٤٠٠) بە لادانی پێوەری (٨.٥٥٧٠٦)، (نمرەی ئازاد=٤١٢). بەهای (T= ٠.٧٦٦-، P= ٠.٤٤ > ٠.٠٥). لەبەرئەوەی بەهای (P=٠.٤٤٤) گەورەترە لە (٠.٠٥) کەواتە بەڵگەداری ئاماری نییە، شێوازی نووسین کار ناکەتە سەر بواری تێگەیشتنی دیسلێکسیا. هەروەها بۆ زانینی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی  شێوازی نووسینی ڕاستە و چەپلەر لەسەر بواری خوێندنەوەی دیسلێکسیا بە بەکارهێنانی یاسای ( Independent Sample T. Test)، لە ئەنجامدا ئەوە دەرکەوت ڕاستەکان (٣٨٩) بەشداربوو بە ناوەندە ژمێرەیی (٨٦.٦٥٣٠) بە لادانی پێوەری (١١.٤١٢٨٤)، و چەپلەرەکان (٢٥) بەشداربوو بە ناوەندە ژمێرەیی (٩١.٠٨٠٠) بە لادانی پێوەری (١١.٧٠٠٨٥)، (نمرەی ئازاد=٤١٢). بەهای (T= ١.٨٧٧، P= ٠.٠٦١ > ٠.٠٥). لەبەرئەوەی بەهای (P=٠.٠٦١) گەورەترە لە (٠.٠٥) کەواتە بەڵگەداری ئاماری نییە، شێوازی نووسین کارناکەتە سەر بواری خوێندنەوەی دیسلێکسیا.

بۆ زانینی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی  شێوازی نووسینی ڕاستە و چەپلەر لەسەر  بواری نووسینی دیسلێکسیا بە بەکارهێنانی یاسای ( Independent Sample T. Test)، لە ئەنجامدا ئەوە دەرکەوت ڕاستەکان (٣٨٩) بەشداربوو بە ناوەندە ژمێرەیی (٧٢.٦٨٦٤) بە لادانی پێوەری (٦.٧٥١٨١)، و چەپلەرەکان (٢٥) بەشداربوو بە ناوەندە ژمێرەیی (٧٥.٠٠٠٠) بە لادانی پێوەری (٦.٥٩٥٤٥)، (نمرەی ئازاد=٤١٢). بەهای (T= ١.٦٦٣، P= ٠.٠٩٧ > ٠.٠٥). لەبەرئەوەی بەهای (P=٠.٠٦١) گەورەترە لە (٠.٠٥) کەواتە بەڵگەداری ئاماری نییە، شێوازی نووسین کارناکەتە سەر بواری نووسینی دیسلێکسیا.

له هەمان کاتدا بۆ زانینی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی شێوازی نووسینی ڕاستە و چەپلەر لەسەر بواری قسەکردنی دیسلێکسیا بە بەکارهێنانی یاسای (Independent Sample T. Test)، لە ئەنجامدا ئەوە دەرکەوت ڕاستەکان (٣٨٩) بەشداربوو بە ناوەندە ژمێرەیی (٢٩.٥٧٨٤) بە لادانی پێوەری (٤.٠٩٥١٥)، و چەپلەرەکان (٢٥) بەشداربوو بە ناوەندە ژمێرەیی (٢٩.٧٦٠٠) بە لادانی پێوەری (٣.٠٠٣٨٩)، (نمرەی ئازاد=٤١٢). بەهای (T= ٠.٢١٨، P= ٠.٠٩٧ > ٠.٠٥). لەبەرئەوەی بەهای (P=٠.٨٢٨) گەورەترە لە (٠.٠٥) کەواتە بەڵگەداری ئاماری نییە، شێوازی نووسین کارناکاتە سەر بواری قسەکردنی دیسلێکسیا.

لە کۆتاییدا، بۆ زانینی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی شێوازی نووسینی ڕاستە و چەپلەر لەسەر بواری زانینی دیسلێکسیا بە بەکارهێنانی یاسای ( Independent Sample T. Test)، لە ئەنجامدا ئەوە دەرکەوت ڕاستەکان (٣٨٩) بەشداربوو بە ناوەندە ژمێرەیی (٧٢.٢٢٨٨) بە لادانی پێوەری (٨.٤٨٥٣٨)، و چەپلەرەکان (٢٥) بەشداربوو بە ناوەندە ژمێرەیی (٧٢.٧٢٠٠) بە لادانی پێوەری (٩.٤٨٤٧٢)، (نمرەی ئازاد=٤١٢). بەهای (T= ٠.٢٧٩، P= ٠.٧٨١ > ٠.٠٥). لەبەرئەوەی بەهای (P=٠.٧٨١) گەورەترە لە (٠.٠٥) کەواتە بەڵگەداری ئاماری نییە، شێوازی نووسین کارناکاتە سەر بواری زانینی دیسلێکسیا. ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بە پێچەوانەی توێژینەوەکانی ئۆرتن ( Orton, 1925)ەوەیە، ئۆرتن پەیوەندیی دۆزییەوە لە نێوان دواکەوتنی فێربوونی زمان و دواکەوتنی فێربوونی خوێندنەوەی لەگەڵ فاکتەرە جیاوازەکانی وەکو کەسی چەپلەر یان بەکارهێنانی چاوی چەپ. بە واتایەکی تر، ئۆرتن ئەوەی دۆزییەوە پەیوەندییەکی ئەرێنی هەیە لە نێوان چەپلەرەکان و دواکەوتنی فێربوونی زمان و دواکەوتنی فێربوونی خوێندنەوە. لە هەمان کاتدا ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە پێچەوانەیە لەگەڵ گەشویند و بیهن (Geschwind & Behan) کە لە ساڵی ١٩٨٢ بۆچوونیان وابوو کە ئەو کەسانەی

چەپەوانەن یان چاوی چەپ زیاتر بەکاردێنن زیاتر دووچاری دیسلێکسیا دەبنەوە، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا ئەوە دەرکەوت شێوازی نووسینی ڕاستە و چەپلەر هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئاستی دیسلێکسیا لە لای دیسلێکسەکان نییە، ڕاستە و چەپلەرەکان ئاستی دیسلێکسیایان لە ڕووی ئامارییەوە بەڵگەدار نییە. دەتوانین بڵێین کە لەدوای ئۆرتن و گەشوێند و بیهن، هیچ توێژینەوەیەکی نوێ پشت ڕاستی کاریگەری شێوازی نووسینی ڕاستە و چەپلەری لەسەر لەسەر دیسلێکسیا نەکردۆتەوە.

خشتەی (٢٩) زانینی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی شێوازی نووسین لە سەر ئاستی بوارەکانی (تێگەیشتن، خوێندنەوە، نووسین، قسەکردن و زانینی) دیسلێکسیا

| بوارەکان | شێوازی نووسین | قەبارەی نموونەکە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | تاقیکردنەوەی T. Test | نمرەی ئازاد | p. Sig.(2-tailed) | ئاستی گوزارشتی ٠،٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تێگەیشتن | ڕاستە | ٣٨٩ | ٤٣.٧٥٠٦ | ٥.٥٤١٩٧ | | ٤١٢ | ٠.٤٤٤ | بەڵگەداری ئاماری نییە |
| | چەپلەر | ٢٥ | ٤٢.٨٤٠٠ | ٨.٥٥٧٠٦ | −٠.٧٦٦ | | | |
| خوێندنەوە | ڕاستە | ٣٨٩ | ٨٦.٦٥٣٠ | ١١.٤١٢٨٤ | ١.٨٧٧ | ٤١٢ | ٠.٠٦١ | بەڵگەداری ئاماری نییە |
| | چەپلەر | ٢٥ | ٩١.٠٨٠٠ | ١١.٧٠٠٨٥ | | | | |
| نووسین | ڕاستە | ٣٨٩ | ٧٢.٦٨٦٤ | ٦.٧٥١٨١ | ١.٦٦٣ | ٤١٢ | ٠.٠٩٧ | بەڵگەداری ئاماری نییە |
| | چەپلەر | ٢٥ | ٧٥.٠٠٠٠ | ٦.٥٩٥٤٥ | | | | |
| قسەکردن | ڕاستە | ٣٨٩ | ٢٩.٥٧٨٤ | ٤.٠٩٥١٥ | ٠.٢١٨ | ٤١٢ | ٠.٨٢٨ | بەڵگەداری ئاماری نییە |
| | چەپلەر | ٢٥ | ٢٩.٧٦٠٠ | ٣.٠٠٣٨٩ | | | | |
| زانینی | ڕاستە | ٣٨٩ | ٧٢.٢٢٨٨ | ٨.٤٨٥٣٨ | ٠.٢٧٩ | ٤١٢ | ٠.٧٨١ | بەڵگەداری ئاماری نییە |
| | چەپلەر | ٢٥ | ٧٢.٧٢٠٠ | ٩.٤٨٤٧٢ | | | | |

### ٤.٤ ئامانجی پێنجەم:

ئامانجی پێنجەمی ئەم توێژینەوەیە بریتیبوو لە زانینی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی زەبری مێشک (لای چەپی مێشک، لای ڕاستی مێشک، هیچ زەبرێک) بەرانبەر بە بوارەکانی (تێگەیشتن، خوێندنەوە، نووسین، قسەکردن و زانینی) دیسلێکسیا. بۆ ئەم مەبەستە هاوکێشەی ئاماری شیکاری جیاوازی (One Way ANOVA) بەکارهات، ئەم یاسا ئامارییە جیاوازیی ئاماری دەدۆزێتەوە لە نێوان سێ گۆڕاوی سەربەخۆ یاخود زیاتر ( Coolican, 2017, p. 570; McDonald, 2009, p. 123; Larson, 2008, p. 115). هەروەها بە بەکارهێنانی ئاستی گوزارشتی (٠.٠٥) کە ئەگەر (p < ٠.٠٥) ئەوا بەڵگەداری ئاماری هەیە (Dahiru, 2008, p. 23; Greenland, 2016, p.240). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەگەر بەهای (P< ٠.٠٥) ئەوا جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان سێ گۆڕاوی سەربەخۆ یاخود زیاتر. ئەمەش بە واتای ئەوە دێت گۆڕاوێک لە گۆڕاوەکانی تر زیاتر کاردەکاتە سەر دیسلێکسیا. پاشان بۆ دەۆزینەوەی کاریگەریی قەبارە (Effect Size)یاسای (Eta Squared) بەکارهات، (Michalos 2014, p. 1965) خشتەیەکی پێشکەش کردوە، کەم بەم جۆرە کاریگەریی قەبارەی خستۆتەڕوو، (٠.٠١) کاریگەریی قەبارەی بچووک، (٠.٠٦) کاریگەریی قەبارەی مام ناوەند و (٠.١٤) کاریگەریی قەبارەی گەورە.

بۆ زانینی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی زەبری مێشک بەرانبەر بواری تێگەیشتنی دیسلێکسیا هاوکێشەی (One Way ANOVA) بەکارهات، لە ئەنجامدا دەرکەوت گۆڕاوی زەبری لای چەپی مێشک پێکهاتبوو لە (١٢) بەشداربوو بە ناوەندە ژمێرەیی (٥٧.٦٦٦٧)، بە لادانی پێوەری (٣.٠٨٤٦٦)، گۆڕاوی زەبری لای ڕاستی مێشک پێکهاتبوو لە (٣) بەشداربوو بە ناوەندە ژمێرەیی (٥٠.٣٣٣٣)، بە لادانی پێوەری (٠.٥٧٧٣٠)، گۆڕاوی هیچ زەبرێک پێکهاتبوو لە (٣٩٩) بەشداربوو بە ناوەندە ژمێرەیی

(٤٣.٢٢٥٦)، بە لادانی پێوەری (٥.٢٦٣٣٤) و کۆی بەشداربووان (٤١٤) بەشداربوو بە ناوەندە ژمێرەیی (٤٣.٦٩٥٧) و بە لادانی پێوەری (٥.٧٥٨١٧). دوای جێبەجێکردنی (ANOVA) (Sum Of Squares)ی نێوان گرووپەکان دەکاتە (٢٥٦٢.٦٢٠) بە نمرەی ئازادی (٢)، (Sum Of Squares)ی ناو گرووپەکان دەکاتە (١١١٣١.٠٣٣) بە نمرەی ئازادی (٤١١) و کۆی (Sum Of Squares) دەکاتە (١٣٦٩٣.٦٥٢) بە نمرەی ئازادی (٤١٣). هەروەها (Mean Squared)ی نێوان گرووپەکان دەکاتە (١٢٨١.٣١٠) و (Mean Squared)ی ناو گرووپەکان دەکاتە (٢٧.٠٨٣)، بەهای (F= ٤٧.٣١١، P= ٠.٠٠٠ < ٠.٠٥). لە ئەنجامدا ئەوە دەرکەوت بەهای (P=٠.٠٠٠)  بچووکترە لە (٠.٠٥)، کەواتە بەڵگەداری ئاماری هەیە، لەبەرئەوەی ناوەندە ژمێرەیی ئەو بەشداربووانەی کە زەبر بەر مێشکیان کەوتووە گەورەترە لە ناوەندە ژمێرەیی ئەو بەشداربووانەی کە هیچ زەبرێک بەر مێشکیان نەکەوتووە، لە ئەنجامدا ئەوە دەردەکەوێت ئەو بەشداربووانەی زەبر بەر مێشکیان کەوتووە زیاتر دووچاری بواری تێگەیشتنی دیسلێکسیا دەبنەوە، بە تایبەتتر ئەو کەسانەی کە زەبر بەر لای چەپی مێشکیان کەوتووە، چونکە ناوەندە ژمێرەیی ئەو بەشداربووانەی زەبر بەر لای چەپی مێشکیان کەوتووە گەورەتر لە ناوەندە ژمێرەیی ئەو کەسانەی کە زەبر بەر لای ڕاستی مێشکیان کەتووە. لە پاشاندا بۆ زانینی کاریگەریی قەبارە (Eta Squared) بەکارهات کە بەهاکەی بریتیبوو لە (٠.١٨٧)، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە زەبری مێشک کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر دووچاربوونی تاک بە بواری تێگەیشتنی دیسلێکسیا هەیە.

هەروەها بۆ زانینی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی زەبری مێشک بەرانبەر بواری خوێندنەوەی دیسلێکسیا هاوکێشەی (One Way ANOVA) بەکارهات، لە ئەنجامدا دەرکەوت گۆڕاوی زەبری لای چەپی مێشک پێکهاتبوو لە (١٢) بەشداربوو بە ناوەندە ژمێرەیی (١١٠.٥٨٣٣)، بە لادانی پێوەری (٩.٥٠٠٨٠)، گۆڕاوی زەبری لای ڕاستی

